ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە: ۷۰۱ سێشەممە ۱۵ی خاکەلێوەی ۱۳۹٦ _ ٤ی ئاوریل ۲۰۱۷

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## سەردانی شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕۆژی شەممە، ۱۲ی خاکەلێوەی ۱۳۹٦ی هەتاوی هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری کۆمەڵە سەردانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا دوولایەن وێڕای هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییەکان لە ئێران، کوردستان و ناوچە باسیان لە کۆمەڵە پرسێکی گرێدراو بە دۆخی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

لەو دانیشتنەدا دوولایەن کۆک بوون لەسەر ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی کە سەرچاوەی بەشی هەرە زۆری کێشەو قەیرانەکان لە نێوخۆی ئێران و هەروەها دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەشە؛ بووەتە هۆی ئەوەی کاردانەوەکان بە دژی کۆماری ئیسلامی بەرەو ئاقارێکی دیکەدا بڕوا و ئەوەش هەم دەرفەت بۆ پرسی کورد لە ئێران و هێزە سیاسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەکاو هەم دەتوانێ بە هەڕەشەو مەترسییەک دابندرێ. هەروەها دوولایەن پێوەندیو کاری هاوبەشی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ڕابردوویان بە باشو شایانی بایەخپێدان هەڵسەنگاند.

# یادی پێشەوا قازی محەممەد و شەهیدانی کوردستان دەکەینە هەوێنی بەردەوامی خەباتمان




۱۰ی خاکەلێوە ئەمساڵ، یادی ۷۰ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەمەد، دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بوو. ۷۰ ساڵ بەردەوامی لە خەبات لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، بەخشینی گیانی هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەر و بە ئەمەگی ئەم نیشتمانە لەو ماوەدا، پێداگریی نەتەوەیەکە لەسەر ڕەوابوونی ئەو ماف و داواکارییەکانەی، کە حەوت دەیە لەمەوبەر بە هۆی وردبینی و کارسازی پێشەوای نەمری حیزبی دیموکرات، بەرهەمی مێژوویی و لە یادنەچووی کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە. بێگومان نەتەوەیەک پیرۆزییەکانی ڕابردووی لە بیر نەکاو و بەوجۆرە فیداکارانە لە پێناو ئامانجەکانی‌دا تێبکۆشێ، ڕێگەی سەرکەوتن دەبڕێ و خەون و ئاواتەکانی وەدی‌دێ.

سەروتار

## وتەکانی کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی لە ڕێورەسمی ۱۰ی خاکەلێوە

هاوڕیانی بەڕێز خۆشک و برایانی خۆشەویست

ئێمە هەموو ساڵێک لە دەی خاکەلێوە یادی شەهیدەکانمان دەکەینەوە بۆ ڕێز گرتن لەو فیداکاریەی کە ئەوان کردوویانە. ئەمساڵ ئەم یادەمان کە بەیادی ڕۆژی شەهید بوونی پێشەوا قازی محەمەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکەم سەرۆک کۆماری کورد دەکەینەوە هاوکاتە لەگەڵ یادی ۷۰ساڵەی شەهیدبوونی قازی محەمەدیش. ۷۰ساڵە ئەم کاروانە بەردەوام بەڕێوەیە، لە۷۰ساڵ دوای شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەمەد کاتێ لە کۆڕێکی ئاوا بەریندا یادی شەهیدبوونی پێشەوا دەکرێتەوە دەری دەخا کە ئەوەی پێشەوا نەمری کورد دەستی پێکردبووکارێک بوو بۆ نەتەوەی کورد بۆمیللەتەکەی، هەروەک بۆ خۆی باسی دەکا و وەعدی درێژە پێدانی‌دابوو لە کاتی شەهید بوونی دەڵێ، کە بە مردنی منیش ئەوە کوتایی نایەت.

بوونی ئەو هەموو تێکۆشەرە لەم کاروانە دوورو درێژەدا بە دوای شەهید بوونی قازی محەمەددا نیشان دەدات، قازی محەمەد لە سەر ئامانجێک سەری خۆی دانا، لە پێناو ئامانجێکدا شەهید بوو کە دەیزانی بە ئێوە و بە هەزارانی وەک ئێوە ، لە پیناو ڕێبازی وەدیهاتنی ئامانجەکانی‌دا گیان دەبخشن. هەروەک دەزانن لە۷۰ساڵی ڕابردوودا، بە هەزاران کەس لە درێژەی ئەم ڕێگەیەدا گیانی خۆیان بەخشی و پێشکەش بە میللەتەکەیان کردوە. لە نێو ئێوەدا زۆر کەس هەن، باوک، برا، خۆشک، دایک لە بنەماڵەکانتان‌دا پێشکەش بەو ڕێبازە کردوە ئەمە نیشانەی دروست‌بوونی پەیامەکەی قازی محەمەدە.

قازی محەمەد ئەگەر باسی کەسایەتیەکەی بکەین ڕەنگ بێ ئیشارە بە یەک دوو شت کافی بێ. یەکەم ئەوەی کە کەسێک لە دەورانێک دا هەنگاوی وەپێش‌نا کە داهاتووی وڵاتەکەی داهاتووی میللەتەکەی زۆر ناڕوون بوو. ئەو نیشانی‌دا ئینسانێکی بیرتیژە لە باری سیاسیەوە کە دەرکی بە هەلومەرجەکە کرد، و هەر ئەوبیرتیژیە بوو کە کوردی کردە خاوەن مێژوویەکی پڕ لە شانازی ئەویش دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو...

ل۳

## هەڵسەنگاندن و پێزانینمان لە ئاست پەیامە پیرۆزەکانی نەورۆزی جامانەکان

ڕێورەسم و چالاکییە نەورۆزییەکانی ئەمساڵیش بە هێندێک جیاوازیی تایبەتەوە هەروەک چەند ساڵی ڕابردوو لە شێوەی میتینگ و کارنەڤاڵی هەزاران کەسی‌دا بەڕێوەچوون. خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی دیکەیش هاوکات لە گەڵ پێشوازی لە سەری ساڵی نوێی هەتاوی و پیرۆزکردنی جێژنی نەورۆز، ئەم بۆنە مێژوویی و کولتوورییەیان کردەوە بە دەرفەتێک بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان بە گوێی دۆست و دوژمن.

سەرەڕای هەڕەشەکان و سازکردنی گەلێک بەربەست لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە کوردستان، ئەمساڵ خەڵکی شارو ناوچەکانی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی‌تر لە ساڵانی ڕابردوو، ڕێورەسمە نەورۆزییەکانیان بەڕێوە برد. هەرچەند دام و دەزگا ئیداری- ئەمنیەتیەکانی ڕێژیم لە شارەکانی کوردستان ئیزنی پێکهێنانی میتینگی گەورەیان لە گۆڕەپانی شارەکان نەدا، بەڵام بە دەیان کارنەڤاڵ و کۆبوونەوەی گەورەی هەزاران کەسی لە ئاواییەکان بەڕێوە چوون کە بەشداریی خەڵکی شارەکان تێیان‌دا بەرچاو بوو.

هاوپێوەندی و هاوهەنگاوی نێوان تێکۆشەران و چالاکانی مەدەنیی نێوخۆ و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیام و ناوەرۆک و شکۆیەکی تایبەت و پڕ مانای دایە ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکانی ئەمساڵ. ئەم نەورۆزە لە سەر داوای کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆی وڵات و پێشوازی و پشتیوانیی هێزو لایەنە سیاسییەکان لە پێشنیارەکە، بە "نەورۆزی جامانەکان" ناودێر کرا. ...

ل۳

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ۱۰ی خاکەلێوە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بە بۆنەی ۱۰ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ڕێورەسمێک لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە مەزارگەی بەشێک لە تێکۆشەرانی دیموکراتو بە سروودی ئەی شەهیدان و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی خۆرەتاویی پێشەوای کوردانو، سەرجەم شەهیدانی سوورخەڵات دەستی پێکرد.

بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە لە ساڵۆنی کۆڕو کۆبوونەوەکانی حیزب‌دا درێژەی پێدراو، سەرەتا حەسەن خۆشکەلام، ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتییەوە پەیامێکی پێشکەش کرد.

لە بەشێکی ئەو پەیامەدا هاتبوو کە کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد تەنیا کەسایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان نییە، بەڵکوو میراتێکی هاوبەش‌و جێگەی شانازیی خەڵکی هەرچوار پارچەی کوردستانە، کەواتە بۆ پەرەپێدان بە روحی نەتەوەیی جێگەی خۆیەتی ساڵرۆژی لە سێدارەدانەکەشی وەک ڕۆژی شەهیدان هەموو خەڵکی کوردستان دیاری بکرێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر پێگەو جێگەی پێشەوا قازی محەممەد و خەباتی نەپساوەی گەلی کورد،بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

ئەندامی دەفتەری سیاسی لە وتارەکەی‌دا باسی کاریگەریی پێشەوا قازی محەممەد و ئەندێشەکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردی وەک هەوێنی خەباتی درێژماوەی کورد لە ئێران کردو لە درێژەی باسەکەی‌دا بە بەرزنرخاندنی پێشوازی کەم وێنەو بەربڵاوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵ لەوبارەوە گوتی: بەشداریی مانادار و یەکگرتووانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمساڵ لە بۆنەکانی نەورۆزدا دوای ۷۰ساڵ لە سێدارەدانی پیشەوا قازی ڕێبەر، نیشانیان دا، کە هەم بە ڕێبازی قازی محەممەد وەفادارن و هەم پەیامی یەکریزی و پێکەوەبوونیان گەیاندە لایەنە سیاسییەکان.

## وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**مستەفا مەولوودی: پێوەندیی ڕاستەوخۆو زیندووی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵک بە مەبەستی کاری سیاسیو مەیدانی درێژەی دەبێ**

«کوردستان» لە یەکەم ژمارەی نوێی خۆی لە ساڵی نوێ‌دا بە مەبەستی تاوتوێی چالاکیو تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ڕابردوو و باس لە بەرنامەو دوورەدیمەنی خەباتی حیزب لە ساڵی نوێ‌دا وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وتووێژەدا وێڕای باس لە ئەولەوییەتەکانی حیزبی دێموکرات بۆ کارو تێکۆشان لە ساڵی نوێ‌دا، باسی لە زەروورەتو پێویستیی کاری بە کردەوەی حیزبو هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، برەودان بە خەباتی دیپلۆماسی، بەهێزکردنی پشتیوانی لە خەباتی مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵکو پەیامەکانی نەورۆزی جامانەکان کردوە. ئاکامی پەروەندەی تێرۆری شەوی هەڵدا و، پرسی پێوەندیدار بە دوو لایەنی دیموکراتەکان تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو وتووێژە بووە. ...

ل۲

## مانشێت لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی «کوردستان» (بەشی دووهەم)

گەورەبوونەوەی ڕۆژنامە و بایەخدران بە مانشێت
ڕۆژنامەی «کوردستان»...

قادر وریا / ل ٤

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران و خوڵقاندنی قەیرانەکان

کاتێک لە ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاوی سیستمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی سیاسی و ...

عومەر باڵەکی / ل ٥

## پێوەندییەکانی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئورووپا و تورکیە

نارەزایەتیی و توڕەبوونێکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دا دەبیندری، کە بەشێک لە هێزە سیاسییەکان...

عەزیز شێخانی/ ل۹

درێژەی

# وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ئەوەی لێرەدا دەخرێتە بەرچاو، پوختەی ئەم وتووێژەی «کوردستان»ە لەگەڵ بەڕێز مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە ساڵی تازەدا و لە وەرزێکی نوێ لە خەباتدا ئەولەوییەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ تێکۆشان چین‌و زیاتر گرینگی بە چ شێوەیەک لە خەبات دەدەن؟

بە درێژایی مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات، تێکۆشان و چالاکییەکانی حیزبەکەمان، هەمە چەشن و فەرەڕەهەند بووە. کاروباری ڕێکخستن، دیپلۆماسی، پەیوەندی سیاسی بە حیزب‌و ڕێکخراوەی سیاسی‌و پەیوەندیی نێو دەوڵەتان، تێکۆشان لە بوارەکانی ڕاگەیاندن بە هۆی ئەو کەرەستانەی لەبەردەستی بوون، پەروەردەکردنی کادری سیاسی‌و ڕێکخراوەیی‌و پێگەیاندنی پێشمەرگە‌و فەرماندەی نیزامی‌و، سازماندان و پەروەردەکردن و تەیارکردنی هێزی پێشمەرگە‌و پشتگیری و هاندانی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە تێکۆشانی مەدەنی‌دا بۆ بەدیهێنانی خواستە مەدەنی‌و کۆمەڵایەتییەکانیان؛ ئەوانە هەموویان پاشخانی سیاسی و تێکۆشانی ئێمە بوون‌و لە داهاتووشدا بە پێی دەرفەت‌و ئیمکان درێژەیان پێ‌دەدرێ.

سەرەڕای ئەوەش لام وایە بارودۆخێکی سیاسیی تازە لە ناوچەکەمان هاتۆتە پێش، ئەوەش شوێنەواری جۆربەجۆری لە سەر ئێران بەگشتی‌و کوردستان‌و ناوچەکە دەبێ. ئەمەش دەخوازێ کە ئێمە زۆرتر و باشتر سوود لە دەرفەتە پێشبینی‌کراوەکان وەربگرین‌و پێویستە خۆمانی زیاتر بۆ ئامادە بکەین.

لە پەیامی نەورۆزیی حیزبدا پێتان لەسەر پێویستیی هاوکاری‌و یەکیەتیی بە کردەوەی نێوان حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان داگرت، دیارە ئێوە ساڵی ڕابردووش بۆ ئەم مەبەستە هەنگاوتان هەڵگرت. لەم ساڵدا چۆن بەدوای ئەو باسەدا دەچن؟

پێویستی هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ یەکتر شتێکی تازە نیە، ئەوە هەر ئێمە نین هەست بەو زەروورەتە بکەین‌و لێی بدوێین، بەڵکوو نزیک بە تەواوی هێزەکان باسی دەکەن؛ بەڵام بە ڕوونی ئێمە لامان وایە ئەوەی دەتوانێ لێکەوتەی بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لێ‌بکەوێتەوە هاوکاری‌و یەکیەتیی بەکردەوەی حیزبە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. دەرکەوتنی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ خەباتی ئەو بەشەی کوردستان لە گرەوی یەکیەتی‌و هاوهەنگاویی زیاتری هەموو هێزەکان‌دایە کە ئەو یەکیەتیی بەکردەوەیە هەم گوڕوتینێکی زیاتر بە بزوتنەوەکەمان دەبەخشی‌و، هەم خەڵکەکەشمان یەکگرتووتر دەکا و بەرەو خەباتێکی شێلگیرو یەکلاکەرەوە هانیان دەدا.

بەڵێ وەک باست کرد ساڵی ڕابردوو بۆ ئەو مەبەستە بەنیسبەت باشمان کار کردو بە خۆشی‌یەوە تا ڕادەیەکیش ئاکامی هەبوو. بۆ ئەو ساڵ‌و داهاتووش هەوڵەکانمان چڕتر دەکەین‌و هەوڵ دەدەین زۆرتر لەگەڵ یەکتر دیدارو وتووێژمان هەبێ تا بە ئاکامی باشتر بگەین. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەو بەستێنە لە ئێستادا زیاتر دەستی داوەو، پێویستە زیاتر کاری لە سەر بکرێ.

ئێمە وەک حیزبی دێموکرات هیچ بەربەست نین لە بەردەم هاوکاریی هەمەلایەنە لەگەڵ حیزبەکان‌و هیوادارین ئەوانیش هەر بەو هەست بە بەرپرسایەتی‌یە نەتەوەیی‌و نیشتمانیە لەسەر ئەو پرسە گرینگ‌و بەوەختە کار بکەن.

پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ساڵانی ڕابردوو حزووری بەرچاویان لە کوردستان‌دا هەبووە، حزووری ئەم ساڵیان چۆن‌و بە چ شێوەیەک دەبێ؟

ئێمە لە هەموو ماوەی سی‌و هەشت ساڵی خەبات‌و تێکۆشانمان لە دژی کۆماری ئیسلامی‌دا، هێزی پێشمەرگەمان تێکۆشانی سیاسی ونیزامیی لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بووە. لە دە ساڵی ڕابردووش‌دا ئەو سیاسەتەو ئەو ڕەوتەمان درێژە پێ‌داوە، بەو مانایە کە دەستەو واحیدی پێشمەرگەمان لە تێکۆشان‌و هەڵسوڕان‌دا بوون‌و بەردەوامی لەو ڕەوتە بەشێک لە کارو تێکۆشانی داهاتووشمان دەبێ، بەو مانایە کە هەر کاتێک بەرژەوەندیی وڵات‌و خەڵکی ئێمە بخوازێ بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی ناوچەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزی پێشمەرگەی ئێمە ئامادەو لەسەر هەستە. دەمەوێ بڵێم پەیوەندیی ڕاستەوخۆو زیندووی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی حزوورو کاری سیاسی‌و ڕێکخستن درێژەی دەبێ.

لە بواری دیپلۆماسی‌دا ئەمساڵ دەتانەوێ چ بکەن، زۆر جار ڕەخنە لەوە دەگیردرێ کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو بوارەدا بە هێز نین، ئەگەر وایە بۆچی؟

ئەمن پێم وایە بە پێی بارودۆخ و هەلومەرجێک کە لە جیهان‌و ناوچەدا بووە، هێزە سیاسی‌یەکان بەگشتی‌و حیزبی دێموکرات بە تایبەت لە بەستێنە ڕەخساوەکان‌دا کاری دیپلۆماسی‌یان کردوەو تا ڕادەیەکیش تێی‌دا سەرکەوتوو بوون، بۆ نموونە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی لە ڕێگەی نوێنەرایەتی‌یەکانی پێوەندیی باشی لەگەڵ ڕێکخراوەو حیزبەکان تەنانەت هێندێک لە دەوڵەتانیش هەیە. حیزبی ئێمە هەر لە ساڵانی ڕابردوودا و لە مەیدانی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی‌دا توانیویەتی بە ئەندامی ئەسڵیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست وەربگیردرێ‌و، لەگەڵ ڕێکخراوەو کۆڕو کۆمەڵەکان لە ئاستی وڵاتان‌و لە ئاستی نێودەوڵەتیش‌دا پێوەندیی باشی هەیە. لەگەڵ ئەوەش‌دا پێم‌وایە ئەوەی تا ئێستا هەرکام لە حیزبەکان‌و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوونی باش بووە بەڵام بەس نیە. کورد بەگشتی‌و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیی بە کۆدەنگی‌و یەک گوتاری سیاسیی یەکگرتوو هەیە بۆ ئەوەی بە یەک دەنگ‌و گوتار لە ناوەندە جیهانی‌یەکان‌دا دەربکەوێ. ئەگەر بەم جۆرە بێ‌و ئەو گوتارە یەکگرتووە لە نێو بزاوتی سیاسیی کورددا بیچم بگرێ، بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی زیاتری بۆ دەرخسی‌و هێزە سیاسی‌یەکان لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌و بەستێنەکانی دیپلۆماتیک‌دا باشتریان مەیدان دەدرێتێ‌و زیاتر گوێ‌یان لێ دەگیرێ.

بۆ گەیشتن بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە هەماهەنگی زۆرترەوە کار بکەین بۆ ئەوەی لە مەیدانی دیپلۆماسی‌دا زیاتر بچینە پێش.

چ وەڵامێکتان بۆ پەیامی خەڵک هەیە، بۆ ئەوەی لە نەورۆزی جامانەکان‌دا کردیان؟

من پێم وایە ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە نەورۆزی ئەمساڵ‌دا کردیان، خۆی وەڵام بۆهێزە سیاسی‌یەکان بوو، وەڵامێک بۆ هەوڵی هاوبەشی هێزە سیاسی‌یەکان لە پشتگیری داواکاریی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، کە لە چ ڕەمزو سەمبولێک سوود وەربگرن و بیکەن بە هێمای دەرکەوتن‌و یەکیەتی. هاوکات پەیامیش بوو بۆ حیزبە سیاسی‌یەکانیان، بۆیە ئێمەش پێویستە وەک هێزە سیاسی‌یەکان پەیامەکەیان ببینین، خەڵکی کوردستان لە نەورۆزی ئەمساڵ‌دا پێیان گوتین کە ئەگەر ئێوە هێزە سیاسی‌یەکان یەکهەڵوێست و یەکدەنگ بن، ئەو ئیرادەو باوەڕەش لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا هەیە کە بە کردەوە لە مەیدان‌دا بێ‌و لەسەر خواستە نەتەوەیی و ئینسانی‌یەکانی شێلگیرانەتر دەنگ بەرز بکاتەوە. بەم جۆرە پەیامی هێزە سیاسی‌یەکان‌و ویست‌و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ لە مەیدان‌دا بوون دەبێتە هێزی لە بن‌نەهاتوو و دەریایەکی خرۆشان.

بۆیە جارێکی دیکەش سڵاو بۆ ئەو ڕابوونەو بۆ ئەو بەشدارییەی کۆمەڵانی خەڵک لە نەورۆزی جامانەکان دەنێرم و بە بایەخەوە لە پەیامەکەشیان دەڕوانین.

لە پەیامە نەورۆزیەکەتان‌دا دیسان باستان لە ئامادەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی دوو لایەنی دیموکرات کرد، ئایا لەو پێوەندی‌یەدا دانیشتن‌و باسی تازەتان لە گەڵ حدکادا بووە؟

بەڵێ ماوەیەک لەوە پێش کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی پیرۆزبایی هەڵبژێرانی سکرتێری نوێ لە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد. بەڕێزیان لەو دانیشتنەدا فەرمووی «ئەمن بەمەبەستی پیرۆزبایی هاتووم بەڵام مەسەلەی دێموکراتەکان‌و کەوتنەوە سەریەکمان بۆ خەڵکی کوردستان گرینگە‌و خەڵک چاوەڕوانیی لێمان هەیە. هەر بۆیە پێویستە لە داهاتوویەکی نیزیک‌دا هەیئەتەکانمان درێژە بە وتووێژو دانوستانەکانیان بدەنەوە.» ئێمەش پێشوازیمان لەو داوایەی کاک مستەفا کردو ڕامانگەیاند کە ئێمەش ئامادەین درێژە بە ڕەوتی وتووێژەکانمان بدەین. وابوو کە دوای چەند ڕۆژێک هەیئەتی حدکا سەردانی کردین‌و لەگەڵ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوە. لە قسەوباس و دانیشتنەکەدا هەر دوو لا لەسەر پێویستی‌و زەرووڕەتی درێژەدان بە دانیشتنەکان پێیان داگرتوەتەوە. دیارە هەیئەتی حدکا دیسانەکەش خوێندنەوەی خۆیان بۆ بوونەوە بە یەک حیزبی دێموکرات بە زارەکی باس کردۆتەوەو هاوڕێیانی ئێمە وێڕای ئەوەی پێیان گوتوون کە لە قسەکانی ئێوەدا شتی باش‌و ئیجابی دەبینین، بەڵام داوا دەکەین بۆ ئەوەی هیچ گریمانەو شک‌و شوبهەیەک لە نێوەڕۆکی ئەو باسانە نەمێنێ، ئەوانە بنووسن‌و بە نووسراوە پێمانی بدەن. ئەوکات ڕوونتر دەزانین کە لە سەر چ مەسەلەیەک قسە دەکەین. ئەوانیش قەولیان دابوو کە پاش باسکردنی پێشنیارەکە لە دەفتەری سیاسیی خۆیان‌دا وڵاممان بدەنەوە.

ئێمە دەزانین ئەوان ئێستا سەرقاڵی هەندی کاری تەشکیلاتیی خۆیان‌و گرتنی کۆنگرەن، بۆیە لە ئێستادا ئێمە چاوەڕوانی دواوڵامی ئەوان دەکەین.

یەکێک لە ڕووداوە ناخۆشەکانی ساڵی ڕابردوو شەهیدبوونی پۆلێک کادرو پێشمەرگەی حیزب لە تەقینەوەکەی شەوی یەڵدادا بوو، ئەو پەروەندەیە بە کوێ گەییشت؟

ڕاستە زیاتر لە سێ مانگ لە ڕووداوە ناخۆشەکەی شەوی یەڵدای ساڵی ڕابردوو تێدەپەڕێ. ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین دەزگای ئاسایش‌و دادگای لێکۆڵینەوە لەو تاوانە بە هێندێک سەرەداو گەیشتوون‌و بۆیان ڕوون بوەتەوە چ کەسێک ئەو تێرۆر و جینایەتەی کردوە. بەڵام ئەوەی کە کاری لێکۆڵینەوەی پەروەندەکە تەواو بووبێ‌و درابێتە دادگای جینایی بۆ بڕیاردان هێشتا ئێمەیان لێ ئاگادار نەکردوەتەوە.

جەنابت وەکوو سکرتێر هیچ گەڵاڵەو پلانێکی تازەت بۆ تێکۆشانی زیاتر لەم ساڵدا لە ڕێبەریی حیزب‌دا هێناوەتە بەرباس؟

بیرۆکەی ئەوەی لە کارو تێکۆشانی داهاتوومان‌دا، دەبێ چ گەڵاڵەو پرۆژەیەکی تازەو ڕوونمان هەبێ، هەیە. بۆ ئەو مەبەستەش ئەو باسانە لە دەفتەری سیاسی‌دا تاوتوێ کراون‌و چەند کەس لە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی کە منیش یەک لەوانم ڕاسپێردراون گەڵاڵەیەک بەو مەبەستە ئامادە بکەن بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کە لە داهاتوویەکی نزیک‌دا دەگیرێ.

دیارە ئەو گەڵاڵەیە، بایەخی تایبەتی دەدا بە کاری تەشکیلاتی‌و ڕێکخستن، ڕاگەیاندن، تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەو پەروەردە کردن‌و تەیارکردنی زیاتر، هەروەها پێوەندی‌و تێکۆشانی دیپلۆماسی‌و هاوکاریی بەکردەوەی زیاتر لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## چەند چالاکییەکی حیزب

# یادی نەورۆز لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرایەوە

خەباتکاران و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دەور ئاگری مێژوویی نەورۆز، پەیمانی وەفایان لەگەڵ ڕێبازی مافخوازنەو شەهیدانی سوورخەڵاتی ئەو ڕێبازە، نوێ کردەوەو، بە یەکدڵی و یەکریزییەوە ئاوات خواز بوون کە بە هەوڵ وتێکۆشانی هەموو لایەک خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەر بکەوێ.

پاش‌نیوەڕۆی ڕۆژی ٣٠ی ڕەشەمە بە بۆنەی نوێبوونەوەی ساڵ و هاتنی نەورۆز لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئامادە بوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی، ڕێورەسمێک بەو بۆنەوە بەڕێوەچوو.

سەرەتا ئەو ڕیورەسمە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی خولەکێک بێ دەنگی بۆ یادوناوی سەرجەم شەهیدانی کورد وکوردستان دەستی‌پێکرد.

دوای خوێندنی سروودێکی نەورۆزانە لە لایەن کۆڕی هونەرییەوە، کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بە بۆنەی نەورۆزو هاتنی ساڵی نوێی کوردی پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە بەشێکی پەیامەکەی دا بە سەرەنجدان بە بارودۆخی سیاسیی ئێران‌و کوردستان ڕایگەیاند؛ هەموو ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات ودەرەوەی وڵات دڵنیا دەکەینەوە کە بە ئامادەیی تەواوەو ڕووبەڕووی ئەو دۆخە سیاسییە دەبینەوەو لە هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێک بۆ بەرەوپێشبردن‌و گەشەپێدان بە ئامانجەکانمان کەڵک وەردەگرین.

چەند گۆرانی‌و سروود و تابڵۆیەکی هەڵپەڕکێی لاوان چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو بۆنە نەورۆزییە بوون.

# کۆمیتەی سویسی حدک سمینارێکی بۆ مستەفا شەڵماشی پێکهێنا

کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ١٢ی خاکەلێوە لە شاری «بێرن»ی وڵاتی سویس سمینارێکی سیاسی بۆ مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهێنا.

لەو سمینارەدا کە نوێنەری چەندین حیزب‌و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی‌و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانیانی دانیشتووی سویس تێیدا بەشدار بوون، مستەفا شەڵماشی باسی دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و ئەگەرەکانی داهاتوو لە ناوچەکەو، هەروەها بەرنامە وپلانی زلهێزە جیهانییەکان بۆ داهاتووی ئەو ناوچە پڕ ئاڵۆزەی جیهان کردو، تیشکی خستە سەر دەورو و ڕۆڵی کورد لە هەرچەشنە گۆڕانکارییەک کە لە داهاتوودا ڕوو دەدا.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشێکی دیکەی قسەکانی تەرخان کرد بۆ هەلومەرجی نێوخۆیی ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و بە تایبەت چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی پڕ شکۆی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی کوردی لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شایانی باسە هەر هەمان ڕۆژ و دوای کۆتایی سمینارەکە بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە و بە چاوەدێری مستەفا شەڵماشی‌و حەمەڕەسوڵ کەریمی، ئەندامی ڕێبەری حیزب و بەرپرسی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزب، کۆنفرانسی نوێ‌کردنەوەی کۆمیتەی حدک لە وڵاتی سویس بەڕێوە چوو.

# لە ناوەندی سێی کوردستان یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا

ڕۆژی ١١ی خاکەلێوە بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی کوردستان ڕێوڕەسمێک لە ناوەندی سێی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گردەچاڵ بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمە سەرەتا بە ڕێپێوان بەرەو مەزارگەی تێکۆشەرانی دیموکرات دەستی پێ‌کردو سوفی ئەحمەد؛ پیری سەنگەری خەبات و تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و ئەحمەد قازی کادری حدک، تاجەگوڵینەی ڕیزو وەفایان لە سەر گڵکۆی نەمرانی دیموکرات داناو، ئامادەبووان لە گەڵ ڕێبازی پیرۆزی شەهیدان پەیمانی وەفایان دووپات کردەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕەدا لوقمان موئمینی، بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان وتارێکی لەسەر ئەو بۆنەیە پێشکەش کرد.

خوێندنی سروودی ئەی شەهیدان لە لایەن پۆلێک لە منداڵانی ناوەندی سێی حدک، خوێندنەوەی چەند هۆنراوەو سروودی دیکە لە پەسنی شەهیدو پێشکەش‌کردنی لەوحی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حدک بە بنەماڵەی سەربەرزی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوو.

# کۆتایی خولێکی پەروەردەی کادری پلە ٣ی حیزبی دیموکرات

ڕۆژی سێ‌شەممە ١٥ی خاکەلێوە، کۆمیسیۆنی ئامووزش‌و فێرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی پێدانەوەی کارنامەو ئەنجامی تاقیکردنەوەی خولی کادری دەرەجەی ٣ی کۆبوونەوەیەکی لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی خۆی بەڕێوەبرد.

ئەو کۆبوونەوەیە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ یادو ڕێزگرتن لە شەهیدانی حیزب‌و گەل، بە تایبەت مامۆستای شەهید عەلی قۆیتاسی‌و وێنەهەڵگری خولەکان سالارباقری دەستی پێکرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەسەر چەندو چۆنیی ئەو خولە فێرکارییە و نێوەڕۆکی ئەو بابەتە پەروەردەییانە بۆ بەشداران دواو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بەرزکردنەوەی زانیاری‌و پەروەردەی کادر لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا ئەرکێکی گرینگ‌و بە بایەخە کە بە بەردەوامی درێژەی پێ‌دەدا.

لە بڕگەی کۆتایی خولەکەدا بڕوانامەی بەشداریی خولەکە بەسەر بەشداران‌دا دابەش کرا.

دریژەی

## وتەکانی کەمال کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی لە ڕێورەسمی ١٠ی خاکەلێوە

کۆماریٚ کە هەرچەند تەمەنی کورت بوو، بەڵام هەتا ئیستاش بیرەوەری‌یەکی مێژوویی گەورەیە بو نەتەوەی کورد لە هەموو کوردستان.

ئەگەر پێشەوا لەو سەروبەندە توانی بە بیرکردنەوەی خۆی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان لەو ناوچانەی دەستی بە سەردا دەڕۆی لە دوری یەک کۆ بکاتەوە، نیشانەی ئەوە بوو کە قازی محەمەد دەرکی دروستی لە هەڵسەنگاندنی پێگەی کۆمەلایەتی خەڵکی کوردستان هەبوو. ئەمە زەروورەتێکە بۆ هەر سەردەمێک بو حیزبێکی سیاسی کە بتوانیٚ کۆمەڵگەکەی باش بناسیٚ و بزانیٚ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە کیٚ پێکهاتوە و ئاواتو ئامانجەکانی چیە.

ئەو بە بیرتیژی خۆی بە دەرکی دروستی خۆی لەوهەلومەرجە ناسکەدا و لە ناوچەیەکی هەر چەند بەرتەسکدا، توانی وەحدەتێکی گەشت گیر دروست بکا لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وەها کە هەموو کەس خۆی بە خاوەنی ڕێبازی قازی محەمەد، تێفکرینەکانی قازی محمد و بە خاوەنی دەسکەوتەکانی قازی محمد و کۆماری کوردستان دەزانی هەموو کەس خۆی بە پشتیوانی دەزانی و لە پشتیوانی کردنی کارەکانی قازی محەمەد دریغیان نەدەکرد .

قازی محەمەد ئەو سەردەم پەیامێکی بە هەموو کورددا کە ئەگەر کورد بیەویٚ بە ئامانجەکانی بگات پێویستە یەکگرتوو بیٚ، پێویستە کە لە پشت یەکتر بن. دوای ٧٠ساڵ تێپەر بوونی شەهید بوونی قازی محەمەد ئەم پەیامە ئیستاش پەیامێکی گرینگە بۆ نەتەوەی کورد، و دەری‌دەخا کە قازی محەمەد٧٠ساڵ لەوە پێش هەستی پێکردوە کە نە بە قودرەت و دەسەڵات و نە بە بوون بە سەرکۆمار و نە بە دامەزرانی کۆمار، بەڵکو تەنیا بە وەحدەتی میللیە کە دەتوانیٚ ئەو میللەتە بە ئامانجەکانی بگات بۆ ئێمە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەمە لە هەر سەردەمانیٚ گرینگترە. ئەو رۆژانە، پێش ١٠ی خاکەلیوە لە یادەکانی نەورۆزدا خەڵکی رۆژهەڵات ئەم پەیامەیان دیسان بە گوێی هەموماندا دا.

ئەوان لە یادەکانی نەورۆزدا دەڵێن کە ئێمە یەکگرتوانە ئەم یادە دەکەینەوە بۆ خۆنیشاندان بەرانبەر بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانیان ئەوەیە کە ئێمەش بتوانین هەروا یەکگرتوانەو بە یەکەوە درێژەدەری ئەو ڕێبازە بین کە قازی محەمەد پێشەوای نەمرمان، لە پێناوی‌دا شەهید بوو. قازی محەمەد لە باری سیاسی‌یەوە رەنگ بیٚ زۆر لێکۆڵەر لە سەریان نووسیبیٚ کە بە دروستی باسی ئەوە دەکەن کە چۆن توانیویەتی هەلومەرجی سیاسی ئەو کات هەڵسەنگێنیٚ و چون هەولیداوە لەو هەلومەرجەدا کە کۆماری دامەزراند و بە داخەوە نەیتوانی کەمترین پشتیوانی بە هێزی بۆ بە دەست بێنیٚ، بەلام توانی بووی بەهۆی دەرکی دروستی لە سیاست کردن و کەڵک وەرگرتن لەو فرستانەی کە دەستی دەکەویٚ لە نێو ئەو بازیە سیاسییە گەورەدا کە لەو سەردەمەدا، لە نێوان گەورەترین دەسەڵاتەکانی جیهانیدا راست لە ناوچەی ئێمە لە سەر ناوچەی کوردستان ئەنجام دەدرا، لەوێدا چۆن ئیستفادە بکات و ئەگەر بە داخەوە ماوەی دەسەڵاتداری‌یەکەی کورتیش بوو، بەڵام لە ماوەی دەسەڵات‌داری خۆی و دەوڵەتەکەی‌دا چون بتوانیٚ لەو ئیمکاناتەی کە پێویستە لە نێو ئەو کێبەرکی‌یانەدا بە دەستی بێنیٚ ئیستفادە بکات. ئەگەر بە داخەوە هەلومەرجی سیاسی ناوچە و کێشەکانی زلهێزەکانی دنیا ئەو مەجالەیان نەدا بە قازی مەحەمەد ئەوەی کە بە نیازی بوو بە ئەنجامی بگەیەنێت و ئازادی هەتا هەتایی بۆ کورد بکاتە دیاری، بەڵام لەو ماوەدا کە سیاسەتی کرد لەو ماوەدا کە دەوڵەت‌داری کرد لەو ماوەدا دەری خست کە کورد دەبیٚ هەر کاتیٚ کە سیاست دەکات، بیر لەوە بکاتەوە کە لە دەوروبەری کە سیاسی‌یەکان چە تەئسیرێکیان لەسەر ئەوان هەیە و چون دەتوانن لەو کایە سیاسی‌یانەدا بەشدار بن.

ئیستاش دەبینین ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست بەرەو گوڕانکاری‌یەکی قووڵە، دیسان زلهێزەکان لەو ناوچەدا خەریکی کایەکانی خۆیانن، خەریکی معاملەکانی خۆیانن، بویە ئەوەی ٧٠ساڵ لەمەوبەر پێش شەهید بوونی قازی محمد ئەو ئەنجامی دەدا ئیستایش وەکوو ئەرکێک لە بەردەمی ڕێبەرانی کورد دایە، کە چۆن بتوانن لە نێو ئەو کایە سیاسی‌یانەدا کە لە ناوچەکەیان بەرێوە دەچیٚ بتوانن ئەوەندەی مومکینە ئەوان ئیستفادەی خۆیان بکەن. ئەوەی قازی محەمەد بیری لێدەکردەوە و بەداخەوە نەیتوانی بۆ کورد بە دیاریبێنیٚ ئەویش ئازادی هەتاهەتایی بۆ کورد بوو، ئەوان بتوانن ئەو ئامانجە بپێکن و کورد بە ئازادی هەمیشەیی بگەیەنن. لە یاد کردنەوەی ٧٠ ساڵەی شەهیدکرانی قازی محەمەد لە یادکردنەوەی ئەو رۆژەدا، بۆ ئێمە زۆر گرینگە ئەگەر بڵێین پیرۆزبایی لە خۆمان بکەین لە هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی بکەین لە هەموو خەڵکی تێکۆشەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە پێناو ئامانجەکانی قازی محەمەددا، ٧٠ساڵە درێژە بە تێکۆشان دەدەن. هەزاران کەس شەهید بوون بەداخەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆریش تەمەنی خۆیان لەو ڕێگایەدا بەسەر برد و بیٚ ئەوەی بگەن بە ئامانجەکانیان، سەریان ناوەتەوە. بەڵام ئیستاش ئەو میللەتە خاوەنی هێزیکی زۆر لەو کەسانن کە لە ڕێبازی قازی محەمەددا هەنگاو بەرەو پێش دەنێن بۆ دووبارە کردنەوەی ئەو دەسکەوتانەی کە قازی محەمەد پێشکەش بە میللەتی کوردی کرد، ئەویش دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستانە. ئێمە دەبیٚ شانازی بکەین بە خۆمانەوە کە توانیومانە هاوڕێی هەموو ئەو شەهیدانە بین کە لەو ڕێبازەدا گیانیان بەخت کردوە، ئەمە سەروەری‌یەکی گەورەیە بۆ ئەوان کە شەهید بوون و بیٚ گومان ئێمە دەبیٚ ئەوەندەی شانازی دەکەین بە شەهیدبوونی ئەوانەوە هەوڵ بدەین ئەو شانازیە بۆ خۆمان دەستەبەر بکەین کە ڕێبواری هەمیشەیی ئەوان بین. میللەتی کورد قەت لەو مەیدانەدا نەبەزیوە و هەر ئیستا دەری دەخا کە ئەو ڕێبازە چەندە ڕێڕەوی هەیە چەندە پەیرەوانی هەیە و چۆن ئەو هێزەی کە تا ئیستا ٧٠ساڵ توانیویەتی موقاومەت بکا لە موقابلی هەموو پیلانەکانی دوژمندا دەتوانیٚ دیسانیش درێژەدەری ڕێبازی ئەو شەهیدانە و پێشەوای نەمرمان بین بۆ ئەوەی کە بتوانین میللەتەکەمان بە ئامانج بگەیەنین. هیوادارم بتوانین بە یەکگرتوویی خۆمان بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆمان ئامانجی شەهیدانی کوردستان بە تایبەت پەیامەکانی قازی محەمەد وەدی بێنین ،بتوانین رۆژیٚ لە کوردستانی ئازاددا لە رۆژهەڵاتی کوردستان یادی شەهیدانی کوردستان و بە تایبەت پێشەوای نەمرمان بکەینەوە، ئەو دەم کە میللەتکمان پێویستی بە قوربانیدانی زیاتر نەبیٚ.

سەربەرزی بو بنەماڵەی شەهیدان سەربەرزی بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان سلاو لە پێشەوا قازی محەمەد

هێوادارم کە ئەو کۆڕانە لە داهاتوودا بە بیٚ ئەوەی یادی شەهیدانی تازەی تێدا بکەینەوە بەڕێوە بچێت.

دریژەی

## هەڵسەنگاندن و پێزانینمان لە ئاست پەیامە پیرۆزەکانی نەورۆزی جامانەکان

ئەم پێشنیارە هەڵمەتێکی گشتگیری جەماوەریی لیٚکەوتەوەو بووە هۆی ئەوە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ هێما و پەیام و ڕوخسارێکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانەی ڕاشکاوتر لە پێشوویان هەبیٚ. لە نێوەڕاستەکانی مانگی ڕەشەمەو لە بەرەبەری هاتنی ساڵی نویٚ‌دا، کۆمەڵێک لە تێکۆشەران و چالاکانی مەدەنی لە چوارچێوەی پێشنیارێکی دیاری‌کراودا، داوایان لە سەرجەم خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە بە بەکارهێنانی جامانە(ئاغابانوو) لە ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا، پەیامی یەکڕیزی و یەکبوون بڵاوبکەنەوەو جامانە بکەنە هێمایەک بۆ هاوخەباتی و هاوهەڵوێستیی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. دوای ئەوەی ئەم بیرۆکەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکانو هێندێک لە ڕاگەیەنەکان بڵاوکرایەوە، لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە پێشوازییەکی بەرچاوی لیٚکراو و وەک لە وێنەو گرتە ویدیۆییەکان‌دا دەردەکەویٚ بەشدارانی ڕێورەسمەکانی ئەمساڵ بە کەلکوەرگرتن لەو هێمایە، جوانترین دیمەنیان لە یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆیان نیشان دا.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا خەڵکی کوردستان لە هەر مەجال و دەرفەتێک کە بۆیان رەخسابیٚ، یەکگرتووانە پەیامی مافخوازانەی خۆیان روو بە دەسەڵاتی سەرکوتکەر و مافزەوتکەر دەربڕیوەو هاوکاتیش داوایان لە هێزە سیاسی‌یەکانی خۆیان کردوە کە یەکڕیزو یەکگرتوو بن. بێگومان ئەوە لە لایەک نیشانەی بوونی هوشیاری نەتەوەییە و لە لایەکی دیکەیش کاریگەربوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ڕێکخستنی ئەم هوشیارییەدا دەگەیەنیٚ. جموجۆڵە سیاسی، فەرهەنگی، ئەدەبی، وەرزشی، ژینگەپارێزییەکان و بە گشتی بزاڤی مەدەنی لە ناوخۆی وڵات لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوودا، سەرەڕای سیاسەتی سەرکوت و بەئەمنیەتی کردنی زیاتری کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە، کاریگەریی بەرچاوی ئەرێنییان لە سەر جۆری ڕێکخستنی کۆمەڵ داناوە کە جێی خۆیەتی بە گرینگی‌یەوە لێی بڕوانین.

لە تەواوی ئەو کۆبوونەوەو میتینگ و کارنەڤاڵانەدا ئەوەی زیاتر لە هەموو بابەتێک رووی لە هێزە سیاسی‌یەکان بێت و بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان شیاوی لیٚوردبوونەوەو جێگای پێشوازییە ، داوای یەکریزی و یەکگرتوو بوونە. ئەوە ڕاستیەکە کە پێشتریش لە هەموو ئاماژەو دەنگ هەڵبڕینێکی خەڵکەکەمان‌دا بەرەوڕووی حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کراوەتەوە. بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێمە، کارنەڤاڵە جەماوەری و حەماسییە پڕشکۆیەکانی نەورۆزی ئەمساڵی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە دوای هەڕەشە و پیلانگێڕییەکانی یەکساڵی رابردووی کۆماری ئیسلامی لە دژی هێزە سیاسییەکان و، پاش ئەو هەمووە زەبر و زەنگەی ئەم ڕێژیمەلەم ساڵەدا نیشانی دا، سەلماندنەوەی ئیرادەی کۆڵنەدان و تەسلیم نەبوون و بەردەوامیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سەر خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان و هێزە سیاسییەکانی بەشدار لەو بزووتنەوەیە دابوو.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەشی خەڵکی وشیار و نیشتمانپەروەری کوردستان دەکەین کە بۆ جارێکی دیکەیش یەکگرتووانە پەیامی کۆڵنەدان و یەکڕیزی و یەکبوونی خۆیان بڵاوکردەوەو نەورۆزیان کردەوە بە دەرفەتێک بۆ لە دەوری یەک کۆ بوونەوە. راشی دەگەیەنین کە پەیام و راسپارەدەکانی خەڵکی دڵسۆز و بە هەڵوێستی کوردستانمان وەرگرتوەو هەر وەک هەمیشە ئامادەین لە ریزی هەرەپێشەوەدا بین بۆ پێکهێنانی یەکڕیزی و هاوخەباتی لە گەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە.

هەر وەک لە پەیامی نەورۆزیی هاوڕێی بەرێز مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا هاتبوو، "نابیٚ ئەوەمان لە بەرچاو ون بیٚ کە هاوکاری و یەکیەتیی کردەوەی هەموو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەرجی سەرەکیی دەرکەوتنی ئاسۆیەکی تەواو ڕوون بۆ خەباتی ئەو بەشەی کوردستانە و یەکیەتی و هاوهەنگاویی هەموو هێزەکان، هەم گوڕو تینێکی تەواوتر بە بزووتنەوەکەمان دەبەخشیٚ و هەم خەڵکەکەشمان یەکگرتووتر دەکا و بەرەو خەباتێکی شێلگیر و یەکلاکەرەوە دەیان بزوێنیٚ".

بە هیوای بەردەوامی و بە هێزتربوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری یەکگرتوویی ڕیزەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تۆمارکردنی سەرکەوتنی زیاتر لە ساڵی نویٚ دا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٦ ی خاکەلێوەی ١٣٩٦**
**٢٠١٧/٣/٢٦**

## چەند هەواڵی کوردستانی

### بیرهێنانەوەی چەند کۆمەڵکوژییەکی سپای پاسداران لە کوردستان لە مانگی خاکەلێوەدا

«چاونیوز»، ماڵپەڕی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، چەند لاپەرەیەکی لە کۆمەڵکوژیی سپای پاسداران لە مانگی خاکەلیوەی ١٣٥٩ی هەتاوی بیرهێناوە.

بە پێی ڕاپۆرتی چاونیوز لە مانگی خاکەلیوەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی و هەروەها خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی‌دا ٤ کۆمەڵکوژی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان‌دا ڕوویان دا.

لەو کۆمەڵکوژییانەدا هێزەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەلاماری گوندەکانی "قەلاتان لە نەغەدە"، " هەڵەقوش و گێجە لە ناوچەی سۆمای ورمیٚ"، " چەقەڵ مستەفا و خەلیفەلیان و گۆڕخانە لە نەغەدە"یان دا و ٤٦ کەس لە خەڵکی ئەو گوندەیان کوشت و دەیان کەسیش لەو پەلامارانەدا بریندار بوون.

قوربانیانی ئەو کۆکوژییانە خەڵکی سڤیل و بیٚ‌تاوان و بیٚ‌دەرەتانی ئەو گوندانە بوون کە منداڵی ١٠ ساڵە هەتا پیرەپیاوی ١٠٠ ساڵ تەمەنیان لە نێودا بوو.

ئەو کۆمەڵکوژییانە بەدوای فتوای جیهادی ئایەتوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دژی کوردەکانی ئێران ڕوویان دا.

قارنێیٚ، قەلاتان، سەوزی، ئیندرقاش، دیلانچەرخ، حەلبی، کۆیکان، کەرێزەی شکاکان، چەقەڵ مستەفا، خەلیفەلیان، گۆڕخانە، وسووکەند، قەرەگۆل، دیمەسوور، جافرئاباد، مەرجانئاباد، بایزاویٚ، جبرەئیل ئاوا، گوندەوێڵە، دووئاو، کوورەخانەی سارووقامیش، هەڵەقووش، گێجە و سۆفیان بەشێک لەو گوندانە بوون کە دوای فیتواکەی خومەینی و ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی کورد کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌و، ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە.

لەنێوان ساڵەکانی ١٣٥٩ تا ١٣٦٢ و لە ماوەی نزیک بە چوار ساڵدا، لانیکەم ١٤ کۆمەڵکوژی لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە گوندەکانی کوردستان ئەنجام دران. لەو کۆمەڵکوژییانەدا سەدان کەسی مەدەنی کۆمەڵکوژ کران، کە هەتا ئێستا تەنیا ناوی (٢٤٢) کەس لەوانە تۆمار کراون.

لینکی ئەو دیکۆمێنتە لە ماڵپەڕی چاونیوزدا کە تێیدا ناو و ناسناوی هەموو قوربانیانی ئەو کۆمەڵکوژییانە هاتووە:

http://www.chawnews.com

### ئێستایش سەرەکی‌ترین پشتیوانی تێرۆریزمی نێونەتەوەیی هەر ئێرانە

لە تازەترین لێدوانی‌دا وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێوەندی لە گەڵ رۆڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا دەلیٚ: ئێستایش ئێران هەر وەک رابردوو پشتیوانیی لە تاقم و گرووپە تێرۆریستی‌یەکان دەکات.

جیمز مەتیس، وەزیری بەرگریی ئامریکا لە تازەترین لێدوانی‌دا وتوویەتی: ئێران هەر وەک رابردوو خەریکی ناردنەدەرەوەی تێرۆریزم بۆ جیهان و پشتیوانی کردن لە تاقم و گرووپە توندرەو تێرۆریستی‌یەکانە.

هەواڵدەریی "رویتێرز" بڵاوی کردەوە کە ژنراڵ مەتیس لە کۆنفرانسێکی خەبەری‌دا لە لەندەن لە وڵامی پرسیاری یەکێک لە هەواڵنێران‌دا کە قسەیەکی پێنج ساڵ خۆی لە سەر بە تێرۆریست زانینی ئێران وەبیر هێنایەوە وتی: ئێران لە ماوەی ئەم پێنج شاڵەدا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووەو ئێستایش هەر پشتیوانی لە رەوتە تێرۆریستی‌یەکان دەکات و دەستی لە ئاڵۆزی و پشێویەکانی ناوچەکەدا هەیە.

وەزیری بەرگری ئەمریکا لە درێژەی قسەکانی دا وتی: پێنج ساڵ پێش ئێستا کە ئەو قسانەم کرد، سەرۆکی ناوەندی فەرماندەیی ئەمریکا بووم و ئێران سەرەکیترین هەناردەکەری تێرۆریزم بۆ هەموو جیهان بوو. بە سەداقەتەوە دەڵێم کە ئەوکات لە پێش هەموو ئەو دەوڵەتانەوە بوو کە پشتیوانی‌یان لە تێرۆر دەکرد و ئێستایش دوای تێپەرینی پێنج ساڵ بە سەر ئەو قسەیەی من‌دا، کۆماری ئیسلامی ئێران هەر وەک رابردوو، پشتیوانی سەرەکی تێرۆریزمی نێونەتەوەیی‌یە.

مانگی رێبەندانی ساڵی پاریش جیمز مەتیس لە پێوەندی‌یەکی تەلەفوونی‌دا لە گەڵ وەزیری بەرگریی عەرەبستانی سعوودی، ئێرانی بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تۆمەتبار کردبوو و دڵنیایشی کردبوەوە کە ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک بەرانبەر بەم سەرەڕۆییانەی ڕێژیمی ئێران بیٚ‌دەنگ نابیٚ و هەڵوێستی دەبیٚ.

ناوبراو لەم کۆنفرانسە خەبەری‌یەدا لە گەڵ هاوتای خۆی، وەزیری بەرگریی ژاپۆن، جارێکی دیکە ئێرانی بە "گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزم لە جهان" لە قەڵەم دا.

ژنراڵ مەتیس پێنچ ساڵ پێش ئێستا لە وڵامی پرسیاری هەواڵنیرێک دا کە لێی پرسیبوو، گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئەمریکا کیٚ‌یە، وتبووی: رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستایش گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزمە و وەک گەورەترین دوژمنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش حیسابی لە سەر دەکریٚ.

### کۆبوونەوەی نارەزایەتیی کرێکاران لە چەند شاری رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو

هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی شارەکانی بیستون و بۆکان، کرێکارانی تەگەری بارزی کوردستانیش سەبارەت بە دەرکرانی٥٠کەس لە کرێکارەکانی ناڕەزایەتییان بەرزکردەوە.

بەپێی راپۆرتی ناوەندی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە کوردستان، خاوەنکاری تەگەری بارزی کوردستان، کە لە شارۆچکەی پیشەسازیی دێولان هەڵکەوتووە، لانیکەم ٥٠ کرێکاری خۆی لەو کارخانەیە دەکرد. کرێکارانی ئەو کارخانەیە وێڕای ناڕەزایەتی دەربڕین لەهەمبەر دەرکرانی هاوکارەکانیان دەڵێن، هەموومان لە بارودۆخێکی سەخت و قورسدا بە بیٚ بوونە هیچ گرێبەستێک کار دەکەین و هەر کات خاوەنکاری پێی خۆش بوو دەرمان دەکا.

هەروەها لە شاری بۆکانیش کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی خەڵک لە بەردەم بینای شارەداری و شورای شار بەڕێوەچوو و خەڵک و بە تایبەت لاوان سەبارەت بە پێڕانەگەیشتن بە بارودۆخی ئاوەدانکردنەی ئەو شارە ناڕەزایەتیان دەوربڕی و داوایان لە شارەداری کرد کە دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە و هەڵیانکوتاسەسەر شارورداری و بەشێک لە شووشەکانی ئەو بینایەیان شکاند و بە دروشمی شورای بیٚ لیاقەت، ئێستعفا، ئێستعفا بەرەو شورای شار ڕۆیشتن.

# مانشێت لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی «کوردستان» (بەشی دووهەم)



قادر وریا

**گەورەبوونەوەی ڕۆژنامە و بایەخدران بە مانشێت**

ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ژمارە٣٣١ەوە، (سەرماوەزی ١٣٨٠، دیسامبری٢٠٠١) حەجمەکەی گەورە بووەوە. دیارە هەر لەم دەورەیەدا، پێشتریش دوو جار، پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو کاتەی لە بەغدا دەرچووە و هەروەها دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەو کاتەی لە مەهاباد دەردەچوو، بە حەجمی گەورە، «کوردستان» بڵاو ببووەوە.

گەورەبوونەوەی لاپەڕەکان و دەرچوونی «کوردستان» لە فۆڕمی ڕۆژنامەکانی دیکەدا، لە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیەی دەخواست کە پتر بایەخ بە ڕواڵەتی ڕۆژنامە و چۆنیەتی بەکار هێنانی مانشێت و تیتر و وێنە بدەن. بۆیە دەتوانین گەورەبوونەوەی لاپەڕەکانی «کوردستان» وەک سەرەتای قۆناغی بەکارهێنانی مانشێت بە مانا ڕۆژنامەنووسییەکەی دابنێین. هەر چەند ئەم قۆناغەش کاریگەریی نەریتی قۆناغەکانی پێشووی هەر پێوە ماوە، بەڵام وردە وردە مانشێت لە ڕۆژنامە دا جێی خۆی دەکاتەوە و بۆ ئەرکی خۆشی کە خۆ تەرخانکردنە بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداو و هەڵوێستی گرنگ، بە مانشێتەکەش بورد(کاریگەری)ی زەمانیی زیاتری هەبێ. بەڵام فاکتەری دیکەش دەوریان لە دیاریکردنی مانشێت دا هەبووە. بۆنەیەکی حیزبی و نەتەوەیی و گشتی کە ژمارەی تازەی ڕۆژنامەکەی تێدا دەرچووە، یا گرنگیی بەیاننامەو ڕاگەیەندراوێکی حیزبی کە لە ژمارەی تازە دا بڵاو بووەتەوە، هەر وەها ڕووداوێکی خۆش یا ناخۆش کە لە ماوەی دەرچوونی دوو ژمارە دا بە سەر حیزب هاتوون، مانشێتی گونجاو لە گەڵ خۆیان بە سەر ڕۆژنامەکەدا فەرز کردوە. جاری واش بووە لە سەروبەندی دەرچوونی ڕۆژنامەکە، یا لە ماوەی دەرچوونی ژمارەی تازە و ژمارەی کۆن دا، ڕووداوێکی سیاسی، نەتەوەیی یا تەنانەت کارەساتی ئینسانی و سروشتی ڕوویان داوە. ئەمەش وای کردوە «کوردستان» بە سادەیی بە لای ڕووداوەکە دا ڕانەبرێ و مانشێت و یەکێک لە بابەتەکانی لاپەرەی یەکەمی خۆی بۆ تەرخان بکا.

دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە «کوردستان» بڵاوکراوەی ئۆرگانە، واتە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتە. ئەمەش وای کردوە لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکان دا، ئەرکە حیزبییەکەی خۆی بخاتە پێش ئەرکە حیرفەییەکەی. واتە بایەخدان بە ئاراستەکردنی خوێنەرەکانی لە ڕووی بیروباوەڕ و پەرەپێدانی گیانی شۆڕشگێڕی و بەرگریخوازی و خۆراگری و، پیداگری سایزەکەی گەورە بووەتەوە، لە هەرێمی کوردستان ئامادە و چاپ دەکرێ. «هەرێمی کوردستان»یش، لە سیاسەتی دەوڵەتان و لەئاستی نێودەوڵەتی دا بە تایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێنەوە، جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە. ئەگەر گرنگیی سیاسیی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە هەرێمی کوردستان وەک ڕەنگدانەوە لە مانشێت و بابەتەکانی دیکەی «کوردستان» دا ڕۆڵی هەبووە، ڕوخسارو مانشێتسازیی ئەو دەیان ڕۆژنامەی ڕۆژانە و حەوتووانەی لەم هەرێمە دا دەرچوون و هەر ئێستاش دەردەچن، لە سەر «کوردستان» بێ تەئسیر نەبوون. لە نێو ئەو هەمووە ڕۆژنامە ڕەنگی و ڕازاوەدا ، «کوردستان»یش ناچار بووە بە قەدەر توانا و ئیمکانی هەژارانەی خۆی و خاوەنەکەی، گرنگی بە ڕواڵەت و ڕوخساری خۆی بدا. ئەم کاریگەری وەرگرتنە هەر تەنیا لە بەکارهێنانی ڕەنگی جۆراوجۆر و وێنەی ڕەنگی لە لاپەرەی یەکەم و دوالاپەرەی دا نەبووە، بەڵکوو لەوەش دا هەستی پێ دەکرێ کەزیاتر لە پێشوو، پشتی بە بەکارهێنانی مانشێت بەستووە. لە جۆری دارشتنی مانشیت و ڕەنگ پێدانەوەی ڕووداوەکان لە مانشێتیش دا، «کوردستان» هەوڵی داوە نەک بە شێوەی لاساییکردنەوە بەڵکوو وەک سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوانی دیکە، مانشێتەکانی خۆی بەرێتە ئاستێکی باشتر.

کوردستانن» (ژمارە ٦٢٤، دووشەمە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٢، ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٤)

**٢– ئەو مانشێتانەی سیاسەت و هەڵویستی ڕۆژی حیزبی دیموکرات لە بارەی ڕووداو و ئاڵوگۆڕە گرنگەکان دەگەیەنن:**

«ئومێد بەستن بەم و بەو لە نێو حاکمییەت دا، ناگاتە هیچ جێیەک، بۆیە دەبێ هەموومان دەگەڵ هەموو حاکمییەتی جمهوریی ئیسلامی تەرەف بین» (ژمارە ٣٥٠، ١٥ی ڕەزبەری ١٣٨١، ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢)

« کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان: پێی لە سەر ستراتژییەکی هاوبەش بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان داگرت» (ژمارە ٤٨٢، چوارشەمە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٨٦، ١٩ی مارسی ٢٠٠٨)

«خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حدک لە وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ کوردکاناڵ دا: لە سەر هەڵوێستی یەکیەتیخوازانەمان بەردەوام دەمێنینەوە»(ژمارە ٥٧٣، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٠،٢١ی دیسامبری ٢٠١١)

«چوار حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە و بە هاودەنگی: ١٢ی ڕەشەمە بکەن بە ڕۆژی بەربەرەکانیی نەتەوەیی دژی کۆماری ئیسلامی» ( ژمارە ٥٧٧، یەکشەمە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٠،١٩ی مانی گرت»( ژمارە ٤٩٠،دووشەمە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٧، ٢١ی ژوئیەی ٢٠٠٨)

«پێداگریی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە سەر: قۆزتنەوەی ژیرانەی دەرفەتەکان، دروستکردنی دەرفەتی نوێ و ڕەخساندنی کەشێک بە قازانجی کورد» (ژمارە٦٠١، دووشەمە١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩١، ١ی فێوریەی ٢٠١٣)

**٤– ئەو مانشێتانەی پێوەندییان بۆ ڕووداو و گۆڕانەکانی پێوەندیدار بە کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان یا خەڵک و ڕێژیمی ئێرانەوە هەیە:**

«شەپۆلی مانگرتن و خۆپێشاندانی خوێندکاران زانستگەکانی سەرانسەری وڵاتی گرتەوە» (ژمارە ٣٥٤، ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨١، ٢١ی نوامبری ٢٠٠٣)

« بە یەکیەتی و هاوپشتی، گەلی کورد لە عێراق دەتوانێ دەسکەوتی لەمە زیاتریش وەدەست بێنێ» (ژمارە ٤١١، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٤، ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٥)

« تێکبەربوونی گورگەکان، سەرەتای تێکقرمانی کۆڵەکەکانی دیکتاتۆری»( ژمارە ٦٠٢، ٣٠ی ڕێبەندانی١٣٩١، ١٨ی فێوریەی ٢٠١٣)

« لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراق دا، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی پلەی دووهەمی وەدەست هێنا» (ژمارە ٤٠٧، ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٣، ١٨ی فێوریەی ٢٠٠٥)





کار دەهێنرێ.

ئەگەر مانشێتەکانی ژمارەکانی ئەو دەورەیە کە زیاتر لە ٣٥٠ژمارە دەگرێتەوە و ١٦ ساڵیشی خایاندوە، لە گەڵ یەک بەراورد بکەین، ژمارەی ئەوانەی کە لە چەشنی دروشمەکانی پێشوو نین و بە لای مانشێت بە مانا ڕۆژنامەنووسییەکەیدا کەوتوون، زیاترە.

**هۆکاری شوێندانەر لە چۆنیەتیی گەڵاڵەبوونی مانشێتەکانی «کوردستان»دا:**

کۆمەڵێک هۆکار بە تەنیا یا پێکەوە، دەبنە هۆی لە دایکبوونی مانشێتێک. ئەوە کە ڕۆژنامەکە ڕۆژانە بێ یا حەوتووانە یا مانگانە، ڕۆڵی هەیە لە تەبیعەتی مانشێتەکانی دا. بۆ خۆم لە ماوەی بەرپرسایەتیم لە ئامادەکردنی ئەو ڕۆژنامەیە دا، لەو گۆشەنیگایەشەوە مانشێتم دیاری کردوە کە پێم وابووە هەتا ماوەی نیوان دەرچوونی دووژمارەی ڕۆژنامەکە زیاتر بێ، پێویستە لە سەر ئامانج و سیاسەتەکانی حیزب، لە پێشەوەی تەعامولێکی حیرفەییانە لە گەڵ ئەرکەکانی خۆی وەک ڕۆژنامەیەک بووە. یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بوونی خاسیەتی شوعاری لە زۆربەی مانشێتەکانی «کوردستان»دا، ئەم ڕاستییە بووە.

لە نێو ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە سەر فەرزکردنی جۆری مانشێتەکان بە سەر «کوردستان» دا، پیویستە ئاماژە بە دوو ڕاستیی دیکەش بکرێ. یەکەمیان سەلیقە و تیگەیشتن و توانای ڕۆژنامەنووسانەی کەسانێکە کە ئەرکی سەرنووسەری و بەڕیوەبەری و ئامادەکردنی «کوردستان»یان لە قۆناغ و بڕگە جیاوازەکان دا لە سەرشان بووە، دووهەم بایەخدانی زیاتر بە ڕووداوەکان و کەشوهەوای سیاسیی شوێنی دەرچوونی(کە هەرێمی کوردستان بووە)و هەر وەها چوونە ژێر کاریگەریی ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامە کە لە هەرێمی کوردستان دەرچوون. «کوردستان» بە تایبەتی لەو کاتەوە کە

**پۆلێنکردنێک بۆ مانشێتەکانی «کوردستان»:**

بە شێوەیەکی گشتی مانشێتەکانی کوردستان یا دروشمو هەڵوێست و ڕوانینی حیزبی‌یان گرتووەتە خۆ، یا لایەنی هەواڵ(خەبەری)یان هەبووە. بەڵام ئەگەر ئەمانیش لە ڕووی ناوەرۆکیانەوە ورد بکەینەوە، دەکرێنە چەن دەستە:

**١– ئەو مانشێتانەی لە دروشمە حیزبی و سیاسیە هەمیشەییەکان پێک هاتوون:**

«کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکا»(ژمارە ٣٥١، ٣٠ ڕەزبەری ١٣٨١، ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣)

«بیرەوەریی کۆماری کوردستان، پاشی ٥٩ ساڵ هەر وا گوڕ و تینمان پێ دەبەخشێ» (ژمارە ٤٠٦، ٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٣، ٣ی فێورییەی ٢٠٠٥)

«٢ی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان، هەر وا ڕێنوێن و ئیلهامدەری حیزبی دیموکراتی فێوریەی ٢٠١٢)

**٣– ئەومانشێتانەی پێوەندییان بە تێکۆشان وچالاکییە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی حیزبی دیموکرات، یا پیلان لە دژی ئەو حیزبەوە هەیە:**

« پارڵمانی فەرانسە جارێکی دیکە بوەوە بە نوێنگەی هاوپێوەندیی ڕاشکاوانە و گەرم و گوڕی حیزب و کەسایەتی‌یە دیموکرات و مرۆڤدۆستەکان لە گەڵ حیزبی دیموکرات و گەلی کورد» (ژمارە ٣٥٣، ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨١، ٦ی نوامبری ٢٠٠٣)

« سەرئەنجام کۆماری ئیسلامی دانی بە کوشتنی ٦ تێکۆشەری دیموکرات‌دا نا کە بزووتنەوەی ئیسلامی، حەوت ساڵ و نیو لەمەوبەر پێی فرۆشت»(ژمارە ٣٧٨، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٣، ١٩ی ئاوریلی ٢٠٠٤)

«کۆنگرەی ١٤: کۆنگرەی ریفۆرم و قووڵایی بەخشین بە ستراتیژیی نەتەوەیی» (ژمارە ٤٨١، چوارشەمە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٦، ٥ی مارسی ٢٠٠٨)

«لە ساڵڕۆژی تێرۆری وییەن‌دا ڕۆژهەڵات «بوومەلەرزە لە باکووری کوردستان، کارەساتێکی مرۆیی و نەتەوەیی، دەبێ شینی چلۆن بێ مەرگی شارێ؟» (ژمارە ٥٧٠، یەکشەمە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٠، ٦ی نوامبری ٢٠١١)

« هەرێمی کوردستان لە سێبەری دیموکراسی دا چوارەم هەڵبژاردنی پارڵمانیی بەڕێوە برد»(ژمارە ٦١٦، یەک شەمە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢، ١١ی سیپتامبری ٢٠١٣)

**دواوتە:**

چۆنیەتیی ئامادەکردنی مانشێتی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ئەو کەشوهەوا و باروودۆخەی ڕۆژنامەکە بە گشتی و لاپەرەی یەکەم و دوالاپەڕە و مانشێتی لە قۆناغ و بڕگە جیاوازەکان تێدا ئامادەکراوە، نووسینێکی لەمە تێر و تەسەلتر هەڵ دەگرێ کە دەشێ بە دۆکیۆمێنتی پێوەندیدار، دەوڵەمەند بکرێ. جێبەجێ کردنی ئەم بیرۆکەیە لە توێی توێژینەوەیەک دا هەڵ دەگرم بۆ دەرفەتێکی دیکە.

# سیاسەتی دەرەوەی ئێران و خوڵقاندنی قەیرانەکان



عومەر باڵەکی

کاتێک لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی سیستمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەری وڵاتی ئێرانی گرتە دەست، بۆ جیهان و بەتایبەتی بۆ دەوڵەتان و سیاسەتمەداران و دیپلۆماتکاران سیستمێکی نامۆ و نائاشنا بوو و نەیاندەزانی چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن. چونکە لە لایەک ئۆرگانیزمێک بە ناوی دەوڵەت و پارلەمان هەبوو و لە لایەکی دیکە کەسێک بە ناوی ئیمام و ڕێبەر و خاوەن دەسەڵات، و بڕیاڕدەر هەبوو. ئەوە جۆرێک سەرلێشێواوی دیپلۆماسی لە پێوەندییە نێودەوڵەتی‌یەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی جیهان‌دا دروست کرد کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەو شێوازە لە کاری سیاسی و دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوە جیهانی‌یەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەر بەڕێوە دەچێ.

کۆمەڵگای جیهانی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە سەر کۆمەڵێک ڕێکاری گشتی و هەمەلایەن بو پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە لە چوارچێوەی ڕێکخراوو بونیادی جۆراوجۆری نێونەتەوەیی‌دا بە ڕێکەوتنێکی هاوبەش گەیشتوون. ئەو ڕێکەوتنە لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراوە کە هەموو دەوڵەتانی جیهان هەر جۆرە سیاسەت و ئەندیشە و تێروانینیان بۆ مەسەلە جۆراوجۆرەکان هەبێ لە بەرامبەر جێبەجێکردنی ئوسول و پرنسیپەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامەکانی سەر بەو ڕێکخراوەیە بەرپرسیارن. بەو مانایە دەوڵەتەکان سەرەڕای جیاوازی بیر و بۆچوون و شێوەی تێروانین بۆ مەسەلە جیهانی و ناوچەیەکان، دەبێ پابەند بن بەو مەسەلانەی کە تەوافوقی جیهانیان لەسەرە و لە هەمان کاتدا مافی ئەویان هەیە لە سەتحی جیهانی و ناوچەیی‌دا بۆ چەسپاندنی ڕوانگەی خۆیان هەوڵ بدەن. بەڵام هەتا ئەو کاتە کە ئاڵوگۆڕ لە بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووکان‌دا دێتە پێش، دەبێ بە هەموو ڕێکارە نێونەتەوەیەکان پابەند بن.

بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران هەتا ئێستا دەیان ئوسول و پرنسیبی نێونەتەوەیی لە ڕاستای بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی لە ژێر پێ ناوە و ئەوە لە حاڵێک دایە کە کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا و چ لەسەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ئێستای کۆماری ئیسلامی دا ئیمزایان لە ژێر دەیان بەڵگەنامە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی کردوە. بە پێی مادەی ٩ی قانوونی مەدەنی ئێران دەڵێ: «هەموو ئەو ڕێکەوتننامانەی لە نێوان دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتانی دیکە لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسی دا ئیمزا کراون، حوکمی قانوونیان هەیە». واتە هەر ڕێکەوتننامەیەکی نێونەتەوەیی چ پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان کە دەوڵەتی ئێران ئیمزایان لە سەر دەکا، لە نێوخۆی وڵات حوکمی قانوونیان هەیە. بەڵام دەبینین ڕۆژانە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناوەرۆکی ئەوە ڕێکەوتننامەیە و پەیماننامە نێونەتەوەیانە بە بەربڵاوی وبە ئاشکراپێشێل دەکەن.

> ئاکامی ئەو سیاسەتە ئەگەر هەتا ئێستا بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی بەرهەم و سوودی هەبووبێ بە پێی‌رەوتی ڕووداوەکان لەوە بە دواوە بەزیانی تەواو دەبێ چونکە لە لایەک دەست درێژی و دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە گەیشتۆتە سنووریەک کە ڕەنگە بۆ وڵاتانی ناوچەکە و دنیای دەرەوە چیدیکە قابیلی تەحموول نەبێ

لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران ڕووداوێکی مێژوویی گرینگە کە دەتوانێ ببێتە نموونەیەکی گونجاو بۆ خەڵکی ناڕازی وڵاتانی دیکە بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی و دراوسێی ئێران. هەر بۆیە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بوو بە شوعاری سەرەکی سیاسەتی خاریجی کۆماری ئیسلامی و لە قانوونی ئەساسی ئێران دا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە. لە پێشەکی قانوونی ئەساسی‌دا لە ژێر سەر دێڕی «شێوەی حکومەت لە ئیسلام» دا بەو شێوەیە باس لەو بابەتە دەکا : «قانوونی ئەساسی بە سەرنجدان بە ناوەڕۆکی شۆڕشی ئیسلامی ئێران کە جووڵانەوەیەک بوو بۆ سەرکەوتنی هەموو زوڵم لێکراوان بە سەر زاڵماندا. بەستێنی درێژەکێشانی ئەو شۆڕشە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات پێک دێنێ. لە پەرەپێدانی پێوەندیەکانی نێونەتەوەی بە تایبەت لەگەڵ جووڵانەوەکانی ئیسلامی و خەڵکی تێدەکۆشێ هەتا ڕێگای پێک هێنانی ئۆمەتی واحید جیهانی خۆش بکا» و ئەو سیاسەتە هەر زوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە کەوتە خانەی جێبەجێ‌کردن کە لە کارنامەی ٣٨ ساڵەی کۆماری ئیسلامی‌دا بە ڕوونی و بە ئاشکرا دیار و بەرچاوە. ڕووداوەکانی وەک «داگیرکردنی سەفارەتی ئامریکا لە تاران، درێژە پێدانی شەڕی ئێران. عێراق لە ژێر ناوی ئازادکردنی قودس، تێرۆری دژبەرانی نیزام لە ناوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە تایبەتی لە ئوروپا، بۆمب دانانەوە لە ناوەندی یەهوودییەکانی ئارژانتین، هێنانە کایەی بەرنامی ناوەکی، شوعاردان بە دژی ئامریکا و ئیسرائیل و هەڕەشەی لە نیوبردنی ئیسرائیل، پچڕانی پێوەندی‌یەکان لە گەڵ عەرەبستان دوای ڕووداوی حەجی ١٣٦٦ و لە حاڵی ئێستا دا دوای ڕووداوەکانی یەمەن و حەجی ١٣٩٤، ناکۆکی لە گەڵ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە سەر سێ دوورگەی تومبی گەورە ، تۆمبی بچووک و ئەبوموسا، ئاڵۆزی دروست کردن و دەست تێوەردان لە کاروباری ئەو وڵاتە و هاندانی شیعەکان، دەست تێوەردان لە کار و باری نێوخۆیی وڵاتی یەمەن، عێراق و لوبنان و پشتگیری لە شیعەکان لەووڵاتانە، دەست تێوەردان و هاندانی شیعەکانی لایەنگری ئێران، حزووری فەعال و چالاکی مادی و ئینسانی لە قەیرانی سووریە و پشتگیری لە بەشار ئەسەد و دەوڵەتەکەی، ئەوانە و دەیان نموونەی دیکە دەتوانرێ لەسەر بە عەمەلی کردنی شوعاری «هەنارده کردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران» باسیان بکەین.

بەڵام بە تێپەربوونی زەمان دەبینین هەنارەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکان ڕۆژ بە ڕۆژ هەزینەی سیاسی و ئابووری لە سەر شانی خەڵکی ئێران قورس تر دەبێ. لە لایەک تەریک کەوتنەوەی سیاسی و دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی بۆ دەوڵەتی ئێران بە دواوە بووە و لە لایەکی دیکەوە هەزینەی قورسی ئابووری کەوتۆتە سەر شانی خەڵکی ئێران و دەبینین بەهۆی ئەو سیاستەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی بێکاری و هەژاری و نەخۆشی کۆمەڵایەتیەکان لە نێو خۆی ئێران لە پەرە ئەستاندن دایە و سەبارەت بە تەریک کەوتنەوەی ئێران دەتوانین دوا هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی کە لە کۆبوونەوەی «سەرانی وڵاتانی عەرەبی» لە سەر دەریای مردوو لە وڵاتی ئوردۆن بەسترا بە نمونە بێنینەوە کە هەموویان لە سەر ئەوە کۆکن کە ئێران دەست لە کاروباری وڵاتانی عەرەبی وەردەداو بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ درێژە کێشانی کێشەکان و پێویستە سنوورێک بۆ دەست تێوەردانەکانی ئێران لە وڵاتانی عەرەبی دیاری بکرێ و ئێرانیش پابەند بێت بە ئوسوول و پرنسیپە نێونەتەوەیی و ناوچەیەکان وئەگەر ئێران ئەو پابەندیە تێدا دورست نەبێ، وڵاتانی عەرەبی ناچار دەبن هەڵوسیتی توندیان بەرانبەری هەبێ .

لە وەڵامی ئەو هەڵوێستەی وڵاتانی عەرەبی‌دا چەند ڕۆژ لەوە پێش بەهرام قاسمی، وتەبێژی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە

کۆماری ئیسلامی هەمووکات ڕایگەیاندووە هیچ پێویست نیە دەست لە کاروباری وڵاتانی دەراوسێ وەربداو هەموو کات بوونی پێوەندی باش لەگەڵ دراوسێکان وحورمەتدانان بە مافی حاکمیەت دەوڵەتەکان و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکە بە عینوانی ئوسوول و بنەمایەک بووە کە لەگەڵ قانوونی بنەڕەتی وڵات وتەواوی ڕێ و شوێنەکانی نێونەتەوەیی تەبا بێت» .

ئەگەر هەڵویستەیەک لەسەرئەو کورتە وەڵامەی ئاغای قاسمی بکەین و کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٨ساڵی رابردوو دا لەبەر چاو بگرین و ئەو نموونانەی لە سەرەوە باسمان کردن بە پێوانە دابنێین، دەبینین کە ئەو قسانە ناوبراو لە ئەساس دا درۆودەلەسەی بێ بنەمان وتەنیا ئەوەندەی ڕاستەکە ئاغای قاسمی لەقەسەکانی خۆی دا ئیشارە بەو ئوسوول و بنەمایانە دەکا کە لە قانوونی بنەڕەتی ئێرانداهاتوون کە باسی هەناردەکردنی شۆڕش دەکا و تەنیا ئەو کارانە بەدەستی‌وەردان لەکاروباری وڵاتان دادەنی لە لەگەڵ ئەو ئوسووڵانە یەک نەگرنەوە .

واتا لە ڕوانگەی وتەبێژی حکومەتی کۆماری ئیسلامییەوە هەموو ئەو کارانەی لە ماوەی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا لە دەرەوی سنوورکانی ئێراندا ئەنجامی داوە بەدەستێوەردان نازانێ .

ئاکامی ئەو سیاسەتە ئەگەر هەتا ئێستا بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی بەرهەم و سوودی هەبووبێ بە پێی‌ڕەوتی ڕووداوەکان لەوە بە دواوە بەزیانی تەواو دەبێ چونکە لە لایەک دەست درێژی و دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە گەیشتۆتە سنووریەک کە ڕەنگە بۆ وڵاتانی ناوچەکە و دنیای دەرەوە چیدیکە قابیلی تەحموول نەبێ ولە لایەکی دیکەوە زیادبوونی حەشیمەتی ئێران و نیاز و پێداویستی جیلی نوێ و پەرەئەستاندنی ڕایلکەی پێوەندیە جیهانی‌یەکان لەڕێگای ئینتەرنێت و چۆنە سەری ویستی خەڵک بۆ دابین‌کردنی ژیانێکی باشتر کۆسپی گرینگ و ڕێگرن لەسەر ڕێگای ئیدامەدانی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش و خەونی بە «ام القرا»یی کردنی ئێران ئیسلامی. هەر بۆیە دەبینین دەسەڵاتدارانی ئێران لە کێشەی ناوەکی بێ ئەوەی دەسکەوتیان هەبێ بە ناوی (نرمش قهرمانانه) لەبەرنامەی ناوەکی دەستیان کێشاوە ولە سووریە، عیراق، لوبنان و یەمەن‌دا لە فورسەتێک دەگەڕێن کەبەشێوەیە پاشەکشە بکەن کە هەم بیروڕای گشتیی ئێران ڕازی بکەن و هەم بیروڕای نێودەوڵەتی و بۆرزگار بوون لەو دۆخە ڕەنگە ڕێگای سەخت لە بەردەم دەسەڵاتدارانی ئێران بێ.

# هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک وهاوهەڵوێستی دوژمنانی کورد



سمایل شەرەفی

دوای بڕیارەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لە سەر «هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە پەنای ئاڵای عێراق لە سەر دامودەزگا حکوومی‌یەکانی ئەم شارە»، جیا لە دژایەتی بەغدا، کۆمەڵێک دژکردەوەی دژبەرانە لە لایەن تاران و ئانکاراوە هاتوونەتە ئاراوە کە لە چەند گۆشەنیگاوە جێی سەرنج و تێڕامانن. سەرەتا هەر چەند ڕۆژ دوای بڕیارەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، فراکسیۆنەکانی نزیک لە نووری مالکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە بێ ئەوەی گوێ لە ڕوونکردنەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بگیردرێ بڕیاری هێنانەخوارەوەی ئاڵای کوردستانیان لەم شارە دا کە، هەر دوو ڕۆژ دواتر بە هۆی نایاسایی بوونیەوە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕاگیرا. دژایەتیی لایەنە عێراقی‌یەکان بەرانبەر بە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک تەنانەت دۆستە نزیکەکانی سەرکردایەتی کوردی باشووریشی گرتەوەو لەم پێوەندییەدا «عەممار حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعەکان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە دیالە ڕایگەیاند، بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک پێشێلکردنی تەوافوقە».

ئەوەی لەم پێوەندییەدا زیاتر لە هەموو شتێک جێی لێوردبوونەوەو قسە لە سەرکردنە، هەڵوێستی دوو وڵاتی تورکیەو ئێرانە کە تا ئێستا وایان نیشان داوە کە دۆست و «هاوپەیمان» و «هاوبەرژەوەندی»ی ئابووری و سیاسی و ئەمنییەتی هەرێمی باشووری کوردستانن.!!

هەر دوو وڵاتی تورکیەو ئێران زۆر بە توندی بەرانبەر بە بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک هەڵوێستیان نواندو جیا لەوەیکە ڕایانگەیاند کە «هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووکیان پێ قبووڵ ناکرێ»، ڕاشکاوانە هەڕەشەیان لە سەرکردایەتیی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان و مەوقعییەتی حکوومەتی ئەم هەرێمە کوردی‌یە کرد.

سەرەتا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەیرێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی شەکانەوەی هەرئاڵایەک، بێجگە لە ئاڵای عێراق لە شاری کەرکووکدا بە پێشێلکرانی دەستووری عێراق و نانەوەی بشێوی لەو وڵاتەدا دەزانێت. بەهرام قاسمی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەیئێرانسەبارەت بە دوایین گۆڕانکاری‌یەکانی پارێزگای کەرکووکی باشووری کوردستان گوتوویەتی: ‹›هەڵوێستی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پشتیوانیکردنە لەیەکپارچەییی خاک و دەسەڵاتی عێراقو پێم وایە کردەوەیئەم دواییانەی هێندێک لایەنی عێراقی لە کەرکووک، لەبەر ئەوەی کە بەشێک لە وزەی دەوڵەت و گەلی عێراق لەڕێی خۆی لادەدات و بە بابەتی سیاسیی نێوخۆیی‌یەوە سەرقاڵی دەکات، جێی نیگەرانی‌یە.»

بەدوای ئەم هەڵوێستەی ئێران‌دا، سەرۆککۆماری تورکیە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش بەرانبەر بە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی لە کەرکووک بە هەڵە زانی و دەڵێ؛ هیچ کەس و لایەنێک بۆیان نیە جیا لە ئاڵای عێراق ئاڵایەکی دیکە لە کەرکووک هەڵبدەن و ئەوانەی ئەم کارەیان کردوە هیچ گومانی تێدا نیە کە پەشیمان دەبنەوە. ئەردۆغان کە وڵاتەکەی پێوەندییەکیباشی ئابووری و سیاسی لە گەڵ هەرێمی کوردستان‌دا هەیە، ڕاشکاوانە هەڕەشەی لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان کرد کە، ئەگەر کورد واز لە هەڵکردنی ئاڵا لە کەرکووک نەهێنی، پێوەندیی وڵاتەکەی لە گەڵ هەرێمی کوردستان تێک دەچێ.! و ڕایگەیاند کە تورکیە ناتوانی قبووڵی ئەوە بکات کە کورد لە کەرکووک ئاڵای خۆی هەڵبدات.!

جیا لە هەڵوێستی دژبەرانەی هەر سێ دەوڵەتی عێراق، تورکیەو ئێران لە سەر پرسی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک، هەر لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا گوێبیستی کۆمەڵێک دژکردەوە لە خەڵکی بەناو جیابیر، ڕۆژنامەوان و سیاسیی فارس و تورک و عەرەب بووین کە جیا لە ڕوانگەیەکی شۆڤێنیستانەی دژ بە نەتەوەی کورد شتێکی دیکە نین.

ئەگەر لە هەڵوێستی لایەنە عەرەبەکانی عێراق بە سوننی و شیعەو و پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووکەوە دەست پێ‌بکەین، حەق وایە وابیریان بێننەوە کە ئەگەر زۆریش بۆ دواوە نەگەڕێینەوەو چاوپۆشی لە هەمووی ئەو بەرنگارییانەی نەتەوەی کورد بەرانبەر بە دەسەڵاتێکی وەک بەعسی سەدامیی بکەن، دەبێ بزانن و قەتیان لە بیر نەچێتەوە کە ئەوەی ئەوانی لە مەترسی‌یەکەی گەورەی وەک «داعش» پاراست، ئەرتەشی عێراق و میلیشیا ڕەنگاورەنگەکانی ئەوان نەبوون، بەڵکوو ئەوە کوردەکان و هێزی پێشمەرگەی ئەم میللەتە بوو کە توانی پێش بە پێشڕەوی‌یەکانی تێرۆریستان بۆ شاری کەرکووک بگرێ. پاشان بە پێی هەموو بەڵگەیەکی مێژوویی، جوغرافیایی و حەشیمەتی کەرکووک شارێکی کوردستانی‌یەو کورد مافی خۆیەتی بە ڕێزگرتن لە پێکهاتەکانی دیکەی ئەم شارە هەروەک تا ئێستا ڕەچاوی کردوە، بیر لە چارەنووسی بکاتەوە. بۆیە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک مافێکی بێ‌ئەملاوئەولای کوردەو بە هیچ شێوەیەکیش نایاسایی نیە.

> ئەوەی تا ئێستا سەروەریی ئەم وڵاتەی خستۆتە ژێر پرسیارو دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆیی ئەم وڵاتە دەکات و ئاگری شەڕی تایفی و مەزهەبی لەم وڵاتەدا پەرە پێ‌دەدات و هەوڵ بۆ لەباربردنی ئاشتی و ئارامیی و سەقامگیریی لەم وڵاتەدا دەدات، ئێوە دوو وڵاتی تورکیەو ئێرانن

بەڵام سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتانی تورکیەو عێراق کە بە درۆ و پاساوێکی نابەجێی وەک «دیفاع لە چوارچێوەی جوگرافیایی عیراق»ەوە، دژایەتی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەم پارێزگایە دەکەن، دەبێ پێش هەموو شتێک بڵێین؛ ئەوەی تا ئێستا سەروەریی ئەم وڵاتەی خستۆتە ژێر پرسیارو دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆیی ئەم وڵاتە دەکات و ئاگری شەڕی تایفی و مەزهەبی لەم وڵاتەدا پەرە پێ‌دەدات و هەوڵ بۆ لەباربردنی ئاشتی و ئارامیی و سەقامگیریی لەم وڵاتەدا دەدات، ئێوە دوو وڵاتی تورکیەو ئێرانن. ئەوە ئێوەن کە بە بێ ئەوەی ڕێز لە سەروەرییەکانی عێراق و خەڵکەکەی بگرن بە شێوەی نایاسایی بە هەزاران کەس لە هێزە چەکدارەکانی خۆتان لەم وڵاتەدا مۆڵ داوەو هەرکامەتان بە خولیای زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی «سەفەوی» و «عوسمانی» چاوتان لە بەشێک لە خاکی ئەم وڵاتە بڕیوە. ئەوە کوردەکان نین کە بیانهەوێ عێراق تووشی پەشێوی و پارچەبوون بکەن. ئەوان تەنیا دەیانهەوێ خاوەنی خاک و خەڵکی خۆیان بن. ئەوە ئێوەن کە بە بڕینی سنوورەکان و هەڕەشەو گوڕەشەو پەشێوی نانەوە، چاوتان لە خاکی گەلانی دیکە بڕیوە.

پێویستە لایەنە عێراقی‌یەکان و بەتایبەت پێکهاتەکانی نێو شاری کەرکووک بە هەستیاری‌یەوە لە داهاتوو بڕوانن، پێویستە لە بیریان نەچێت کە ئەوان تەنیا لە ژێر ئاڵای کوردستان و لە سایەی پێشمەرگەی کوردستان و هەوڵە دڵسۆزانەکانی کورد بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک و کوردستانە، کە دەتوانن ژیانێکی ئارام و دیموکراتیکیان هەبێ، پێویستە هوشیارانە بەرانبەر بە پیلانی دوژمنانی ڕەنگاورەنگیان ڕاوەستن و تێبگەن لەوەی کە تەنیا دەسەڵاتی کوردبووە کە توانیویەتی ئەوان بپارێزێ و ڕێزیان لێ بگرێت.

بە سەرنجدان بە هەڵوێستی دوو وڵاتی تورکیەو ئێران کە هەمیشەیش وایان خۆ نیشان داوە کە دۆستی کورد لە باشووری کوردستانن و، بەداخیشەوە زۆر جاریش توانیویانە ئاراستەی جیاواز لە نێوان لایەنە کوردی‌یەکانی ئەم بەشەدا چێ بکەن، پێویستە سەرکردایەتی کورد هوشیار بێت لەوەی کە دەسکەوتە تاکتیکی و کورتخایەنەکان، ڕێڕەوی ئیستراتێژی و دەسکەوتەدرێژخایەنەکانیان لێ نەگۆڕێ. تەنیا یەکریزی و دابەشنەبوون و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردە کە دەتوانێ بەرانبەر بەم هەموو دوژمنکاریانە هێزی پێ ببەخشێت.

# پەیامی «نەورۆزی جامانەکان»، بە یەکەوە و یەکگرتووانە











# لە پێناو پاراستنی هێما نەتەوەییەکانی کورد



# بەڕاستی ئێران لە ئاڵوگۆڕی جوگرافیای سیاسی خۆرهەڵاتی ناوین دا لە پاشەکشە دایە؟



وۆرلد پۆلیتیکس ریڤیو - ئێلێن لەیپسۆن
کەماڵ حەسەنپوور

تەنیا چەند مانگ لەوەپێش بۆچوونی گشتیی ئەوە بوو کە دینامیزمی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە قازانجی ئێرانە. بە گوێرەی ئەو بۆچوونە، تاران خەریکی پەرەپێدان بە نفووزی خۆی لە ڕێگای تێوەگلانی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە ئاڵۆزیی و کێشەکانی ناوچە بوو کە بە پشتگەرمیی بەرزبوونەوەی بەخۆباوەڕیی بە هۆی هەڵگیرانی ئابلۆقەکان پاش ڕێککەوتنی ناوەکیی لە گەڵ کۆمەڵگەی ناونەتەوەیی هاتبوە ئاراوە. بەڵام ئەورۆ وێنەکە بەهەمان شێوە روون نیە. ئەوەی راستی بێ ئاراستەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بە بەشداریی روسیا، بەڕێوەبەریی نوێ لە واشینگتۆن و ئیسرائیل لەوانەیە ئاکامەکەی بە زەرەری ئێران تەواو بێ.

جوگرافیای سیاسی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەندە خێرا دەچێتە پێش کە ناکرێ لێکدانەوەیەکی جێگیرلە ئاراستەی گۆڕانەکان بکرێ. دوستایەتی سەیروسەمەرە و هاوپەیمانیی بێزراو شتێکی ئاسایین. هەر بڕواننە هاوکاریی بێ ئاکامی نێوان تورکیا و روسیا لە بارەی سوریا، یاخود کۆبوونەوەی سێ لایەنە لە باشووری تورکیا لە نێوان ژەنراڵەکانی ئەمریکایی، رووسی و تورک بۆ پێشگرتن بە تێکهەڵچوونی نەخوازراو لە کاتی بەربەرەکانی لەگەڵ بەناو دەوڵەتی ئیسلامیی لە سوریا. دۆخێکی تر لەو روانگەوە چۆنیەتیی هەڵوێستی وڵاتە گەورەکانی عەرەب لەبارەی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکانە لە کاتێکدا کە لە ژێرەوە هاوکاریی ئەمنییەتیی لەگەڵ ئیسرائیل پەرە پێدەدەن. لەهەمان کاتدا لە هەرکام لەو نموونانەدا، ویدەچی ئێران دوراو دەرچێ، بە بێ توانایی لە دیاری کردن یاخود پێشگرتن بە ئەجێندای هاوشانەکان و رەقیبەکانی ناوچەیی بۆ بەرگریی لە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانیان و ئیدارە کردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و روسیا.

لە روسیاوە دەست پێبکەین، ئێران حەقیەتی کە لە هاوبەشییەکەی لەگەڵ روسیا نیگەران بێ، پەیوەندییەکەی لە هاوپەیمانیی راحەت تەڵەبانە بۆ دۆخێکی تەنانەت ناسەقامگیر گۆڕاوە.کاتێک کە ئەو لە ٢٠١٥ دەستی کرد بە دەستتێوەردان لە قەیرانی سوریا، روسیا بە تەواوی دڵنیا بوو کە پشتیوانیی ئێران لە ڕێژیمی بەشارئەسەد ئامانجەکانی خۆی ناپێکێ. ئێستا روسیا جڵەوی هەوڵە ناونەتەوەییەکانی بۆ سەقامگیریی، ئەگەر نەشتوانێ قەیرانەکە چارەسەر بکا، بە دەستەوە گرتووە و تورکیای کردوەتە هاوبەشێکی بەکەڵکتر، لەبەر ئەوەی کە ئانکارا دەستی بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا رادەگا. تا ئێرە، ئەوە ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە، چەند دەستپێشخەریی دیپلۆماتیکی رووسی ناسەرکەوتوو بوون و ئەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە تورکیا هێندەی دەسەڵات نیە کە هێزەکانی دژی ئەسەد ناچار بە درێژەپێدانی هەوڵی دیپلۆماتیک بکا. بەڵام سەرەڕای دەستکەوتە لاوازەکانی، تاران بە ئاشکرا رووداوەکانی ئەو دوایيانە وەک کز بوونی هاوکارییەکانی لە گەڵ روسیا دەبینێ، بۆیە لە هەوڵی رەچاو کردنی ستراتێژی تایبەتیی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ سوریەدایە.

ئێران هەروەها سەرنج دەدا کە چۆن بەڕێوەبەرایەتییە نوێکەی سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان، دۆناڵد ترامپ، بەرەو جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی لە کاتی هەڵبژاردندا کە هەڵوێستی بەرامبەر ئێران لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما توندتر دەبێ، هەنگاو دەنێ. تا ئێستا هیچ بڕیارێکی فەرمیی سەرکۆماریی یا نیشانەی ناردنی هێز بۆ ناوچەکە نەبینراوە. بەڵام لە ناو بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە وەزیری بەرگری جەیمز ماتیس بۆ خوارەوە بۆچوونێکی درێژخایەن هەیە کە ئێران سەرچاوەی ناسەقامگیرییە لە ناوچە؛ لەو دوايیانە دا بەڕیوبەری ناوەندی فەرماندەیی، ژێنراڵ جۆزێف ڤۆتێل، ئێرانی وەک یەکێک لە پێنج مەترسیی سەرەکیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەستنیشان کرد و هەندێک بەرچاوڕوونی لەبارەی ستراتێژیی پێشگیرانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشکەش کرد:

«بۆ پێش گرتن بە پەرە ئەستاندنی ئێران ... ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەوان بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە «ناوچەی بۆر» روبەڕوو ببینەوە، لە ڕێگای بەکارهێنانی هێمای ترسێنەری بەهێز، چالاکیی دژەپەیامی ئامانجدار و لە ڕێگای بەهێز کردنی وڵاتانی هاوپەیمان، هەم لە ڕێگای پەیام و هەم بە کردەوە. ئێمە هەروەها دەبێ لە پەیوەندی گرتنەکانمان دا روون بین و دڵنیا بین کە مەبەستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان جێگای مەتمانەن. ئێران دەبێ باوڕ بکا کە ئەگەر درێژە بە چالاکییە گێرەشێوێنانەکەی بۆ نانەوەی ناسەقامگیریی لە ناوچەدا بدا، تووشی کاردانەوەی پێشگیرانە دەبێ.»

ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ڤۆتێل وتەکانی بەوە کۆتایی هێنا کە ئەو پشتگیریی لەو بیرۆکە دەکا کە لانی کەم بیر لە «پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ ڕێبەرایەتیی ئێران بۆ باشترکردنی شەفافیەت و کەم کردنەوەی ئەگەری لێکدانەوەی هەڵە» بکرێتەوە.

لە هەمان کاتدا، ترامپ کەڵکی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی ئیسرائیل و عەرەب بۆ سەلماندنی هەنگاوی بەرچاوتر بۆ زەخت خستنە سەر ئێران، لە ڕێگای هاوپەیمانیی لەگەڵ دۆستانی ناوچەیی، وەرگرتووە. دیداری حەوتووی رابردووی سەرکۆمار لەگەڵ شازادەی سعودی موحەممەد بین سەلمان، کە هەروەها وەزیری بەرگرییە و دەگوترێ خاوەندەسەڵاتی راستەقینە لە سیستەمی سعودی دایە، جەژنی سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا-سعودی بوو و گفتوگۆ لە بارەی ئێران زۆر جیددی بوو. شازادەی سعودی رەخنەی لە ڕێککەوتننامەی ناوەکیی لەگەڵ تاران گرت و ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە هەوڵ دەدا کۆنترۆڵی ناوچە پیرۆزەکانی ئیسلام، کە پاشایەتیی سعودی لەسەر ئەوان رەوایی خۆی بونیات ناوە، بە دەستەوە بگرێ.

چەند حەوتوو لەوەپێش، من کەمێک گەرمییم لە پەیوەندییەکانی نێوان سعودی و ئێران، بە هۆی داوای ئێران لە وڵاتانی عەرەبی کەنداو، بەدی کرد. ئەوە لەگەڵ نیگەرانییەکانی ئێران لە بارەی تەریک کەوتنەوە و ناسکییەکەی لە بەرامبەر بەرهەڵستکاریی ترامپ، یەک دەگرێتەوە. بەش بە حاڵی سعودییەکان، لەوانەیە ئەوانیش لە یەک کاتدا لە چەند پلە کار بکەن ، بۆ وەڵامدانەوەی جوگرافیای سیاسیی ناوچە لە کاتی دیدار لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکایی و بۆ بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کولتوری ناوچەیی وەک حەج و شتی پەیوەندیدار بە پرۆتۆکۆلی ئیسلامیی.

بە هەمان شێوە، لەو مانگەدا هەندێک سیگناڵی سەرنج

> «بۆ پێش گرتن بە پەرە ئەستاندنی ئێران ... ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەوان بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە «ناوچەی بۆر» روبەڕوو ببینەوە، لە ڕێگای بەکارهێنانی هێمای ترسێنەری بەهێز، چالاکیی دژەپەیامی ئامانجدار و لە ڕێگای بەهێز کردنی وڵاتانی هاوپەیمان، هەم لە ڕێگای پەیام و هەم بە کردەوە. ئێمە هەروەها دەبێ لە پەیوەندی گرتنەکانمان دا روون بین و دڵنیا بین کە مەبەستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان جێگای مەتمانەن. ئێران دەبێ باوڕ بکا کە ئەگەر درێژە بە چالاکییە گێرەشێوێنانەکەی بۆ نانەوەی ناسەقامگیریی لە ناوچەدا بدا، تووشی کاردانەوەی پێشگیرانە دەبێ.»

راکێشی کولتوری لە نێوان ئیسرائیل و ئێران ئاڵوگۆڕ کراون، یەکیان لە بارەی پشووی جووەکان بە ناوی پوریم لە حەوتووی رابردوو، کە وەبیرهێنەرەوەی رووداوی ئینجیلیی نەجات دانی جووە فارسەکان لە دەورانی دەسەڵاتی هاوسەریی جووی ئیمپراتورەوە بە ناوی ئێستێر، و ئەوەی تر لە کاتی ساڵی نوێی فارسی، نەورۆز، کە دوێنێ بوو. سیاسەتوانان لە ئیسرائیل و ئێران باسی پەیوەندیی قووڵی مێژوویی لە نێوان نەتەوەکانیاندا کردووە و هەوڵیان داوە لە بەرامبەر یەکتر ئیمتیاز وەدەست بێنن. سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو، بە ئاماژە بە بەسەرهاتی پوریم، ئێرانی بەوە تۆمەتبار کردوە کە ئەوان سوورن لەسەر لەناوبردنی جووەکان. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، موحەممەد جەواد زەریف، وەڵامی داوتەوە کە ئەوە «مێژووی تەزویرە» و، تا رادەیەک بە دروستی، پێداگریی کردوە کە دەوڵەتانی ئێران چەند جار گیانی جوولەکەکانیان نەجات داوە. ئەو ئاڵوگۆڕانە دەری دەخەن کە چۆن لێکدانەوەی ژێئۆپۆلیتیکیانەی دەوڵەتان لەو ناوچەیە زۆر جار تووشی بەربەستی پێناسەی ئایینی و کولتوریی دەبن کە دەبێتە هۆی هەرا خستنەوە لەناو جەماوەر و مەیدانی مانۆڕی رەێبەرەکان سنووردار دەکەن.

ئەو ئاڵوگۆڕە لە دینامیزمی ناوچەدا کە ئێرانی خستوەتە دۆخی بەرگریی تا سەر نیە. ئەوان فێری هەوراز و نشێون. بەڕێوەبەرایەتیی رووسی لە قەیرانی سوریا لەوانەیە ڕێگە بە بەشداریی لایەنی تر لە پرۆسەی [ئاشتی] بە ڕێبەریی نەتەوە یەکگرتووەکان بدا کاتێک کە لایەنەکان ئامادەی وتووێژ بن. هەوڵی تورکیا بۆ ئیدارەی [قەیرانی] سوریا تەنیا وەک بەشێک لە سیاسەتی بەرامبەر بە پرسی کورد، رەنگبێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ گەڕانەوەی ئانکارا بۆ ناتۆ و هاوپەیمانیەتیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک کاکڵی ستراتێژیی تەناهیی. ئەمریکاش خەریکە فێر دەبێ کە بەهێزکردنی عەمەلیاتە سەربازییەکانی لە یەمەن و سوریا بە بێ وەلانانی کایەی سیاسیی ناتوانێ ببێتە هۆی دەرکەوتنی بەڕێوەبەرایەتیی نوێ بە شێوەی شیاو.

لە ناوخۆش، ئێران لە سەرەتای وەرزی بانگەشەی سیاسیی دایە، بە ناڕوونی لە بارەی ئەوەی کێ دەبێتە بەربژێری [هەڵبژاردنی] سەرکۆماریی و کامیان لە شورای نیگابان پەسەند دەکرێن. گریمانە دەکرێ کە سەرکۆمار حەسەن روحانی باشترین شانسی بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنی مانگی مای هەبێ، بەڵام زۆرشت بەوە بەستراوەتەوە کە ئاخۆ نەریتپارێزەکان چ هەنگاوێک بۆ لاوازکردنی ناوبراو هەڵدێنن و ئایا دەنگدەرەکان پێیان وایە کە بەڵێنییەکانی لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پێشوو جێبەجێ کردوون یا نا.

کەوابوو ئەو دۆخە ناسەقامگیرە وێدەچی دوای هەڵبژاردنی ئێرانیش ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ. سەرکەوتنی روحانی ئەو روانگەیە دەپارێزێ کە ئێران کەڵک لە دیپلۆماسیی بۆ دڵنیا کردنەوەی جیرانەکانی وەردەگرێ و دۆخی ناونەتەوەیی خۆی باشتر دەکا، تەنانەت دوای شکستەکانی ئەو دوايیانە. سەرکەوتنی نەریتپارێزەکان ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەنگاوی یەکەم، سەرئێشەکانی ئێران بۆ کاربەدەستانی مۆسکۆ و واشینگتۆن پەرە دەستێنن و لەوانەیە نیگەرانییەکانی یاریکەرانی ناوچە لەبارەی ئامانجە راستەقینەکانی ئێران بێنە دی.

# ئیسلامی سیاسی
## [و رەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



# رەوتی ئیسلامی سیاسی و رێکخراوە گرینگەکانی لە ئێراندا

حەسەن حاتەمی

**(بەشی نۆزدەیەم )**

### رێکخراو سازی نوێی ئیسلامی

فەزای گشتیی و نوێی دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین، پلۆڕالیسمی رێکخراویی بوو. بۆیە ئەو حیزب و رێکخراوانەی، لە زەمانی پەهلەوی دووهەم دا، لە دەرەوەی دەسەڵاتی رێژیم دامەزرابوون و ریشەیان هەبوو، پەریان گرت. ژمارەیەک حیزب و رێکخراوی دیکەش دامەزران.

ڕاپرسییەکی ئیحساسی بە چوارچێوەیەکی تەنگەبەری یەک پرسیاری، دیاردە (پدیدە) ی «کۆماری ئیسلامی نەک یەک وشە زیاد و نە یەک وشە کەم» ی لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ دا، بە سەر گەلانی ئێراندا سەپاند. بەڵام کاتێک چاو لە ڕابردووی مێژووی سیاسی ئێران دەکەین، بۆچوون و کردەوەکانی ئیسلامی چە سیاسیی و چ نا سیاسی، لەسەر شێوەی بەڕێوەبەری و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکانی ئێران، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو؛ تەنانەت لە ناوەندی بڕیاردانی دەسەڵاتی رێژیمی پاشایەتیش‌دا. لە ماوەی ٧٣ ساڵ دا- ١٢٨٥ هەتا ١٣٥٨- لە شۆڕشی مەشرووتە هەتا راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی، بەداخەوە مەشڕووعەخوازی پتر زاڵ بووە بەسەر مەشرووتەخوازی دا. بۆیە دەرکەوتەکەی بە لای دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی‌دا، شکایەوە.

ژمارەیەک لە مەلاکانی شیعە بەو هەلەی بۆیان هەڵکەوت و بوونی کەسێکی وەک ئا. خومەینی کە پشتی گرتن و فیڵیان لە نیاز پاکی خەڵکانی وەزاڵەهاتوو لە دەست دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی حەمە ڕەزا شا کرد، ڕێکخراوسازی خۆیان لە خولی سێیەم‌دا، دەست پێکرد.

- خولی یەکەم، لەساڵی ١٣٢٠ هەتا ١٣٣٢، خولی دووهەم دوای ١٣٣٢ هەتا ١٣٥٦ و خولی سێهەم لە ١٣٥٦هەتا ١٣٥٨ کە لە پتر لە ٣٠ ساڵی رابردووش هەر درێژەی هەیە، لە قۆناخی جیا جیادا، لە ئارا دایە-

ئەو ژمارە ڕۆحانییەی شیعە لە لێکدانەوەکانیان دوای ناڕەزایەتییەکانی جۆزەردانی ١٣٤٢ (١٩٦٣) دا، یەکێک لە هۆیەکانی شکست خواردنی خۆیان لەنەبوونی حیزبێکی بەتوانا و کارامەی ئیسلامیی سەرانسەری پێناسە دەکرد. هەروەها هەلومەرجی نوێ و بوونی ژمارەیەک حیزب و رێکخراوی لەحاڵی گەشەی ئیسلامی نا حەوزەیی، میللی و چەپ، ئەو ڕۆحانیانەی هان‌دا بۆ دروستکردنی دەزگا و دامەزراو و حیزب و رێکخراوی تایبەت بە خۆیان.

### کۆمەڵی ڕۆحانییەتی موباریز

لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٧) دا، جەمشیدی ئاموزگار بوو بە سەرۆک وەزیر و جێی هوووەیدا- ی گرتەوە. سیاسەتی نوێی رێژیمی پەهلەوی دووهەم هێندێک کراوەیی لە ساڵوەگەڕی مەشرووتەدا، راگەیاند کە ناوی فەزای کراوەی سیاسی لەسەر دانرا. ئەو وەزعە ١٣ مانگ پترینەخایاند. ئەو هەناسە سیاسییە کە ویستی جبهەی میللی بوو، هاتە دی و جبهەی میللی چوارەم تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد و بەختیار بوو بە سەرۆکی. شەریف ئیمامی جێی ئاموزگاری گرتەوە و دەوڵەتی ئاشتی میللی پێکهێنا. بەڵام ٢ مانگ دواتر، دەوڵەتی نیزامی ئەزهاری جێی گرتەوە. سەرەنجام سوپەهبود موقەددەم – رەئیسی ساواکی ئەوکات-، بەختیاری وەک دوایین ئومێد، بە محەممەد ڕەزا پەهلەوی پێشنیار کرد. (١)

لەوسەروبەندەدابوو، چەند کەس لە ڕۆحانییەکانی قوم و تاران، رێکخراوێکیان بەناوی «جامعە روحانیت مبارز تهران» (کۆمەڵی ڕۆحانییەتی تێکۆشەری تاران) دامەزراند. ژمارەیەک لە چالاکانی ئەو رێکخراوە بریتی بوون لە:» استاد مطهری، آ. سید علی خامنەای د. بهشتی، د. مفتح، د. باهنر، آ. موسوی اردبیلی، آ. مشکینی، آ. امامی کاشانی.» (٢) [ ژمارەیەک لەو ناوبراوانە ئەوکات ئایەتوڵڵا نەبوون]

ئەساسنامەی ئەو رێکخراوە ساڵی ١٣٥٧ نووسرا و لە لایەن دامەزرێنەرانی، بە پەسندی ئا. مونتەزیری وحوجەتولئیسلام هاشمی رەفسەنجانی - کە لە زیندان بوون-، گەیەندرا و بۆ تەئیدکردنی بۆ ئا. خومەینی لە تاراوگە، نێردرا. (٣)

ئامانج و ڕێبازی ئەو کۆمەڵە بەکورتی بریتی بوون لە:

١- هەوڵدان بۆ مەکتەبی بوونی شۆڕشی ئیسلامی و دەسکەوتەکانی.
٢- بەهێزکردنی رێکخراوە بەرایيەکانی ئیسلامی و دامەزراوە شۆڕشگێڕیەکان.
٣- هاوئاهەنگی و کۆدەنگی نێوان ئیسلامییەکانی رووحانی و نا رووحانی.
٤- چاوەدێری بەسەر رووداوەکانی وڵاتدا.
٥- پێوەندی گرتن لەگەڵ ناوەندی هەواڵەکان و شوێنە تەبلیغاتی‌یەکان.
٦- چالاک کردنی ناوەندە ئیسلامی و تەبلیغاتی‌یەکان.
٧- دامەزانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی دینی و فەرهەنگی. (٤)

### دەوری کۆمەڵی رووحانییەتی موباریز لە راپەڕین دا

ئەو رێکخراوە بەهۆی موتەهەری و بەهێشتی، پێوەندیان بە خومەینی- یەوە هەبوو. بەشداری لە ڕێپوان و ناڕەزایەتی‌یەکان و کۆڕیاد و پرسەی شەهیدانی ڕێگای ئازادی یان دەکرد. هاوکاری‌یان لەگەڵ رێکخراوی دیکەی تا رادەیەک هاوبیر هەبوو. بۆ پێکهێنانی کۆمیتەی پێشوازی لە گەڕانەوەی ئا. خومەینی لە پاریس بۆ تاران زۆر چالاک بوون.

ئەو رێکخراوە نەخشی سەرەکی لە پێکهاتنی شووڕای شۆڕش لە گەرمەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران‌دا، هەبوو.
- ئەو شووڕایە لە ٢٢ ی بەفرانباری ١٣٥٧ دامەزرا و لە٥ کەس بەناوەکانی موتەهەری، باهونەر، بەهێشتی، رەفسەنجانی و مووسەوی ئەردەبیلی پێک هاتبوو کە زۆربەیان، ئەندامی کۆمەڵی رووحانییەت بوون.

پاش سەرکەوتنی راپەڕینی گەلانی ئێران (ئینقلاب)، ئەو رێکخراوە ئامانجی نوێی بۆ خۆی دیاری کرد کە گرینگترینیان بریتی بوون لە:

* پشتیوانی هەمەلایەنە لە شۆڕشی ئیسلامی.
* دەرووەستی بە ویلایەتی فەقیە و یاسای بنەڕەتی و پەسندکراوەکانی.
* پارێزگاریی لە داب و نەریتە شەرعی و ئیسلامی‌یەکان.
* پێداگریی لەسەر نەخشی سەرەکیی رووحانییەت لە دەسەڵات و گرێدانی دین و سیاسەت لەیەک، لە نیزامی نوێی ئێران دا.

کۆمەڵی رووحانییەت وێڕای مانەوەی وەک تەشکیلاتێکی سەربەخۆ لە دامەزرانی حیزبی جمهووری ئیسلامی (حجا) دا دەورێکی گرینگی گێڕا. هەروەها لە ڕاپرسی کۆماری ئیسلامی، هەڵبژاردنی مەجلیسی خێبرەگانی یاسای بنەڕەتی و داسەپاندنی ویلایەتی فەقیە و بەندە ئیسلامی‌یەکانی زۆر چالاک بوو. لە هەڵبژاردنی یەکەمین خولی سەرکۆماری دا، پشتیوانی لە ئەبولحەسەن بەنی سەدر کرد؛ کە زۆرینەی دەنگەکانی هێنایەوە.

ئەندامانی ئەو رێکخراوە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا لە شووڕای ئینقلاب، مەجلیسەکانی خێبرەگانی یاسای بنەڕەتی و ڕێبەری، دەزگاکانی یاسایی، ئیجرایی و قەزایی، شووڕای نیگابان، هێزە ئینتیزامی و نیزامی‌یکان، بەرپرسانی حەوزەکانی عیلمییە، شووڕای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی، شووڕای بەرزی تەناهی (ئەمنییەت) ی نەتەوەیی، ناوەندە ئامووزشی‌یە بەرزەکان، پێش‌نوێژکانی رۆژانی هەینی، و نوێنەرایەتی‌یەکانی وەلی فەقیە لە پارێزگاکان‌دا، دەوری کارێگەریان هەبووە و هەیە.

«محمد رضا مهدوی کنی»- یەکەم سکرتێری ئەو رێکخراوە لە دامەزران هەتا مەرگی ناوبراو لە ٢٩ ی رەزبەری ١٣٩٣بوو-. ناوبراو سەرپەرستی کۆمیتەکانی ئینقلاب بوو- کە لە ٢٣ ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٩)،دامەزران.- نەخشی کۆمەڵی ڕووحانییەت و هەڵسوکەوتی لەگەڵ،» جامعە مدرسین حوزە علمیە قم» ( کۆمەڵی دەرس وێژانی حەوزەی عیلمیەی قوم) و پێوەندی لەگەڵ موئتەلیفەی ئیسلامی دا،زۆر دیار و کاریگەر بوو، کە بەشێکی هەرە گرینگی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی پێک دێنێ.

ناوەندی کۆمەڵی رووحانییەتی موبارێزی تاران وەک «مؤسسە فرهنگی» ناونووس کرا. بەڵام لە زۆربەی هەرەزۆری دەسەڵاتداریەتیی رێژیم دا، بەشدار بووە!؟ هەروەها لە رۆژنامەی «رسالت» وەک زمانحاڵی کۆمەلی رووحانییەت کەڵک وەرگیراوە، بێ ئەوەی بەوشێوەیە بشووبهێندرێ. «هەواڵنامەی کۆمەڵ»، مانگانە لە نێو ئەندامان و لایەنگرانیان‌دا بڵاودەکرایەوە.

**سەرچاوەکان**

١- کتاب محمد رضا پهلوی آخرین شاهنشاە، ص ٢٣، د. هوشنگ نهاوندی و د. ایو بوماتی، انتشارات پرن، فرانسە
٢- دارابی ، علی، سیاستمداران اهل فیضیە، تهران، سیاست ١٣٧٩، ص ١٣٧ تا ١٣٩
٣- رضوی مسعود،هاشمی و انقلاب، تهران، همشهری، ١٣٧٨ ص ١٣٥
٤- دارابی، علی، سیاستمداران اهل فیضییە، تهران، سال ١٣٧٩ ص ٢٥٧

# پێوەندییەکانی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئۆرووپا و تورکیە



عەزیز شێخانی

نارەزایەتیی و تورەبوونێکی زۆر لە وڵاتانی رۆژئاوایی دا دەبیندری، کە بەشێک لە هێزە سیاسییەکان خوازیارن بارگاوی بکەن و لە پێناوی سەرکەوتنی خۆیاندا بەکاری بێنن. دوارۆژ پڕە لە گومان و لە ژێر ناوی هەڵبژاردن و دێموکراسیدا خەریکە تەوژمێکی خۆسەپێن باڵا دەکا و رەگ دادەکوتێ. لە رۆژئاوا پۆپۆلیست و راستگەراکان دەبووژێنەوە و لە ژێر ناوی پاراستنی ئاسایش، دژایەتی ئیسلام و کۆچبەران، سۆزی بەشێک لە خەڵکیان بۆ لای خۆیان راکێشاوە. ئەوان لەوە زیاتر پێیان لە بەرەی خۆیان راکێشاوە و باس لە چوونەدەری وڵاتەکانیان لە یەکێتی ئۆرووپا دەکەن. هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی ئۆرووپایی و هەروەها ئەنجامدانی رێفراندۆم لە سەر سیستمی سیاسی وڵات لە تورکیە دەرخەر و سەلمێنەری ئەو بارودۆخەن. باڵ و تاقمە رادیکاڵ و دەسەڵاتخوازەکان لە تورکیە و رۆژئاوا بارودۆخەکە بە لەبار دەزانن و تێدەکۆشن خەڵکێکی زیاتر بە گژیەکتردا بکەن.

> ماوەی چەند ساڵێکە، جیهان شایەتی ئاڵوگۆڕ و ژانی شکڵگرتنی سیستمێکی تازەیە، بەڵام بە ئاسانی جێناکەوێ. لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت لە ئەمریکا و ئۆرووپادا قەیرانی جیاواز قوت دەبنەوە

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کەمتر بینراوە، کە کاربەدەست و سیاسەتکارەکانی ژمارەیەک وڵاتی ئۆرووپایی و تورکیە بەوجۆرە توند و رەقە لە گەڵ یەکتر بدوێن. رەنگە ئەو هەنگامەیە بەشێکی بۆ گەرمکردنی تەندووری هەڵبژاردنەکانی تورکیە ودەوڵەتە ئۆرووپاییەکان قازانجی هەبێ، بەڵام سروشتی پێوەندی ئۆرووپاییەکان و تورکیە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. بەشێک لە دەسەڵاتدار و کاربەدەستانی تورکیە خوازیارن سیستمی سەرۆکایەتی بە یاسایی بکەن و بۆ ئەو مەبەستە لە دەرەوەی سنوورەکان و لە جەرگەی ئۆرووپادا بۆ راکێشانی دەنگی تورکەکانی ئەو وڵاتانە پروپاگەندە دەکەن. سیاسەتکار و پارتە سیاسییەکانی رۆژئاوا و بە تایبەت بەرەی راست لەو کارەی کاربەدەستانی تورک تورەن و لە بەشێک لە وڵاتان بەربەستیان بۆ نوێنەر و کاربەدەستانی تورک دروست کردوە. بوونی چەند ملیون تورک لە رۆژئاوا و بەکارهێنانیان لە پرسە نێوخۆییەکانی تورکیە بوەتە باسێکی سیاسی و رەنگە لە دوارۆژدا ئەو پرسە زیاتر تەتەڵە بکرێ.

تورکیە وەک وڵاتێکی دیار و پاشماوەی ئیمپراتۆری عوسمانییەکان بۆ رۆژئاواییەکان و بە تایبەت یەکێتی ئۆرووپا پڕە لە خاڵی ئەرێنی و نەرێنی. مێژوو لەو پێوەندییەدا حوکمی خۆی داوە و لە بەشی ناوشیاری مێشکی دیپلۆماسی، سیاسەت و کولتوریی هەموو لایەنەکاندا ئەو فاکتانە ئامادە و راوەستاون. چیرۆکی رووداوەکانی چەند سەدەی رابردوو لێرە و لەوێ دەگەشێنەوە و هەستی سیاسەتکار و پارتە رادیکاڵەکان ختوکە دەدەن. ئابلۆقەدرانی شاری ڤییەن، لە لایەن عوسمانییەکان ٥ سەدە لەمەوبەر لە بیروزەینی رادیکاڵە ئایینی و سیاسییەکانی ئۆرووپا نەچووەتەوە. دژایەتیکردنی ئیسلام و موسڵمانە رادیکاڵەکان لە هەناوی کردە و دژکردەوەی بەشێکی زۆر لە سیاسەتکار و ئایدۆلۆژیستە کولتورییە رۆژئاواییەکاندا پەنگی خواردوەتەوە. بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایەتی لە هولەند، ئاڵمان و ئۆستریا (نەمسا یان ئوتریش) و هتد، بەرامبەر بە سیاسەتی کاربەدەستانی ئەمڕۆی تورکیە، بەشێک لەو چیرۆکە دوور و درێژەی پێوەندی نێوان عوسمانیی و رۆژئاواییەکان لە ماوەی چەند سەدەی رابردوو دەخاتەروو. ئەمڕۆ لە رۆژئاوا کۆچبەران و بە تایبەت کۆچبەرە موسڵمانەکان و دوارۆژی ئاسایشی رۆژئاواییەکان کراوەتە کەرەستەی سیاسەت و دەنگ وەرگرتن و ئەوان لە خەراپیی دۆخە ئابوریەکەشدا تۆمەتبار دەکرێن.

تورکەکان و تورکیە وەک پاشماوەی عوسمانی لە بیریانە، کە چەندە و چۆن لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا کەوتنە بەر دەستی زلهێزە رۆژئاواییەکان و بە نەخشەی پێشوەخت و سیاسەتی رۆژئاواییەکان خاکەکەیان دابەشکرا. بە واتایەکی دیکە، بیرەوەریە تاڵ و ناخۆشەکانی دوێنێ لە بیروزەینی رۆژئاوایی و تورکەکان و بەشێکی دیکە لە گەلانی دوو کەرتی ئاسیا و ئۆرووپادا هێشتا پێگە و جێگەی خۆیان هەیە. ئاشکرایە، کە دامەزرێنەر و زۆربەی سیاسەتکارانی تورکیە تێکۆشاون وڵاتەکەیان لە رۆژئاوا نیزیک کەنەوە و هاوشێوەی رۆژئاوا رەنگ و روخساریان دەرخەن. بڕیار و سیاسەتەکانی کەماڵ ئاتاتورک لە گۆڕینی شێوازی نووسینی زمانی عوسمانی بۆ ئەلفوبێی لاتین و هەروەها قەدەغەکردنی پۆشاکی ئیسلامی دەیسەلمێنن، کە سیاسەتکار و دەسەڵاتدارە تورکەکان بۆ پراکتیزەکردنی پرۆژەی خۆبەرۆژئاوایی کردن چەندە کارا و هەڵسووڕ بوون. بناخەدانەر و دامەزرێنەرانی تورکیە بۆ تێپەڕاندنی پاشکەوتوویی و هەروەها بڕینی پلەکانی پێشکەوتن گرتنەبەری رێچکەی رۆژئاوایان بە دەرمان و چارەسەر زانیوە. شایانی باسە،ئاڵوگۆڕەکان و رەوتی چوون بەرەو فۆرمی رۆژئاوایی بە نیوەچڵی دەستیان پێکرد. رێفۆرم و ئاڵوگۆڕەکان هەمەلایەنە و گرێدراوی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا نەبوون. ئەوان لە پراکتیزەکردنی گەڵاڵە و پلانەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە خوازیاربوون سیاسەتی گوڵبژێر لە پێوەندی لە گەڵ پرۆسەی رێفۆرم و گەشەکردندا بەکاربێنن. تورکەکان لە دەستەبەرکردنی متمانەی رۆژئاواییەکان و تەنانەت هاووڵاتیانی نێوخۆدا سەرکەوتوو نەبوون. ئەوان تێکۆشاون لە رواڵەت و رووکاردا لاسای رۆژئاواییەکان بکەنەوە و بەکردەوە و لە سیاسەتی رۆژانەدا خۆیان لە کرۆکی ئاڵوگۆڕەکان بپارێزن. داڕێژەرانی سیاسەت لە تورکیە خۆیان لە پرسە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەت ئازادیی و مافی مرۆڤ دزیوەتەوە و ویستوویانە خۆیان و رۆژئاواییەکان بە جوانکردنی سەرخان و رووکار سەرقاڵ بکەن.

دەوڵەتە رۆژئاواییەکان و بە تایبەت بەشێک لە ئەندامانی یەکێتی ئۆرووپا نەیانشاردوەتەوە، کە تورکیە لە بواری کولتور، مێژوو، ژینگە و بایەخەکانەوە لە گەڵ رۆژئاواییەکان یەکانگیر نییە. بەشێک لە گومانی رۆژئاواییەکان بەرامبەر بە پرۆسەی بەرۆژئاوایی کردنی تورکیە لە تێڕوانین و دەربڕینی گۆڤار و نووسینەکانی دەیەی ١٩٢٠دا دەردەکەوێ، کە باس لە نامۆبوونی کولتوری ئەو مەڵبەندە لە گەڵ رۆژئاوا دەکەن. لە دەیەکانی دواتردا بە روونی باس لەوە کراوە، کە دێموکراسی و ئیسلام لە گەڵ یەکتردا ناتەبان و ئەو کۆسپە گەورەیە بە ئاسانی لە سەر رێگای خۆبەرۆژئاوایی کردندا لاناچێ. رۆژئاواییەکان لە بەرەی سیاسەت و کولتوردا رەخنەیان لە پاشخانی بیروبۆچوون و شێوازی سیاسەت و دەربڕینی خەڵک لە تورکیە گرتوە. ئەوان لە سەر بناخەی فاکتە مێژووییەکان رایانگەیاندوە، کە پراکتیزەکردنی پرۆژەی بە رۆژئاوایی بوون بۆ تورکیە کارێکی ئەستەمە. لە بیرۆکە و دەربڕینی راستەقینەی خەڵک و بەشێک لە چاوەدێر و شارەزایان دەردەکەوێ، کە تورکیە و رۆژئاوا لە یەک چوارچێوەدا ناحەوێنەوە و ئەستەمە جیاوازییەکانیان تێپەڕێنن.

تورکیە لە ساڵی ١٩٤٩ی زایینی بوەتە ئەندامی رێکخراوی ناتۆ. لە ساڵی ١٩٦٣ لە گەڵ کۆمەڵەی ئابووری ئۆرووپادا رێککەوتننامەی لێک تێگەیشتنیان مۆر کرد و ساڵی دواتر کەوتە بواری جێبەجێکردن. لە ساڵی ١٩٨٧ داوای ئەندامەتی لە یەکێتی ئابووری ئۆرووپا کرد، کە ساڵی ١٩٩٠ لە سەر جیاوازی بناخەی ئابووریی و سیاسی رەتکرایەوە. تورکیە، لە قۆناغی شەڕی سارددا پێگەی باشتری لە جەرگەی رۆژئاوا و بە تایبەت لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەستەبەر کرد. ئەو نیزیکایەتییە پانتایی سیاسەت و کولتوری نەدەگرتەوە و تورکەکان و رۆژئاواییەکان پێکەوە وەک یاسایەکی نەنووسراو رەچاوی دۆخەکەیان دەکرد. لە کۆتایی شەڕی ساردا، تورکیە بە ئەندامی رێکخراوی ئابووری هاوبەشی ئۆرووپا وەرنەگیرا و ئەو بڕیارەی ئۆرووپاییەکان شوێنەواری نەرێنی لە سەر بەرێوەبەران و سیاسییەکانی تورکیە بەجێهێشت. دوای ئەو رەوتە، یەکێتی ئۆرووپا و تورکیە قۆناغێکی دیکەیان لە کارکردن بۆ گەیشتن بە یەکتر دەست پێکرد. لە کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئۆرووپا لە شاری هێلسینکی (١٩٩٩) تورکیە وەک بەربژێری ئەندامەتی یەکێتی ئۆرووپا وەرگیرا. دیالۆگ و وتووێژی ئەندامەتی نێوان دوو لایەن لە مانگی هەشتی ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی دەستی پێکرد. ئەگەرچی ئەو کات یەکێتی ئۆرووپا لە لوتکەی گەشەکردن و پەلهاویشتندا بوو، بەڵام زۆربەی شارەزایان بە گومانەوە لە پرسی ئەندامەتی تورکیە لە یەکێتی ئۆرووپایان دەڕوانی. بەشێک لە چاوەدێران نەکەوتنە ژێر کارتێکەری کفوکوڵی کورتماوە و رووداوە مێژووییەکانیان لە بیر نەکرد و باسیان لەوە کرد، کە قۆناخێکی ٢٠ ساڵە بۆ پراکتیزەکردنی ئەو پرسە پێویستە. درێژەکێشانی ئەو پرۆسەیە تورکەکانی ماندوو کرد و روانگەی بەشێک لە شارەزایانی لە مەڕ دژواربوونی ئەو پرۆسەیە سەلماند.

ماوەی چەند ساڵێکە، جیهان شایەتی ئاڵوگۆڕ و ژانی شکڵگرتنی سیستمێکی تازەیە، بەڵام بە ئاسانی جێناکەوێ. لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت لە ئەمریکا و ئۆرووپادا قەیرانی جیاواز قوت دەبنەوە. بە گوێرەی لێکدانەوە پەرتەوازەکان دۆخەکە خەریکە گرژ دەبێ و شەپۆلێکی تازە لە گەڕانەوە بەرەو ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزم خەریکە وڵاتانی تەنانەت دێموکراتیک دەتەنێتەوە. ئەو تەوژمە تازە، دژی کراوەیی سنوورەکان، گەشەکردنی زیاتری یەکێتی ئۆرووپا و هاتنی کۆچبەرانە. لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە باس لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی و سنوورەکانیان دەکەن و پڕن لە گومان و ترس بەرامبەر بە دوارۆژی خۆیان و وڵاتەکەیان. یەکێتی ئۆرووپا کە رۆژانێک بە لوتکەی گیانی هاوکاریی نێوان ئەندامەکانی دەژمێردرا و لە ئاستی جیهاندا بە رێکخراوێکی کاریگەر دەناسرا، لە گەڵ زۆر ئاستەنگ و کێشە رووبەڕوو بوەتەوە. کێشەکان جیاوازن و لایەنە ئەرێنییەکانی ئەو رێکخراوە گرینگەیان خستۆتە ژێر سێبەری خۆیان و بەشێک لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بە چاوی گومانەوە دەڕواننە دوارۆژی یەکێتی ئۆرووپا.

لەو سەردەمەدا پێوەندییەکانی تورکیە و یەکێتی ئۆرووپا زیاتر لە جاران ئاڵۆز بوون و رق و کینەی پەنگخواردووی سیاسیی و ئایدۆلۆژیستەکانی دوو لایەن زیاتر خۆیان دەردەخەن. پێوەندییە دوو لایەنەکانی نێوان یەکێتی ئۆرووپا و تورکیە پاشخانێکی نەرێنی و بەستێنێکی رەق و دژواری هەیە. ئەوان لە سیاسەتی خۆیاندا هێشتا وازیان لە رەمز و سەمبولەکانیان نەهێناوە و بە تەواوەتی لە رابردوو دانەبڕاون. هێشتا کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لە رۆژئاوا دەورووژێندرێ و هەرجارە و لە وڵاتێک ئەو بابەتە سەر لە ناوەند و دەزگایەکی ئیداریی یان سیاسی دەردێنێ. تورکەکان ئامادە نین دان بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکاندا بنێن و بە هەموو توانایانەوە تێکۆشاون خۆیان لەو پرسە مێژووییانە بدزنەوە و رووداوەکان بە جۆرێکی دیکە پێشان بدەن. لە سەر پرسی کورد و چارەسەرکردنی ئەو هاوکێشە کۆنە و باشترکردنی دۆخی کوردەکان جیاوازی بیرکردنەوەی نێوان تورکەکان و رۆژئاواییەکان زۆرە. ئەردۆغان و پارتەکەی لە پەرتەوازەیی هێزە سیاسییە نێوخۆییەکانی وڵات سوودیان وەرگرتوە و بە تاکتیک و سیاسەتی جیاواز ئەوانیان لە یەکتر دوور راگرتوە. توندترکردنی کایەی سیاسەت و راگەیاندن لە نێوخۆی وڵات، قوڵترکردنی قەیرانی کوردان، داخستنی ناوەند و دەزگای راگەیاندنی ئازاد و گرتن و دەرپەڕاندنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی تورک دوای کودەتای ساڵی رابردوو، چاوەکانی لە سەر ئەردۆغان و هاورێکانی تیژ کردوە. زۆر لایەن و دەوڵەت لە کاڵبوونەوەی پێگەی دێموکیاسی لە تورکیەدا و هەروەها گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی تاکە کەس نیگەرانن و شەڕی ئاکەپە و سەرکۆمار بۆ پراکتیزەکردنی خەونەکانیان بە وروژێنەر پێناسە دەکەن.

لە ساڵانی رابردوودا نەوەیەک لە رۆژاوادا ئیدارەی کاروبارەکانی دەکرد، کە بە رێژەیەک خوازیاری پێشاندانی نییەت چاکی بەرامبەر بە تورکیە بوون. ئەمڕۆ دۆخەکە گۆڕاوە و ئەو دەنگانە لە ئۆرووپا کەمن و روخسارە نەرێنیەکە زیاتر لە جاران باڵی بە سەر پێوەندییەکاندا کێشاوە. لە روانگەی سیاسەتکارە ئۆرووپاییەکان قەوارەی دەوڵەت، کولتوری ئیدارەی کۆمەڵگا و سیاسەت و هەروەها مافی مرۆڤ و بایەخە مرۆییەکان لە تورکیەدا ناکەونە چوارچێوەی نۆرمە رۆژئاواییەکان و بەو شێوەیە بە کەڵکی ئەندامەتی یەکێتیەکەیان نایەت. رۆژئاواییەکان وەک دەوڵەتێکی خاوەن پێگە لە تورکیە دەڕوانن، کە دەتوانن لە بواری جیاوازدا درێژە بە هاوکارییەکانیان بدەن، بەڵام ئۆگریان بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش نییە. تورکیە خاوەنی بازاڕێکی گەورەی فرۆشی کاڵا، پێگەی جۆغرافیایی پڕ بایەخ و هەروەها سەنعەتی توریزمە، بەڵام ئابووریەکەی لە نەبوونی ئاسایش و سیاسەتی هاوسەنگ لە گەڵ رۆژئاوا و دەوروبەردا، زەبری گەورەی بەردەکەوێ.

> لە ساڵانی رابردوودا نەوەیەک لە رۆژاوادا ئیدارەی کاروبارەکانی دەکرد، کە بە رێژەیەک خوازیاری پێشاندانی نییەت چاکی بەرامبەر بە تورکیە بوون. ئەمڕۆ دۆخەکە گۆڕاوە و ئەو دەنگانە لە ئۆرووپا کەمن

لەو ماوەیەدا سیاسەتکارە تورک و رۆژئاواییەکان لە گۆڕەپانی دیپلۆماسی و راگەیاندندا بە توندی بەرەنگاری یەکتر بوونەتەوە. رۆژئاواییەکان تێکۆشاون ئارامتر بن و وەک کاربەدەستانی تورک هەناسەسوار نەبن و خۆیان لە دژکردەوەی خێرا پاراستوە. دەسەڵاتدارانی ئانکارا چەند جارێک رایانگەیاندوە، کە لەوە زیاتر سووکایەتی رۆژئاواییەکان قبوڵ ناکەن و رێککەوتننامەی مانگی مارسی ساڵی ٢٠١٦ی زایینی لە گەڵ ئۆرووپاییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. بە گوێرەی ئەو رێککەوتننامەیە، تورکیە رێگا لە رۆیشتنی بەربڵاوی کۆچبەران بۆ یۆنان دەگرێ و دیپۆرتکراوەکانی یۆنان رادەگرێتەوە. ئەو وڵاتە لە بەرامبەردا یارمەتی ماڵی بۆ کۆچبەرە سورییەکان وەردەگرێ و دەوڵەتە پەنابەر وەرگرەکان تێدەکۆشن راستەوخۆ لە کەمپەکانی نێوخۆی تورکیە کۆچبەرە سورییەکان وەرگرن و رایانگوازن. بەرپرسانی ئۆرووپایی هەروەها لەو رێککەوتننامەیەدا بەڵێنیان داوە، کە گەشە بە پرسی ئەندامەتی تورکیە لە یەکێتی ئۆرووپادا بدەن و بابەتی هاتووچۆی هاووڵاتیانی تورک بۆ ئۆرووپا چارەسەر بکەن. کاربەدەستانی تورک لە هەستیاری پرسی کۆچبەران تێدەگەن و دەزانن کە وەک پرسێکی جیهانی بە ئاسانی دەتوانێ رۆژئاواییەکان بهەژێنێ. لە ئاکامی ئەو رێککەوتنەدا، لە رێژەی کۆچبەرە سوریی و عێراقیەکان بۆ ئۆرووپا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بوەتەوە.

بە باوەڕی دەسەڵاتدارانی ئانکارا، رۆژئاواییەکان لە پرسی ئەندامەتی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئۆرووپا راستگۆ نەبوون و دووڕوو دەرکەوتوون. ئەوان داوا دەکەن، کە لانی کەم هاوڵاتیانی تورکیە بتوانن لە سنووری دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەو رێکخراوەدا ئازادانە هاتووچۆ بکەن و پێویستیان بە وەرگرتنی ویزای سەفەر نەبێ. بە گوێرەی دەربڕین و لێدوانی بەرپرسانی تورکیە، خاڵەکانی رێککەوتننامەکە لە لایەن رۆژئاواییەکانەوە جێبەجێ نەکراون و بۆیە هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی دەکەن. شایانی باسە، کە دوای کودەتاکەی ساڵی ٢٠١٦ ی زایینی، تورکیە بۆ وەرگرتنەوەی ئەفەسەرە تورکە هەڵاتووەکان لە یۆنان هەڕەشەی پاشگەزبوونەوە لەو گرێبەستەی کرد. تورکەکان بەو دۆخە تووڕەن و لە نێوان دوو بەرداشدا ماونەتەوە، چونکە هەڵوێستی بەشێک لە دەوڵەتە ئۆرووپاییەکان بۆ ئەوان شکێنەرە. کاتێک وەزیرەکانیان لە هولەند، ئاڵمان و ئۆستریا ناتوانن بۆ پرسە نێوخۆییەکانیان لە گەڵ هاوڵاتیانی خۆیان کۆبوونەوە پێکبێنن، بە زمانی کردار تێدەگەن کە ویستی مەزنخوازی ئەردۆغان و پارتەکەی بە ئاسانی لێرە و لەوێ قووت نادرێ. ئەوان لە دژکردەوەدا ئۆرووپاییەکان بە ناو و ناتۆرەی جۆراوجۆر بانگ دەکەن و هەروەها ئاڵمان بە پشتگیری کردن لە تیرۆریزم تۆمەتبار دەکەن.

بۆ رۆژئاواییەکان دژوارە، کە کاربەدەستە تورکەکان بە مەبەستی بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی سەرکۆمار و گۆڕینی سیستم بۆ سەرۆکایەتی لە شەقام و شارەکانی ئۆرووپادا تەراتێن بکەن. بە واتایەکی دیکە، ئەوان لەو سیاسەتەی تورکیە تووڕەن و دڵگرانی خۆیان لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو دواییانەی تورکیە نەشاردوەتەوە. لە سەر بابەتی کردنەوەی سنوورەکان بۆ هاتنی کۆچبەری زیاتر بۆ ئۆرووپا، کەم و زۆر هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ لە تورکیە کراوە. کاربەدەستانی تورک دەزانن، کە لەو کێبەرکێیەدا ناتوانن بە سەر رۆژئاواییەکاندا سەرکەون و تێدەکۆشن خۆیان تێکەڵ بە شەڕی راگەیاندنی رۆژئاواییەکان نەکەن. گێراڵد کناوس کە یەکەمین پلانی راگرتنی شەپۆلی کۆچبەران لە رێگای تورکیە و یۆنانی داڕشتوە، لە سەر ئەو باوەڕەیە، کە تورکەکان سوودی زۆر لە رێککەوتننامەکە دەبینن و هەڕەشەکانیان تەنیا تاکتیکین. تورکەکان لە ماوەی سەدەیەکدا بە دۆست و نەیارانی خۆیان سەلماندوە، کە لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا و پاراستنی سنوورەکانی وڵاتەکەیاندا هێندێک هێڵی سووریان هەیە، بەڵام چاویان لە سەر بارودۆخەکە کراوەیە و دەزانن لە جۆلانەی سیاسەت و دیپلۆماسیدا پاش و پێش بکەن.

تاقیکارییەکانی نێوان تورکیە و یەکێتی ئۆرووپا دەخوازێ، کە لەوە زیاتر هەست و تێڕوانینیان بە زمانی شاراوە دەرنەبڕن. ئەوان ئێستا پاش زیاتر لە نیوسەدە هاوکاریی و کاری هاوبەش لاقیان لە سەر زەوییە و دەزانن، کە وتە و بەڵێنەکان لەوە زیاتر بڕناکەن. سیاسەتی پراگماتیسم لەو گۆڕەپانەدا دەریخستوە، کە نە رۆژئاواییەکان باوەڕیان بە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە تورکیە هەیە و نە تورکەکان لەوە زیاتر حەز بە درێژەدان بە سیاسەتی خۆهەڵواسین بە پرۆژەی بەرۆژئاوایی بوون دەکەن. ئێستا و لە داهاتوودا دوو لایەن تێدەکۆشن لە سەر بناخەی تێگەیشتنی خۆیان لە گەڵ یەکتردا هاوکاری بکەن و پرسی ئەندامەتی تورکیە بە کردەوە بە دوارۆژێکی ناڕوون بسپێرن. تورکەکان لەو چاوەڕوانییە دوور و درێژە ماندوو و شەکەت بوون و بە کردەوە دەبینن، کە یەکێتی ئۆرووپا لەو رۆژە دژوارانەی تەمەنیدا هێشتا ئامادە نییە پرسی ئەو وڵاتە یەکلا بکاتەوە. ئەوە سرووشتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، کە دەوڵەتەکان ناچارن بە رێژەیەک دەرگاکان بخەنە سەر پشت و بە شێوازێک بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن. تورەبوونە سیاسییەکان خاو دەبنەوە و تورک و رۆژئاواییەکان لە سەر پرسەکانی نێوانیان ناچارن رێککەون، بەڵام جیاوازییەکانی نێوانیان و روانگەکانیان لە سەر یەکتر بە ئاسانی ناگۆڕێن. سروشتی سیاسەت لە وڵاتان بە ئاسانی ناگۆڕێ و دروشم و پلانەکان ناتوانن بە تەنیا ببنە مایەی ئاڵوگۆڕ. بەرژەوەندییەکان لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕەکاندا دەگۆڕێن و دەوڵەتەکان وەک ئەکتەری کارای سیاسەت و ئیدارە لە کۆنەوە ئاشنای یاسای گەمەکانن.

کوردستان
ژمارە: ٧٠١
١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ _ ٤ی ئاوریلی ٢٠١٧

# پێوەندی‌یەکانی ئێران و ڕووسیە!



رەزا محممەد ئەمینی

رۆژی دووشەممە ٧ی خاکەلێوەی ، حەسەنی رووحانی سەرۆککۆماری رێژیم بە سەرپەرستی هەیئەتێکی حکوومەتی سەردانی رووسیەی کرد و لەگەڵ دیمیتری مێدوێدوڤ سەرۆک وەزیر و ڤێلادیمیر پۆتین سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە دیدار و گفتوگۆی کرد. لە کۆتایی ئەو سەفەرەدا بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاو کرایەوە کە لەودا بە پێی نەخشە ڕێگایەک لەسەر پەرەپێدانی پێوەندی‌یەکانی دوولایەن لە هەموو بوارە ئابوریی و سیاسی و فەرهەنگی‌یەکان هەتا ساڵی ٢٠٢٠ پێداگری کرابوو. لەو دیدارەدا چەند ڕێککەوتنی ئابووریی گرینگ مۆر کران کە گرینگ‌ترینیان دامەزراندنی دوو وێستگەی ناووکی دیکە لە پارێزگای بووشێهر و وێستگەی گەرمایی لە بەندەرعەباس و پەرەپێدانی رێگای ئاسن و ... بوون.

دیداری رووحانی لە رووسیە و پەرەپێدانی پێوەندی‌یە سیاسی و ئابووری‌یەکانیان لە کاتێکدایە کە لەلایەک کۆماری ئیسلامی هیچ کات وەک ئێستا دەرکی بە گرینگی و پێویستی پەرەپێدانی پێوەندی‌یەکانیلەگەڵ رووسیە نەکردووە و لەلایەکی دیکەش دوولایەن بەدەگمەن وەک ئێستا لە مەیدانی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی‌دا وەها هاوهەڵوێست و هاوتەریب بوون. دیارە هەریەک لە رێژیمی زاڵ بەسەر ئێران‌دا و رووسەکان لە سۆنگە و قازانج و بەرژەوەندی خۆیانەوە ئەو پێوەندی‌یانە هەڵدەسەنگێنن و تێدەکۆشن لە کورتخایەن و ئەگەر بەرژەوەندی‌یە هاوبەشەکان بەردەوام بوون لە درێژخایەن‌دا لەو پێوەندی‌یانە، بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان کەڵک وەرگرن. بەڵام شک لەوەدانی‌یە ئەوەی ئەو دوو رێژیمەی هێناوەتە سەر ئەو باوەرە کە دەبێ پێوەندی‌یەکانیان هەرچی زیاتر پەرە پێبدەن، جگە لە قازانج و بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌یەکان، کە خۆی لە خۆی‌دا گرینگە و بایەخی زۆری بۆ هەردوولایەن هەیە؛ پێویستی هاوبەندی سیاسی ناوچەیی‌یە. بەتایبەت بۆ کۆماری ئیسلامی دژکردەوەی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کەنداوی فارس لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی مووشەکی ئەو رێژیمە و ئەگەری داسەپاندنی گەمارۆی ئابووری زیاتر بەسەری‌دا و هەروەها قەیرانی سووریە و داهاتووی ئەو وڵاتە شەڕلێدراوە گرینگی تایبەتی هەیە و دەیهەوێ هەرچۆنێک بێت لە لایەک لە کێشەکانی نێوان رووسەکان و ئەمریکا و هاوپەیمانە ئورووپایی‌یەکانی بە قازانجی خۆی کەڵک وەرگرێ و لەلایەکی دیکەش لە ئەگەری هەرچەشنە هاوبەندیی‌یەکی ناوچەیی بە دژی خۆی، پشتیوانێکی بەهێزی وەک رووسیەی هەبێ کە لە رێکخراوی نەتەوەیەککگرتووەکان‌دا مافی ڤێتۆی هەیە و دەتوانی کاریگەری هەبێ لەسەر هەر چەشنە سێناریۆیەکی ناوچەیی و جیهانی‌دا.

ئەگەر بروانینە دوایین کۆبوونەوەی وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس و ئەو هەڵوێستە توندەی بەرانبەر بە سیاسەت و کردەوەکانی ئاژاوەگێڕانە و تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا نواندیان، بۆمان دەردەکەوێ، سەفەری رووحانی بۆ مۆسکۆ و مۆرکردنی چەندین ڕێککەوتن‌نامەی ئابووری کە گومانی تێدایە بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێت، زۆرتر مەبەستی ڕێککەوتنی سیاسی و راکێشانی پشتیوانی سیاسی رووسەکانە لە کۆماری ئیسلامی ئێران؛ ئەگینا هەموو لایەک بە دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامیشەوە باش دەزانن رووسەکان لە گرێبەستە ئابووری‌یەکانیش‌دا زۆر سەرڕاست نەبوون؛ بۆ نموونە وێستگەی ناووکی بووشێهر زیاتر لە ١٦ ساڵی خایاند کە لەلایەن رووسەکانەوە ڕادەستی ئەو ڕێژیمە کرایەوە! بەوحالەش وادیارە کۆماری ئیسلامی بەتەمایە بە دانی ئیمتیازگەلێکی وەک، ئەگەری چاوپۆشی لە بیست لەسەدی مافی ئێران لە دەریای خەزەر و رازی بوون بە پشکی سێزدە لەسەد و هەروەها کڕینی فڕۆکەی سۆخۆ و ئیزن دان بە فڕۆکە شەڕکەرەکانی رووسەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لە پێگەی ئاسمانی‌یەکانی لە ئێران و چەند ئیمتیازێکی دیکە، ئەو زلهێزە لەخۆی رازی، و پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆخۆی دەستەبەر بکات.

جگەلەوەش کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئەوە بۆ شەش سال دەچێت بە هەموو توانا ماڵی و سەربازی‌یەکانی‌یەوە پشتیوانی لە رێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە دەکات و تا ئێستا بە هەزاران پاسدار و بەسیجی بۆ پاراستنی ئەو ڕێژیمە کە هۆکاری ماڵوێرانی میلیۆنها کەس لە خەڵکی وڵاتەکەیەتی، بە کۆشتن داوە، نیگەرانە لە هەڵوێستی داهاتووی رووسەکان لەو وڵاتەدا؛ بەتایبەت کە رووسەکان لەلایەک ئێستا سەرەکی‌ترین یاریزانی ئەو قەیرانە خوێناوی‌یەن و دەتوانن بە هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدا(تورکیە) رێڕەو و داهاتووی سووریە بە ئاقارێکدا بەرن کە جێی رەزامەندی کۆماری ئیسلامی نەبێ و لەلایەکی دیکەش رووسەکان نیشانیان داوە لە سات و سەودا کردن‌دا هیچ بایەخێک بە دۆستەکانیان نادەن و ئامادەن بۆ بەرژەوەندی باڵای خۆیان چاوپۆشی لە زۆرێک لە ڕێکەوتنەکانیان، تەنانەت لەگەڵ بەناو دۆستە لەمێژینەکانیشان بکەن.

> سەفەری رووحانی بۆ مۆسکۆ و مۆرکردنی چەندین ڕێککەوتن‌نامەی ئابووری کە گومانی تێدایە بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێت، زۆرتر مەبەستی ڕێککەوتنی سیاسی و راکێشانی پشتیوانی سیاسی رووسەکانە لە کۆماری ئیسلامی ئێران

رووسەکان لەگەڵ ئیسرائیل پێوەندی‌یەکانیان باشە و ماوەیەک لەمەوبەر سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە، بێنیامین ناتانیاهوو سەردانی کرێملینی کرد و زۆر بەڵێنی لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌لە رووسیە وەرگرت کە هەر لەجێ‌دا پێناخۆش بوونی دەمڕاستەکانی ئەو رێژیمەی لێکەوتەوە. ئەو زلهێزە لەگەڵ بەرەی عەرەبستانی سعوودیش بەینی خۆشە و لە رێکخراوی نەوتی ئۆپێک‌دا هاوکاری باشیان هەیە و عەرەبستانی سعوودی بۆ پەکخستنی پێوەندی رووسەکان و کۆماری ئیسلامی ئامادەیە بە هەزاران میلیارد دۆلار رێککەوتنی ئابووری لەگەڵ مۆر بکات. رووسەکان سەرەڕای درێژکردنەوەی گەمارۆ ئابووری‌یەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی لە پێوەندی لەگەڵ لکاندنی شێوە دوورگەی کریمە بە خاکی خۆیان و ئاژاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین، ئێستاش ئامادەن لەگەڵ ئەو بەرەیە وەک گەورەترین شەریکی ئابووری خۆیان تەعامول بکەن و لەو ڕێ‌یەدا قەت دەرگای سات و سەودایان گاڵە نەداوە.

سەیر ئەوەیە مێژوو زۆر جاران دووپات بوونەوەی هەڵەکانە و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بۆ مانەوەی خۆیان زۆر جاران هەڵەی رابردوویان دووپات دەکەنەوە. ئەو راستی‌یانە ئەوە دەردەخەن کە پشت ئەستوور بوون بە رووسەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە رێک وەک گرەو کردن لەسەر ئەسپی دۆڕاوە؛! کەس نی‌یە نەزانێ لە پێوەندی‌یە درێژخایەنەکان، رووسەکان نەک هەر ناخوازن لە لایەن ئەمریکا و ئورووپاوە پشت گوێ بخرێن، بەڵکوو رووسەکان ناتوانن رۆڵ و جێگە و پێگەی ئابووری و سیاسی و ئەمنی‌یەتی ئەو وڵاتە و هاوپەیمانە ناوچەیی و جیهانی‌یەکانی نادیدە بگرن. رووسەکان دەزانن کە ناتوانن چەند سەرەداوی دژ بە یەک بە دەستەوە بگرن و یاری بە بووکەڵەکان بکەن و لە هەمان کاتیش‌دا خۆیان بێلایەن نیشان بدەن! هەر بۆیەشە چ لە ئاست بەرنامە مووشەکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی و چ لە هەر چەشنە بەرەنگار بوونەوەی سیاسی و سەربازی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و چ لە قەیرانی خوێناوی سووریەدا، بێگومان هەڵوێستی درێژخایەنیان لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی هاوتەریب نابێ و ئەو زلهێزە لە کۆتایی و لە ئەگەری هەڵبژاردنی لایەنێک‌دا، ئەوە وەدوای بەرژەوەندی‌یە باڵاکانی خۆی دەکەوێ و کۆماری ئیسلامی دەکاتە قۆچی قوربانی خۆی. رێژیمێک کە سەرەڕای مۆرکرانی رێککەوتنی «بەرجام» هێشتا لە ئاستی جیهانی‌دا هەر تەریک ماوەتەوە و لە ئاستی نێوخۆییش‌دا لەگەڵ هەرەس هێنانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرەوڕوویە و دۆش‌داماوە لە چارەسەری قەیرانەکان و سەرلێشێواوە لە خۆ دەرباز کردن لە باروودۆخە.



## میژووی زیندوو

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر مراد ئەحمەدی

هەیاس کاردۆ

ماوەیەکی باش بوو ڕەنگ ورووی ئاوایی‌یان نەدیبوو. هەموو، تێک قرماوی سیس هەڵگەڕاوی زگ بە پشتەوە نووساوی لێو ویشک هەڵاتوو بوون. ئەوەندە خۆیان بێرو بەوێدا کردبوو کەوش و لیباسی ساغیان بۆ نەمابووەوە. بەڕادەیەک بەدەوری خۆیاندا خولابوونەوە هەموو بەری پێیان قەڵشی دابوو. بەجۆرێک کەوتبوونە بەرپەلاماری بێ بەزەییانەی نەهامەتی خەریک بوو بە تەواوی برستیان لێ ببڕێ. لەنێو جەغزێکی وا تەنگەبەردا گیریان کردبوو کە هێندەی نەمابوو بەپانەوە تێدا بچن. لەو ماوە بەردرێژەدا هەرکات و سات شانۆی مەرگ و ژیان دەهاتە سەرپەردە و شانۆکارانی قاڵبووی ئەو هونەرە بەرزە هەموو جارێ سوپای مەرگیان تێک دەشکاند. ئەوان کە هاتبوون ژیان ببەخشن و خۆشی بۆ گەل بکڕن، ئێستا لەبەرامبەر هەڕەشەی مەرگدا و بۆ بەردەوامیی ژیان ڕۆحیان لەسروشت قەرز دەکرد و نەفەسیان لەهەوا بە ئەمانەت وەردەگرت. ئەوان خوازیاری ئەوە بوون زیاتر بژین بۆ ئەوەی باشتر خزمەت بکەن و زیاتر لە ئامانج نزیک بنەوە. یەک چرکە زیاتر ژیان، مانای زەمانێکی بێ ئینتیهای دەبەخشی و هەنگاوێک بۆ پێشەوە چوون و، دەروازەی جیهانێکی دیکەی بەڕوودا دەکردنەوە. ئەوان پۆلێک هەڵۆی تێژباڵ بوون کە داوی نەیار و هەڵکەوتی سروشت خەریک بوو ڕاویان بکا و لە هەورازی ژیان دایانگێڕێتە خوارێ. ئەوان دەستەیەک هەڵوەدای بیرێکی بەرین بوون کە لەدرێژەی گەڕان بەدووی لێ ون‌بوودا خەریک بوو بۆخۆیان ون بن و لەدنیای بوون بێ بەش. شانازی بۆ ئەوان کە ئەمجارەش گرەوی کێبەرکێیان بردەوە و چۆکیان بە هەڕەشە دادا و پشتی نەهامەتییان شکاند. ئاخرین پەردەی شانۆی مەرگ و ژیان لەدوا ئێوارە درەنگانی یەکەمین ڕۆژی دووهەمین حەوتووی سێهەمین مانگی دووهەمین وەرزی ساڵی بێ ئەژماری خەبات دا، بەرێژەی بەڕێز وەسەر کەوتنی ئەو پۆلە شانۆکارە پڕکارە و بەجێ هێشتنی مەیدانێکی پان و بەرین لە گۆشت و ئێسک و خوێن کۆتایی هات. هەرکە زەردەی خۆر ڕەنگی نەما، گوندییەکان گوێ‌یان لەزایەڵەی دەنگێکی هاوئاهەنگ و ڕیتمێکی بە نەزم بوو کە سروودی قەت نەوەستانی دەچڕی....

هەتا ئێستاش، نەکەس لەمانای ژیان دەگا و نەکەس بۆی هەیە لەڕازی مەرگ حاڵی بێ. هەرکەس بە کەیفی خۆی لێکیان دەداتەوە و لەو مانایانە دەگەڕێ کە بۆحاڵ و وەزعی خۆی دەگونجێن. ڕەنگە حاڵی بوونی پێشمەرگە لەماناکانی مەرگ و ژیان دەوڵەمەندترین و قووڵترینی ئەو مانایانە بن کە هەتا ئێستا بەدەستەوە دراون. پێشمەرگە دەیەوێ لە داری ژیان ئەوەندە میوە بەرهەم بێنێ کەبەشی هەموان بکا و بۆ ئەوەش بەو مەرامەی بگا خۆی زۆر ماندوو دەکا. کاتێکیش زانی داری ژیان میوەی هەموان نادا و تەنیا بۆ خاوەن دەسەڵاتانە، بەربینگی پێ دەگرێ و لەبەرامبەری دا ڕادەوەستێ. پێشمەرگە پێی وایە مردن ئەوەندە شتێکی بەسام نیە کە ئینسان نەوێرێ خۆی لێ بدا. هەر بۆیە هەرچەند دڵی زۆر بە ژیان خۆشە و وەدووی کامەرانیی گەل دەکەوێ، بەڵام هەرکات زانی پێویستە لەپێناو ژیاندا بمرێ لێی ناسڵەمێتەوە. ئەوە فەلەسەفەی ژیان وخەباتی پێشمەرگەیە. بۆ تاریفی ئەو وشانە، پێشمەرگە پێویستی بە نووسینی کتێب و لێکدانەوەی فەلەسەفە نیە، ئەو لەسەر عەرزی واقیع ڕاستیی ئەو مانایانە دەسەلمێنێ.



***

«من لەدایک بووی شاری نەغەدەم. لەم شارە بەداخەوە هەمیشە کێشەی نێوان ئازەری و کورد هەبوو. ئەوجار من کە زۆرم پێ‌خۆش بوو بە پانتۆڵی کوردی بچمە مەدرەسە، هەموو جارێ بە چاوی تەحقیرەوە چاویان لێ دەکردم و بانگیان دەکردمە دەفتەر و وەک دادگایی دادگایی‌یان دەکردم کە بۆ پانتۆڵی کوردیت لە بەرکردوە؟. زۆرجاران لێیان دەدام تا ماندوو دەبوون یا شولکەیان تێ‌دا دەشکاندم وزۆر جارانیش لە مەدرەسە دەریان دەکردم. ئەوە زۆری کاری تێکردم و منیش بەڕق داچووبووم و زۆرتر بە پانتۆڵەوە دەچوومە مەدرەسە. شتێکی دیکە کە زۆری کار تێکردم لە تەمەنی مێرمنداڵیم‌دا کە ئەویش ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی بوو. لەم ڕۆژەدا سێ جەنازەیان هێنابووە نەغەدە و بەگوریس لە نێردیوانیان بەستبوونەوە و هێنابوویانە ژاندارمەری ئەوشارە و لەوێش ڕا بەگەڕەکی کوردەکان‌دا بە ماشێن دەیان گێران. ئەوانیش مراد شیرێژ و دوو هاوڕێی دیکەی بوون کە لەناوچەی پیرانشار شەهید کرابوون. من زۆر نارەحەت بووم بەدیتنی ئەم دیمەنە....». ئەوە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی فەرماندە «مراد ئەحمەدی»یە کە مێژووی زیندووی ئەمجارە بەسەری کردوەتەوە.

کورد بوون و لەشاری پڕ کێشەی نەغەدە دا ژیان کردن، بە لیباسی کوردی چوونە قوتابخانە و بەو تاوانە وەبەر لێدان و تێهەڵدان کەوتن، دەگەڵ کوڕە عەجەمان ڕق بەرقە و لە شەڕە گەڕەک دا لەشکر ساز کردن ، دیتنی تەرمی تێکۆشەرانی رێی ئازادیی کورد کە چۆن بێ ڕێزییان پێ دەکرێ، و زۆر شتی دیکەش مەعلوومە تۆفانێکی بەهێزت لەدەروون دا بەرپا دەکەن کە هەر کات و سات ئیمکانی خۆدەرخستنی هەیە. هەربۆیە مرادی کوڕە کوردی بزۆزی چاونەترسی شایی بەخۆ لە دەرفەت دەگەڕا هەتا بێتە مەیدان و ئەوەی بۆ ساڵان و بەناحەق لێی قەدەغە کرابوو وەدەستی بێنێ. مراد لە دایک بووی شاری نەغەدەیە. هەر لەمنداڵییەوە هەستی بە نابەرابەری و ئازاری میللی و مەزهەبی کردوە. ئەو کوڕێکی وشیار و چاو نەترس و شایی بەخۆ بووە. قەت مانای ترسی نەزانیوە و لە پێناو دیفاع لە حەق، مایەی زۆر لە خۆی داناوە. بزۆزی و عەجوولی و شەڕەگەڕەک و ڕاوەستان لە بەرامبەر منداڵە عەجەمەکان لە تایبەتمەندییەکانی بوون و لەو هەڵڵا و گرمانە دا زیاتر وەک سەر دەستەی لایەنی کوردی نەخشی گێڕاوە.

مرادی خوێندەوار کە بەزانیارییەوە خۆی تێکەڵی خەباتکاران کرد، هەر لەسەرەتاوە بڕیاری دا چەند شت بکاتە پڕەنسیپ بۆ هەڵس و کەوت و تێکۆشانی خۆی: نەزم وەک جەوهەری کار و چالاکی حیساب بکا وله هیچ هەل‌ومەرجێک‌دا لەبیری نەکا. بەرنامەرێژی و دیققەت لەهەڵبژاردنی ڕێگا وەک سەرچاوەیەکی گرینگی سەرکەوتن بە حیساب بێنێ و دایم لەبیری بێ. ڕێزگرتن لە خەڵک و بایەخەکانی کۆمەڵ وەک ئوسوولی پێشمەرگایەتی ببینێ و بیپارێزێ. لەو بوارەدا بەتایبەت گرینگیی زۆر بەڕێزگرتن لەو شتە داوە کە پێی دەگوترێ «نامووس». مراد هەروەها لە جەنگەی کار و تێکۆشانی بەردەوامی‌دا تەنیا گرینگیی بە بواری سیاسی و نیزامیی مەسەلەی کورد نەداوە و ویستوویەتی بوارە کۆمەڵایەتی و هونەری و سروشتییەکانیشی بخاتە بەر دید و شتیان لێ فێر بێ. ئەوانەی مراد ئەحمەدی بناسن دەزانن لەجەنگەی خەباتی زۆر سەختی چەکداری‌دا ناوبراو هەمیشە دووربین بە شانەوە ئامادەی وێنەگرتن لەسروشتی کوردستان و ڕووداوە سەیر و دەگمەنەکان بوو. وای لێ هاتبوو کە وێنەکانی ببوونە سەرچاوەیەکی زانیاری و لە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی ڕا داوای لێ دەکرا ڕێگا بدا بکرێنە پۆستێر و بڵاو بکرێنەوە.

لە تایبەتمەندییە سەیرەکانی کاک مراد لەبواری کار و چالاکی و چۆنیەتیی هەواڵ وەرگرتن و بەدوادا چوون‌دا ئەوە بوو کە وەک هی کەس نەدەچوون. بۆ وێنە ئەو شتانەی بۆ ئەو زۆر گرینگ بوون لە لای خەڵکی دیکە بە هێند وەرنەدەگیران. با بزانین خۆی لەو بارەوە چیمان پێ دەڵێ:

«دەبێ بە ڕاشکاوی بڵێم شێوەکاری من دەگەڵ گشت کادر و فەرماندەکانی حیزب جیاواز بوو کە ڕەنگە پێت سەیر بێ. ئەوکات خەڵک و ئەندامان وابار هاتبوون کە هەموو شتێکیان دە شەڕ دا دەدی. بۆ وێنە هەرکەسێکت دەدی و لێت دەپرسی خەبەر چییە، پێی دەوتی دوێنێ یا فلان ڕۆژێ لە فلان شوێنەوە شەڕ بووە. من هەموو جارێ دەمگوت بابە بۆ خۆمان دەشەڕەکە دابووین و دەزانین دەسکەوت و زیانەکانمان چ بوون خەبەری دیکەم پێ بڵێ. دەیان گوت وەڵا هیچ خەبەری دیکەم نییە. یانی وا بار هاتبوون هەر شەڕ بۆ وان خەبەر بوو. من هەواڵم لە کەسانێک وەردەگرت کە کارم لە گەڵ دەکردن و بارم هێنابوون. هەرشتێک ڕووی دابا دەبوو بە وردی ئاگادارم کەنەوە. فەڕزەن لە شار بۆ من ئەوە خەبەر بوو کە ئەوڕۆ فەرماندار چی گوت یا ئیمام جومعە و کەسایەتێکانی دیکەی حکوومەتی چیان وت، دەنگۆ چ بوو دەناو شاردا، لە مەدرەسەکان و دامودەزگاکانی حکوومەتی چی ڕووی داوە و چ ئاڵوگۆڕێک کراون. هێزەکانی ڕێژیم حەرەکەتیان و ئاڵوگۆڕیان چ بووە و بەرەو چ مەسیرێک چوون و چەندی و چۆنییان. یا کێ منداڵی بووە وکوڕە یا کچە، تەسادوفات و ئاگر کەوتنەوە چ بووە و هۆی چ بوو. شەڕوناکۆکیی ناو خەڵک و ئاواییەکان و زۆر شتی دیکە بۆ من خەبەر بوون. یا بۆ کاری نیزامی هەمیشە هەوڵم ئەوە بوە کە هەڵسەنگێنم کە لە چ شوێنێک و چ کاتێک عەمەلیات بکرێن کە دەنگدانەوەی سیاسیی زۆرتر دەبێ و دوژمن زیاتری پێوە هەراسانە و غافلگیرە....»

بەو هەموو حیساب و کتێبە پاکە و ئەو گشت تایبەتمەندییە بەهێزە، دیارە تێکۆشەرێکی وەک مراد ئەحمەدی هەر دەبوو پلەی بچێتە سەر و نەخشی کلیلی لە کردنەوەی دەرگاکان‌دا هەبێ. تێکۆشەر ئەحمەدی لە ماوەی دەیان ساڵ خەبات و خۆڕاگریی خۆی‌دا بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان هەبوون:

ئەندامەتیی یەکیەتیی لاوان، ئەندامەتیی کۆمیتە شارستان هەیئەتی ئیجرایی لە پیرانشار، فەرماندەری لک، فەرماندەری هێز و بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستان. جگە لەوانە کاک مراد بۆ مەئموورییەتی تەشکیلاتی و نیزامی بۆ زۆر ناوچەی کوردستان سەفەری کردوە و ئەزموونێکی زۆری وەسەر یەک ناوە،

هەتا تیشکی خۆر بۆ زاڵ بوون بەسەر شەوەزەنگی تاردا بەڕێوەیە، مادام هاتنی بەهار مزگێنیی زاڵبوون بەسەر سەخڵەتیی زستانمان دەداتێ، چونکە شەپۆل لە دەریا نابڕێ و هەوریش بێ باران نابێ، لەبەر ئەوەی دار بێ گەڵا و گوڵ بێ بۆن و گڵ بێ پێز مانای نییە، هەتا کاتێک کەوتن هەیە و هەستانەوەش بە دوویەوە، مادام ژیان بەڕێوەیە و هەنگاوەکان بۆ پێشەوە ڕێگا دەبڕن... شک نیە خەبات بۆ ئازادییش درێژەی دەبێ و خەباتکارانی زیاتریش دێنە ئەو مەیدانی پڕ لەشانازییە. دەبا مراد ئەحمەدی‌یەکان تاوێک بحەسێنەوە چونکە ڕێگایان درێژەی هەیە.

# مەشخەڵ



عەلی فەتحی



پرۆمتێئۆس خوای ئاگر و کوڕی یاپێتۆس و کلیمێنێ بووە. خواوەند زێئۆس لەدوای شەڕی ئەستێرەکان ئەو کوڕەی خۆشویستووە و هەربۆیە ڕایسپاردووە چی پێداویستی مرۆڤ هەیە، دابینی بکا، تەنیا ئاگر نەبێ. پرۆمتێئۆس بە قسەی خواوەند زێئۆسی کرد و زۆربەی گرفتەکانی مرۆڤ چارەسەربوون. ئەو مرۆڤەکانی خۆشدەویست و هیچکات حەزینەدەکرد تووشی نارەحەتی و ئازار ببن. ڕۆژێکیان دوور لە چاوی زێئۆس بڵێسەیەک ئاگری لە قامیشدا شاردەوە و دایە دەست مرۆڤ. لەو کاتەوە کە ئینسان ئاگری کەوتە دەست، ژیانی گۆڕا. وەختێک خواوەند زێئۆس بەو کارەی پرۆمتێئۆسی زانی، سزای دا. پرۆمتێئۆسی لەسەر دوندی چیای قاف، لە قەفقاز چوارپەل بەستەوە. گشت ڕۆژێ هەڵۆیەک دەهات و جەرگی پرۆمتێئۆسی دەخوارد، بەڵام کە شەو دادەهات ئەو جەرگە دوبارە نوێ دەبووەوە. ئەو کاتە بوو کە پرۆمتێئۆس بە خواوەند زێئۆسی گوت: ڕۆژێک دادێ کە دەسەڵاتی پاشایەتیت بەسەر جیهاندا تەواودەبێ و کەسێکیتر لە شوێنی تۆ دادەنیشێ. زێئۆس باوەڕی بە پێشگۆیییەکانی پرۆمتێئۆس هەبوو. ناوبراو نیگەران لە داهاتووی دەسەڵاتەکەی، بەدوای ئەوەدا دەگەڕا کە بزانێ کێ جێگای ئەو دەگرێتەوە. لە کۆتاییدا ئیراکلیس، پاڵەوان و خوای هێز، هەڵۆکەی کوشت و پرۆمتێئۆسی ڕزگارکرد. پرۆمتێئۆس وەکوو پاداشی چاکە، ئیراکلیسی فێرکرد چۆن دەستی بە سێوەزێڕینەکان ڕابگا.

شەڕی هەسارەکان بووە و لە میتۆلۆژی یونانیدا ئاگر بەو جۆرە ڕەنگی داوەتەوە و کەوتووەتە دەست مرۆڤ. نەتەوەکانی دیکەش هەرکام بە نۆرە، خۆی لە دۆزینەوەی ئاگر بەساحێب کردووە. فیردەوسی پارس دەیباتەوە بۆ هوشەنگ پاشای پیشدادی، کاتێک ویستوویەتی مارێک بکوژێ و بەرد لە بەرد دەدا و پریشکی لێهەڵدەستێ و گڕ دەگژوگیا بەردەبێ. بەدڵنیاییەوە پێش ئەو پاشایەش بەرد وەبەردی کەوتوون و ئاگریش هەبووە، چیا بورکانییەکانیش تەقیونەوە.

میسرییەکان خۆریان وەکوو خوا پەرەستووە و حورمەتی ئاگریان گرتووە، بۆخاتری ڕۆشنایی و گەرمی ڕێزیان لێناوە و جێژن و بۆنەیان ڕێکخستووە. هیندییەکان لە کتێبی پیرۆزیاندا ئاگریان وەک خوا سەیرکردووە. چینییەکان خوای ئاگریان بەناوی تسێئووانگ بانگکردوە و پەیکەر و هێمایان لێدروستکردوە. ڕۆمییەکان باوەڕیان بە ویستا هەبووە، ئەو خوایەی هاوتای ئیستیا، خوای پارێزەری ئاگری نێوماڵ و مەعبەدی یونانییەکان و خوشکی خواوەند زێئۆس بووە. لە کلیسای کاتۆلیکدا هەمیشە پێویست بووە چرایەک داگیرساو بێ. جوولەکە شەمدانی حەوت چڵ دادەنێن و لە جێژن و بۆنەکانیاندا دەبێ مۆمەکانیان ڕۆشنبن. لەنێو هەموو نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە کوردیشەوە، ئاگر پیرۆزایەتی خۆی هەیە، سوێندی پێدەخۆن و هۆی گەرمی و ڕووناکی بنەماڵەیە. لە زۆربەی ماڵەکان پێویستە چرایەک تا بەیان داگیرساوبێ. لەکاتی ژنمارەکردن و بووک گواستنەوە، لەدایکبوونی منداڵ و لەسەر گۆڕی مردوو، بڵێسەیەک پێویستە بۆ ئەوەی سەرچاوەی ڕووناکی و گەرمی بێ. گزنفۆن، هێرۆدۆت، ستراڤۆن و زۆر مێژوونووسی دیکە کاتێک باسی نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن، دەڵێن ئاگر لای ئەو گەلانە وەکوو هێزێکی خودایی سەیرکراوە، سووتاندنی جەستەی مردوو بە ئاگر تاوانێکی گەورەیە و پێشێلی پیرۆزایەتییە و نفرەتی لێکراوە. نابێ فوو لە ئاگر بکرێ و هەناسەی پیسی مرۆڤ تێکەڵ بە ڕووناکی و گەرمی و پاکی ئەو بێ. ئەوان لەو باوەڕەدان خۆر و ئاگر سەرچاوەی گەرمی، ڕووناکی و خۆشەویستین. بڵێسەی ئاگر لە دێر و کەنشتەکان، وەک ئەوەیە پۆلێک پەپوولەن کە دوعاکان بەرەو ئاسمان دەبەن.

ئاگر بناخە و هەوێنی ژیان و بوون بووە. مرۆڤی سەردەمی کۆن پێیوابووە پێوەندییەک لەنێوان ڕۆح و ئاگردا هەیە، چونکە ئاگر سەرچاوەی وزەیە. هەرکات کەسێک مردووە، بەتایبەت ئەگەر گەورەی خانەدان بووە، لەماڵ بە خاکیان ئەسپاردوە و ئاگریان بەردەوام لە ژوور سەری داگیرساندووە. چونکە باوەڕیان بەوە بووە کە ئەو ئاگرە ڕۆحی کەسی مردووە و پارێزگاریی لەوان کردوە. وەچەکانی دواتریش، مردوویان بۆ گۆڕستان ڕاگواستوە و لەژێر کێلی قەبر قەندیلیان ڕۆشن کردوە.

دەکرێ بڵێین گرینگترین دەسکەوتی مرۆڤ ئاگر بووە. ئەو دۆزینەوەیە نەخشی لە پێشکەوتن و گەشەی شارستانیەتدا هەبوە. ئێمەی کوردیش جیا لەوەی خاوەن مێژوویەکی کۆنین سەبارەت بە ڕێزلێنان و پیرۆزایەتی بەخشین بە ئاگر، لە هەمان کاتدا بۆ پێشوەچوونی ژیان کەڵکمان لێوەرگرتوە و ئاوێتەی ژیانمان کردوە. ڕەنگە سەیر نەبێ کە لە سەردەمی ئیمپراتۆری ئەرمەنیدا، ئەوەی تیگرانی مەزنی ناوە، بەناوبانگترین ئاسنگرانی ئەو سەردەم کورد بوونە و سرنجی ئەو دەسەڵاتدارەیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاوە.

ئاگر ئەگەر هۆی پێشکەوتنی شارستانیەت و ژیانی مرۆڤ بووە، بەدرێژایی مێژووی هەست و ئیحساسیش، ئاوێتەی شێعر و نووسین بووە. تەنیا بۆ بڵێسەی ئاگر باڵای پەنجا ناوی لە زمانی کوردیدا هەیە. جیا لە گەرمی بەخشێن و ڕووناکی هەمیشە مەشخەڵی دەستی لاوانی کورد بووە. وەکوو ڕاسپاردەی پەیامی نەورۆز و نوێبوونەوەی سروشت لە دوندی چیاکان داگیرساوە. هەوێنی گۆرانی و بەیت و سروودەی سەرزاری پێشمەرگە و خۆبەختکەرانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی بووە. کاتێک کیژۆڵەی جوانی کورد مەشخەڵی نەورۆزی بە دەستیەوە گرتووە، لای من ئەو قارەمانەیە کە ئاگری پیرۆزی لە مەعبەدەکانی دێلفووسی یونانەوە بەڕاکردن بۆ کێبەرکێی ئۆلێمپیک بۆ سەرتاسەری جیهان بردووە. مەشخەڵێک بۆ دەستپێکی کێبەرکێیەکانی ڕۆحی و جەستەیی، مەشخەڵێک بۆ ڕووناکی بەخشین بە ڕێگەی سەرکەوتن. هیچ شاعیرێک لە شێعری پڕ لە سۆزیدا، خۆی لە بڵێسە و ڕووناکی و خۆشەویستی نەپاراستووە.

لەپاڵ ئەو گشتە پیرۆزایەتییە، لەبەرچاوی هەموو هەسارەکان، خۆر و مانگ و ئەستێرەکان، لەبەر ڕۆشنایی قەندیل و مۆم و چرا ڕۆشنەکان، هەستێکی گڵاویش خۆی مەڵاسداوە. هەر ئەو مرۆڤەی ئاگری بەلاوە پیرۆز بووە، لەلایەکیترەوە کردوویە بە بۆمب و گوللە و جەستەی سروشت و بوونەوەری پێکونکون کردوە. دەکرێ بڵێم ئەوەی خواوەند زێئۆس لێینیگەران بوو. ئەو بۆیە ئاگری لە پرۆمتێئۆس شاردەوە، نەک لەبەر لەدەستدانی دەسەڵاتی پاشایەتی خۆی بێ، بەڵکوو لەبەر سووتمان و زەڕ بوو. کورد چ جارێک کایەی بە ئاگر نەکرد، نەیکردە خوڵقێنەری سووتمان، بەڵکوو ئاسنی پێتواندەوە و زێڕی پێ قاڵکردەوە. ماڵ و گۆڕ و دێرەکانی پێ گەرم و ڕووناک کرد و کۆتایی بە تاریکی و شەوەزەنگ هێنا. ئاگری دایە دەست گەنجان تا موژدەی نەورۆز و نوێبوونەوەی سروشت و ژیان بە گەلان ببەخشن. ئەوە نییە گەنجی کورد، مەشخەڵ بەدەست وەکوو پرۆمتێئۆس گەرەکییەتی ڕووناکی بەدیاری بێنێ. لاوی کورد، وەکوو خۆشەویستی خواوەند زێئۆس ویستی مرۆڤەکان گەرمییان لە دەروون، لە هەست، لە ماڵ و باوەشیان گەڕێ و ڕووناکی داگیریان بکا. بەڵام مەخابن زۆر بوون مرۆڤی هەناو گڵاو ئاگرەیان کردە چەکێکی باو، بۆ کوشتن و سووتمان، بۆ ڕەشەکوژی هەست و سۆز، بۆ فەوتانی ئینسان. بەپێچەوانەی ئەو کۆمەڵە بەرژەوەندیخوازە، من کاتێک لاوی کورد دەبینم نەورۆز و مەشخەڵ و ڕووناکی، تریفەی مانگ و گزینگی خۆر و بڵێسەی مۆم لەگەڵ هەستی مرۆڤایەتی تێکەڵدەکا و دەیکا بە ئاگرێک کە ناوی هاوارە بۆ ئازادی و سەربەستی، پیرۆزایەتی ئاگر لای من پتر دەبێ. بێگومان دەڵێم ئەو لاوانە خودایانی شەڕ و سووتمان و زەڕ نین، ئەوانە پرۆمتێئۆسی سەردەمن. ئەوانە بەگژ تاریکیدا دەچنەوە، ڕۆن گەرچەکی قەندیل و نەوتی گردسۆزەکانیان تەنیا بۆ ڕووناکی زەین و هەناوی مرۆڤەکان گەرەکە. بڵێسەی مەشغەڵی دەستیان پەیامی دەستپێکی کێبەرکێی ئاشتیی و مرۆڤدۆستییە و ڕاکردنیان بەرەو بەرزایی بۆ بانگی مافخوازیی و ژیانی پڕ لە ئازادی و سەربەستییە.

# نەورۆزێک کە دەتوانێ ببێتە خاڵی وەرچەرخان



عەلیرەزا ڕەحیمی

بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بە شێوەیەکی تایبەت و شکۆمەند لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەگەرچی سەدان ساڵە نەروز وەکوو بۆنەیەکی مێژوویی لە نیو کۆمەڵگەی کوردەواری‌دا، جێگەیەکی گشتگیرو تایبەتی هەیە ومیراتی هاوبەشی هەرچوار پارچەی کوردستانە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەروپیلی بەهارچوون و بەڕێوەبردنی بۆنەکانی نەورۆز، چەند ساڵێکە گڕ وتینی جیاوازتری لە ساڵانی پێشوو وەخۆ گرتووە، بەتایبەتی گەشەی ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگی و ژینگەپارێزی‌یەکان لە ڕێکخستن و هێنانە مەیدانی چین وتوێژەکان کاریگەریی پوزەتیڤی داناوە.

ئەگەرلەسەر بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی نەورۆز لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە خێرایی ئاوڕێک بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەرەبەرە نەورۆز لە یەکخستن و یەکریزی بەخشین بە خەڵک دەوری بەرچاو و پڕ بایەخی هەبووە، لە نەریتێکی مێژوویی بەرەو بۆنێکی بان مێژوویی دەرکەوتووە.

بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە چەند ساڵێکە نەورۆز بۆتە دەرفەتێکی بەرین بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی کوردانەو بەرزکردنەوەی دەنگی شوناسخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بە پێی ئەو ئاوڕدانەوە خاوەنداریەتی کردن لە ڕێورەسمەکانی نەورۆز یەکێکە لە ئەرکە نەتەوەیی‌یەکان کە دەبێ هەموو لایەنە سیاسییە نەتەوەخوازەکان و سینف وگرووپە مەدەنی‌یەکان وە ئەستۆی بگرن هەتا دەنگدانەوەکانی دوای ڕێورەسمی نەورۆز لە خودی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکان زیاتر بێ.

مەبەست لە دەنگدانەوەش ئەوەیە کە بە ڕەچاوکردنی شێوەی بەشداریی کردنی خەڵک بە بەربڵاوی ویەکریزی‌یەوە بێ گومان دەبێ لەسەر گوتاری هاوبەشی سیاسی و بە مێتودی ڕۆژهەڵات تەوەری ئاراستەیەکی نوێ ببەخشێ.

بە شیکردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات تەوەری کە بەرهەمی سیاسەتی ژیرانەی نەتەوەخوازی‌یە و تەرکیزخستنە سەر پارچەیەک کە لە خەباتی مافخوازنەی بە شێوازی جۆراوجۆر پشکی شێری وەبەرکەوتووە، بەڵام هێشتا لە بەستێنی سیاسی و نەتەوەیی‌دا زیاترین لەمپەری لەبەردایە،دەتوانێ گرێ کوێرەکانی بکاتەوەو ڕێگەچارەیەکی مومکین وگونجاو بێ.

بەم پێشەکی‌یەوە با سەرەنجێکی زیاتر بدەینە ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکانی ساڵی ٢٧١٧ی کوردی کە دەتوانین بە خاڵێکی وەرچەخان ناودێر بکرێ بەچەند هۆکار.

**– شکڵ گرتنی خەباتی مەدەنی**

چەندین ساڵە ڕێکخراوە سێنفی وناحکوومی‌یەکان هەر لەچوارچێوەی بەربەستەکانی دەسەڵات، لە بوارە جیاجیاکان خەریکی چالاکین. بێ شک هەر هەنگاوێک کە نوێ وتازە بێ لە گەڵ دوو جۆر کۆسپ رووبەڕوو دەبێتەوە. یەکەم، کۆسپی یاسایی وحکوومی ئەویش لەو چوارچێوە داخراو و چەقبەستووەی وەکوو سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتایبەتی لە جوغرافیای کوردستان

دووهەم، فەرهەنگ وعورفی خەڵک، بەڵام ئەمڕۆکە دەبینین بە هەوڵ وماندووبوونی خەباتکارانی مەدەنی لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا، ئەو شێوە خەباتە بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردی لە ئێران تەنیوەتەوە، بەجۆرێک نیشانیان داوە کە دەکرێ لە جیاتی بێ‌تەفاوەتبوون، بە چالاکیی و وشیاری بەخشین و بەرۆژەڤ کردنی پرسەکانی پێوەندیدار بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە بەرەنگاری دەسەڵات ببیتەوە بە تێچووی کەمترەوە.

سەرکەوتنی ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگی‌یەکان و ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی نموونەی باڵان لەو پێوەندییەدا.

**– نزیکبوونەوەی گوتاری شاخ وشار لە کوردستان**

یەکێک لە خەسارەکانی سەرنەکەوتنی بزاڤی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لەپەرتەوازەیی لایەنە سیاسی‌یەکان و نەبوونیان لە فەزای واقیعی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەمتەرخەمیی لایەنە سیاسی‌یەکانە لە دوورەپەرێزی وهەوڵنەدان بۆ نزیکبوونەوە لە گەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی بەهەموو دەستکورتی و کەموکوڕییەکانیەوە.

جێگای خۆیەتی کە ئاماژە بە سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین کە چەند ساڵە بە پێی تواناو ئیمکان بەڕەچاوکردنی مەنتقی سیاسی بۆ کەمکردنەوە تا سڕینەوەی بۆشایی نێوان دیالۆگی خۆی و ویستی نێوخۆی ڕۆژهەڵات چ لەسیاسەتەکانی و چ لە ڕاگەیاندنی‌دا، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی جیدی داوە و زیاتریش دەخوازێ.

**– نواندنی روحی یەکریزی و پێکەوەبوون**

بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بە هۆی هاودەنگی لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ یەکدی و لەپێش چاوگرتنی پوتانسیەلی نەورۆز و جموجۆڵە مەدەنییەکان، لە گەڵ ساڵانی پێشووتر جیاوازیەکی تایبەت وبەرچاوی هەبوو. لەهەموو گرینگتر دەنگدانەوەی نەورۆزی جامانەکان ئاوی پاکی بەدەست مەزنیخوازی هێندیک لایەنی سیاسی‌دا کرد، کە ویستیان ئەوەبوو خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاوەنی یەک ڕەهەند بزانن، هەچەند ڕێفرێنسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی لە بۆنەکانی نەورۆزی ٩٦ی هەتاوی‌دا هەڵگری چەند پەیامی مێژوویی و سیاسی بوو.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن، ئەمساڵ لە ملکردنی جامانە لە بۆنەکانی نەورۆز بوو بە ڕەمز و پەیامی یەکگرتوویی چالاکانی مەدەنی و سیاسی و لە لایەکی دیکەش هاتنە مەیدانی خەڵک بە بەرفەراوانیەوە، باس لەوە دەکا هەرچەشنە تەبایی لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان لەسەر یەکریزی وپێکەوەبوونی خەڵک کاریگەریی ئەرینی دادەنێ.

بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵ هەر بەجامانە لە ملکردن دەستی پێکردو هەر بە جامانە لە ملکردن لە سیانزە بەدەر کۆتایی هات. ئەوە کە وەکوو ئەرکێک ماوەتەوە گرینگی دان و بیرکردنەوە لەوەیە کە ئەگەرچی هیچ بەیاننامەیەکی هاوبەش لە نێوان لایەنە سیاسییەکان لەو بارەوە واژۆ نەکرا بەڵام لانیکەم دژایەتی نەکردن لە پلانە پێویست و مومکینەکان دەتوانێ لە بەهێزکردنی گوتاری هاوبەشی سیاسی ومەدەنی ڕۆڵی هەبێ.

ڕاستە خەڵکی ڕۆژهەڵات هەمیشە سەلماندوویانە ئامادەی هاتنە مەیدانن بەڵام نابێ لەبیری بکەین کە هاوئاهانگی و نزیکبوونەوەی لایەنەکان دڵگەرمی و یەکدڵی دەخاتە نێو کۆمەڵگەو بزاوت ورەوتی خەبات خێراتر دەکا.

ئەگەرچی ناوەندە ئەمنیی و حکوومی‌یەکان ڕێگەیان بە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی بەربڵاوی نەورۆزیی لەشارە کان نەدا، بەڵام شاردێ و ئاواییەکان وەکوو ناوەندی پاراستنی کەلەپوور وکولتووری کوردەواری پێشوازییان لە خەڵکی شار کرد و خەڵکی شارەکانی کوردستانیش بە هەڵسوکەوتێکی ژیرانە بەبەشداری کردنیان لە ڕێورەسمەکانی نەورۆز لە گوند و شارۆچکەکان بەربڵاویی وشکۆی زیاتریان بەو ڕێورەسمانە بەخشی و چیتر ئاگری نەورۆز هەر لەسەر بانی ماڵان وچەند گەڕەکێک هەڵنەگیرسا بەڵکوو، نەورۆز بوو بە گۆڕەپان و کارناڤاڵی نەتەوەیی و شوناسخوازی.

کەواتە جێگەی خۆیەتی هەموو لایەنە سیاسی‌یەکان بە مەسئولیەتەوە و بەمەشوورخواردنی زیاتر هەوڵ بدەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەوامی‌یان لە خەبات وچالاکی دڵگەرمتر بکەن.

بۆ نموونە نەورۆزی تەنگیسەر کە کوردانی هەرچوار پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانی، لە دەور ئاگری نەورۆز کۆ کردەوە ، سەلماندی کە پێکەوەبوونی ئێمەی کورد وەکوو گەلانی دیکە، خەونێکی شاعیرانە نیە و دەتوانین بە زۆر ویست وخواستی دوورە دەستیش بگەین، ئەگەر خۆمان زیاتر ماندووبکەین و بەدوور لەهەرچەشنە دەمارگرژی سەرنجی واقعیەتی کۆمەڵگە بدەین.

کۆتا قسە پێشوازی و هاتنە مەیدانی خەڵکی ڕۆژهەڵات کوردستان و وڵام دانەوەیان بە بانگەشەو داواکاری چالاکانی نێوخۆ و پشگیری یەکدەنگی لایەنە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵات لەو داواکاری‌یە دەرخەری ئەوەیە کە نەورۆزی ٩٦ ئەگەر خوێندنەوەی سیاسی و مەنتقی بۆ بکرێ بۆ بۆنەکانی دیکە دەتوانێ وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان ناودێر بکرێ.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 701 4 apr 2017

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


# نەورۆزی ماناداری تەنگیسەر و، بەشداریی ۲۰ هەزار کەسی




شارەدێی خوشناو وتێکۆشەرپەروەری تەنگیسەر نزیک بە ۲۰ هەزار کوردی بە دروشمی «ئێمە پێکەوە جوانین» لە دەوری ئاگری نەورۆز و سەمای جامانەکان کۆ کردەوە.

لە شارەدێی تەنگیسەر ڕۆژی ٨ی خاکەلێوە دوای ئەوەی بەڕێوەبەران وڕێکخەرانی ڕێورەسمی نەورۆز ملیان بە تەنگەژە وکۆسپەکانی ناوەندە حکوومییەکان نەدا، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک وبێوێنە ئەو ڕێورەسمەیان بەڕێوە برد و بەهارو نەورۆزێکی جێ هیوا و ئومێدیان لە باوەش گرت.

لەو ڕێورەسمەدا بەشداریی بەرفراوانی خەڵکی کوردستان لە شارو گوندو ناوچە جیاجیاکان، شکۆیەکی تایبەتی بەو ڕێورەسمە بەخشی و جارێکی دیکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاشکاوانە پەیامی خۆیانیان هەم بە نەیاران و دوژمنانی کورد گەیاند، بەهەم خەمخۆران و تێکۆشەرانی گەلەکەیان.

تەنگیسەری خەملیو لە جوانی و، سەربەرز لە جوامێری وفیداکاری، هەزاران کەسی لە خەڵکی بەهەست وسۆزی کوردی لە ئامێزگرت و، بنەماڵەی سەرفەرازی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی وسەبەستی، بە گوڵ وشیرینیەوە پێشوازییان لە مێوانان وبەشداربووان کرد.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن ئەمساڵ لە مل کردنی جامانە لە بۆنەکانی نەورۆز بوو بە ڕەمزو پەیامی یەکگرتوویی چالاکانی مەدەنی وسیاسیو لە لایەک دیکەش هاتنە مەیدانی خەڵک بە بەرفەراوانیەوە ، باسی لەوە دەکرد هەرچەشنە تەبایی لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان لەسەر یەکریزی وپێکەوەبوونی خەڵک کاریگەریی ئەرینی دادەنێ.

# بەڕێوەچوونی دوو چالاکیی فەرهەنگی لە شارەکانی بانەو سەقز



لە شاری بانە شەوی ١١ی خاکەلێوە لە ژێر ناوی « لە گەڵ چرۆ دەگەشینەوە» کۆڕە شێعرێکی بەربڵاو بەڕێوە چوو.

لە کۆڕە شێعرە کە لە ڕۆژانی سەرەتای وەرزی ژیانەوە سرۆشت و نەورۆزی کوردەواریی پێکهاتبوو ، وێڕای خوێندنەوەی چەندین شێعر لە لایەن قەڵەمبەدەستان و شاعیرانی کورد، ڕێز لە بەشێک لە تێکۆشەرانی بواری فەرهەنگ وئەدەب گیرا.

لەو شەوشێعرەدا، هۆگرانی وێژەو ئەدەبی کوردیی لە شارەکانی بانە ، سەقز، بۆکان، دیواندرە، سنە، کامیاران، مەریوان، نەغەدە، شنۆ و پیرانشار بە شدار بوون.

هەر لە درێژەی کارو چالاکییەکانی کۆڕی فەرهەنگی و زانستی «ئەدەب»ی شاری بۆکان ، بەڕێوەبەرانی دڵسۆزو چالاکی ئەو ڕێکخراوە فەرهەنگییە لە ئاوایی بۆبۆکتانی ناوچەی سەقز کێبخانەو پۆلێکی فێرکردنی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردییان کردەوە.

لەو ڕێورەسمە فەرهەنگییەدا بەشێک لە شاعیران و نووسەرانی بەشدار، شێعر و وتاریان خوێندەوەو گرووپی سروودی کچان و کۆرانی گوندی بۆبۆکتان بە سروودی نەورۆزییەوە کۆڕەکەیان ڕازاندەوە.


# کۆتایی هاتنی خولێکی دیکەی فێرگەی زمانی کوردیی لە ئاوایی خورخورەی بۆکان




بە هاوکاری چالاکانی ئەدەبی و مەدەنیی شاری بۆکان لە چەندین گوندی ناوچەی خورخورەی گەورکی بۆکان، زاواکێو، ساردەکوێستان، خورخورە، زێڕاندوڵ و سڵامەت خولێکی دیکەی فێرکاری زمانو ڕێنووسی کوردی کۆتایی هاتو لە ڕێورەسمێکدا وێڕای بەخشینی بڕوانامە بە قوتابیان لەوحی ڕێزلێنان بە مامۆستایانش بەخشرا.

لە درێژەی ئەو ڕێورەسمە فەرهەنگییەدا کە ڕۆژی ٤ خاکە لێوە ١٣٩٦ بەڕێوەچوو، چەند شاعیرو نووسەری میوان کە لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە ئامادە بوون، شێعرو بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیانیان بەو بۆنەیە خوێندەوە.

# دیوانێکی دیکەی شیعری کوردیی بە خەرمانی شێعرەکانی کورد زیادکرا




ژنە شاعیرێکی خەڵکی شاری ورمێ دیوانی شیعری خۆی بە زاراوەی کرمانجی بڵاوکردەوە.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوودا، شلێر ئەمراەنەژاد دیوانی شیعریی خۆی بە زاراوەی کوردیی کرمانجی لە شاری ورمێ لەچاپ دا.

ئەو کۆمەڵە هەڵبەستە لەژێر ناوی «پرۆژستۆرا جیهانی» لە ٦٣ لاپەڕەدا بڵاو کراوەتەوە.

ڕێنووسی ئەو پەرتووکە بە کوردیی لاتینەو زۆربەی هەڵبەستەکانی بابەتی ژنانەو وێنای ژنانەی لەخۆ گرتووە.

شایانی باسە ئەمە یەکەم دیوانی لەچاپ دراوی «شلێر ئەمراەنەژاد»ە کە لە چەندین بۆنە و فێستیڤاڵی وێژەییدا خەڵاتی پێبەخشراوە.

دیوانی»پرۆژستۆرا جیهانی» لە چاپخانەی «عمو علوی» بە تیراژی ٥٠٠ دانە لە چاپ دراوە.

شلێر ئەمراەنەژاد ساڵی ١٣٥٨ لە ورمێ لەدایک بووە و وێڕای وەرگێڕانی کتێبی «اولدوز و کلاغ ها»ی سەمەد بێهرەنگی، لە دامەزراوەی ئەحمەدی خانی وانەی کوردیی کرمانجی بە فێرخوازان دەڵێتەوە.

## بەر لە ماڵاوایی

# ڕێورەسمە نەورۆزییەکان، وێستگەیەک بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری خەڵکی کوردستان و ئەرکەکانی سەرشانمان



سمایل شەرەفی

بەرتەسکبوونەوەی مەجال و دەرفەتەکان بۆ خۆدەرخستن و خۆنیشاندانی کۆمەڵانی خەڵکی وڵات لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا، تا ڕادەیەکی زۆر خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستانی تووشی دژواری کردوە. بۆیە ئەگەر لە بۆنەو دەرفەتێکی تایبەت‌دا کۆمەڵە جووڵەو خۆنیشاندانێک لە خەڵک دەبیندرێ، سەرەتا جۆرێک لە نامۆیی و، پاشان شۆک و، دواتر دژوارییەک لە خوێندنەوەی ڕەفتارەکان دروست دەبێ کە دووپاتبوونەوەیان بە پێی دەرفەتەکان، کۆمەڵێک هەڵوێست و خوێندنەوەی بۆ دەکرێ کە زۆرجار زۆریش وەک یەک ناچن!

ڕێورەسمەکانی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی هەتاوی یەکێک لەو دەرفەتانەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە خەڵکی کوردستان وێڕای دەربڕینی شادی و خۆشحاڵی خۆیان، بۆ گەیاندنی پەیامەکانی خۆیان بە لایەنە جۆراوجۆرەکان و پارێزگاری لە کولتوور و فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەیی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن.

ئێستا خەڵکی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە پێکهێنانی میتینگ و کارنەڤاڵی هەزاران کەسی لە دەیان شوێنی جۆراوجۆر لە دەوری یەک کۆدەبنەوەو بە پێچەوانەی دە ساڵ پێش ئێستا، «پێکەوە» ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکان بەڕێوە دەبەن. لەم ڕێورەسمانەدا کە جاری وایە یەک مانگ پێشتر لە لایەن هەیئەتێکی بەڕێوەبەری‌یەوە ئامادەکاریی بۆ دەکرێ، بە شێوەیەکی «ڕێکخراو» و «بەرنامە بۆ دارێژراو»، وتار، شێعر و گۆرانی و موزیک و هەڵپەرکێ و شانۆ پێشکەش دەکرێ و بە هەزاران کەس لە شارو گوندو ناوچەی جۆراوجۆرەوە بەشداریی تێدا دەکەن.

هەرچەند تا ئێستایش خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ پەیام و ڕاسپاردەو هەڵسووکەوت(ڕەفتار)ی خەڵک لەم دەرفەتەدا کراوە، بەڵام دیسانیش بە وردبوونەوە لە ناوەرۆکی پەیامە دووپاتەکانی خەڵک لەم ڕێورەسمانەو، بەکەم سەیرکردنی ئەم جۆرە چالاکی‌یانەی خەڵک لە لایەن هێندێک کەس و لایەنەوە، هەست دەکرێ کە نەتوانراوە وەک خۆی خوێندنەوە بۆ ڕەفتاری خەڵک بکرێ و ببیندرێ!!

جیا لەوەی‌کە ساڵ لە دوای ساڵ ئەم ڕێورەسمانە بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر و ماناداترتر لە ڕابردوو بەڕێوە دەچن و جیا لەوەیکە لەم ڕێورەسمانەدا ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەیامی بوون و بەربەرەکانێ بە دەسەڵاتی سیاسی دەگەیەندرێ، هەر لەم ڕێورەسمانەدا خەڵک ڕاشکاوانە پەیامی تایبەتی بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵاتدەنێرن. هەموو ساڵێ خەڵک لەم بۆنەیەدا بە خوێندنەوەی شێعر، شانۆ و نووسینی دروشم لە سەر پۆستێر و پلاکارتی ڕێورەسمەکان داوا و پەیام و داواکاریی خۆیانبە گوێی حیزبەکان‌دا دەدەن.

خەڵک لە ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکان‌دا وێڕای [نا] وتن بە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، داوای یەکریزی، پێکەوەبوون، هاوهەڵوێستی و یەکگرتنەوە لە حیزبەکان دەکەن. ئەوان بە تێگەیشتن لە بارودۆخی حیزبەکان، بەتایبەت لە دە ساڵی ڕابردوودا کە تووشی لێکترازان و ئینشعاب و لەتبوون هاتوون، دەرک بە دەردە گەورەکە دەکەن و تەنیا داوایان ئەوەیەک کە یەکگرتوو بن.

کە دەڵێین بەداخەوە تا ئێستا خوێندنەوەیەکی هاوبەشی دروست لە ڕەفتاری خەڵکی وڵات لە لایەن هێندێک لە هێزە سیاسی‌یەکانەوە چێ نەبووە، بەو مانایە دێت کە هەست بە زەرووڕەتی «یەکریزی و یەکبوون و یەکگرتنەوە» بۆ وڵامدانەوە بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکراوە. کەمایەسی‌یەک کە هۆکارەکەی تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ بێ‌توانایی لە خوێندنەوەو غایببوونی دەرکێکیدروست لە واقعیەتەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان.

پەرەسەندنی کاری ڕێکخراوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشی زۆری لە سەر دەستی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ناوخۆی وڵات و ئازایەتی ئەوان دروست بووە، تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی ڕەفتاری خەڵکی وڵات بەم ئاراستانەدا کە چەند ساڵێکە لە چوارچێوی ئەنجوومەن و ڕێکخراوە ئەدەبی، ژینگەپارێزی و فەرهەنگی و، بە گشتی بزاڤە مەدەنی‌یەکان و ڕێورەسمەکانی نەورۆزدادەردەکەوێ شکڵ پێ بدات. لە ئێستادا بە سەدان ڕێکخراوی مەدەنی(ngo)، ناوەندی فێرکاریی زمانی کوردی، ئەنجوومەنی ئەدەبی، ڕێکخراوی ژینگەپارێزی و گرووپی شاخەوانی و..... لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونیان هەیە کە بێگومان ڕۆڵی سەرەکی‌یان لە پەرەپێدان بە کاری ڕێکخراوەیی و بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکان‌دا هەیە. کەوابوو چالاکی و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی، تێکۆشەرانی سیاسیی ناوخۆی وڵات، هەڵسووڕاوانی ژینگەپارێزی و چالاکانی ئەدەبی و فەرهەنگی بە پێچەوانەی ئیدیعای هێندێک کەس و لایەن کە پێیان وابوو ناتوانێ هیچ دەسکەوتێکی هەبێ، توانیویەتی گۆڕانێکی ریشەیی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا پێک بێنێ و پیلانی دەسەڵات(پەراوێزخستن و لە بێ‌تەفاوەتی‌دا هێشتنەوە و کپ‌کردن) پووچەڵ بکاتەوە کە ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکانی ئەمساڵ و ساڵانی ڕابردوو باشترین بەڵگەن بۆ ئەم ئیدیعایە.

یەکێتی، یەکبوون، یەکریزی، لە دەوری یەک‌کۆبوونەوەو پێکەوە کارکردن، بەرچاوترینی ئەو تایبەتمەندی‌یانەن کە بە ڕەفتاری خەڵکی کوردستانەوە دیارە. خەڵک زۆر باش لەو واقعیەتە تێگەییوە کە، بە تاکوتەرا کارکردن لە هەر مەجالێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و هەر بوارێکی کاری مەدەنی‌دا نەتەنیا ناتوانێ سەرکەوتنی دڵخوازی لێ‌بکەوێتەوە، بەڵکوو زۆر ئاسان لە لایەن دەسەڵاتەوە بەربەستی بۆ ساز دەکرێ. بۆیە ئەمڕۆ دروشمی «ئێمە هەموومان پێکەوە جوانین» بوەتە پێناسە و پەیامی هەموو ڕێورەسم و چالاکی‌یەکی خەڵک لە ناوخۆی وڵات. ئەوان بەم دروشمە جیا لە تەعبیرکردنی هێزی خۆیان لە پێکەوە بوون و یەکریزی‌یان‌دا، پەیامێکی ڕوونیشیان بە گوێی حیزبە سیاسی‌یەکانیش‌دا داوە کە هەمووان دەتوانن پێکەوە کاراو جوان بن.

لە گەڵ ئەوەی‌کە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بە دە ساڵە بەشێوەی تایبەت و لە شێوەی کارنەڤاڵ و میتینگ‌دا بەڕێوە دەچێت، بەڵام ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکانی ئەمساڵ تا ڕادەیەک تایبەتی‌تر بوو. ئەمساڵ لە سەر داواو پێشنیاری کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی ناوخۆی وڵات، خەڵک بە گشتی بە جامانەوە لە ڕێوڕەسمەکان‌دا بەشدار بوون. بە شێوەیەک کە نەورۆزی ئەمساڵ بە «نەورۆزی جامانەکان» ناودێر کرا. خەڵک ئەمساڵ یەکگرتووانەتر و ماناداترتر لە ساڵانی ڕابردوو، بە بەکارهێنانی جەمانە وەک هێمایەک بۆ یەکبوون و یەکڕیزی، ڕوخسارو مانایەکی دیکەیان بە ڕێوڕەسمەکان بەخشی. هەرچەند دام و دەزگا ئەمنیەتی‌یەکانی ڕێژیم زۆریان هەوڵ‌دا لە زۆر شوێن پێش بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزی‌یەکان بگرن و تەنانەت لە زۆربەی شارەکان ئیزنی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەدا، بەڵام دیسانیش لە چەند شوێنێکی ناوچەکانی کوردستان کۆبوونەوەی هەزاران و دەیان هەزارکەسی بەڕێوەچوون و خەڵک بەشێوەیەکی بەرچاو جامانەیان لە ڕێورڕەسمەکان‌دا بەکار هێنا.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆزی ئەمساڵ لە ئاوایی تەنگیسەر بکەین. لە گەڵ ئەوەیکە لە لایەن دامودەزگا ئیداری و ئەمنیەتی‌یەکانی ڕێژیمەوە ڕێوڕەسمەکە حەوتوویەک دواخرا، بەڵام لە نموونەی خۆی‌دا ڕێوڕەسمێکی بێ‌وێنە بەڕێوەچوو؛ زیاتر لە بیست هەزار کەس لە سەرجەم شارو ناوچەکانی کوردستانەوە بەشداری ڕێوڕەسمەکەی تەنگیسەریان کرد کە زۆربەی نزیک بەتەواوی بەشداران بە کچ وکوڕو ژن و پیاو پیرو گەنجەوە جامانە لەمل و جامانە لەسەرو جامانە لە کۆڵ بوون. دروشمی سەرەکیی ڕێوڕەسمەکە «ئێمە هەموو پێکەوە جوانین» بوو.

ئەوەی لێرەدا پێویست بە ئاماژە پێ‌کردنە، زەروورەتی تێگەیشتن لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و، ئەو پەیام و ڕاسپاردانەیە کە لە لایەن خەڵکەوە دەگەیەنرێتە هێزە سیاسییەکان. ئەوان کە بەرپرسایەتی ڕێبەری و مودیرییەتی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکیانهەیە، دەبێ توانایی و دەرکی تێگەیشتن لەو واقعیاتانەیان هەبێ و، ئازایانە خوێندنەوەی بۆ بکەن.

ئەوەندی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەروەک لە پەیامی پیزانین و هەڵسەنگاندنی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی ئەم حیزبە بۆ ڕێوڕەسمە نەورۆزی‌یەکان‌دا هاتووە،» لە تەواوی ئەو کۆبوونەوەو میتینگ و کارنەڤاڵانەدا ئەوەی زیاتر لە هەموو بابەتێک ڕووی لە هێزە سیاسی‌یەکان بێت و بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان شیاوی لێ‌وردبوونەوەو جێگای پێشوازی‌یە، داواییەکریزی و یەکگرتوو بوونە. ئەوەڕاستیەکە کە پێشتریش لە هەموو ئاماژەو دەنگ هەڵبڕینێکی خەڵکەکەمان‌دا بەرەوڕووی حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کراوەتەوە. بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێمە، کارنەڤاڵە جەماوەری و حەماسییە پڕشکۆیەکانی نەورۆزی ئەمساڵی خەڵکیڕۆژهەڵات بە دوای هەڕەشە و پیلانگێڕی‌یەکانییەکساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی لە دژی هێزە سیاسییەکان و، پاش ئەو هەمووە زەبر و زەنگەی ئەمڕێژیمەلەم ساڵەدا نیشانی دا، سەلماندنەوەی ئیرادەی کۆڵنەدان و تەسلیم نەبوون و بەردەوامیی خەڵکیڕۆژهەڵات لە سەر خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان و هێزە سیاسییەکانی بەشدار لەوبزووتنەوەیەدابوو.»

لە کۆتایی‌دا جێی خۆیەتی بڵێین: « نابێ ئەوەمان لە بەرچاو ون بێ کە هاوکاری و یەکیەتیی کردەوەی هەمووڕێکخراوەکانیڕۆژهەڵاتی کوردستان مەرجی سەرەکیی دەرکەوتنی ئاسۆیەکی تەواوڕوون بۆ خەباتی ئەو بەشەی کوردستانە و یەکیەتی و هاوهەنگاوی هەموو هێزەکان، هەم گوڕو تینێکی تەواوتر بە بزووتنەوەکەمان دەبەخشێ و هەم خەڵکەکەشمانیەکگرتووتر دەکا و بەرەو خەباتێکی شێلگیر و یەکلاکەرەوە دەیانبزوێنێ.»